البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

Rawt News

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە ٢٨ ئازاری ٢٠٢٤

## بەبۆنەی هەشتی مارسەوە:

# بەرەو گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بەتوانای ژنان، هاوکاتی بزووتنەوەی کرێکاری ڕوو لە هەڵکشان لە عێراقدا

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا پێشوازی لە (٨)ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەین، کە تاوانەکانی جەنگی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل دژ بە دانیشتوانی غەززە بەردەوامی هەیە، و دەیان هەزار کەس، کە زووربەیان ژن و منداڵن گیانیان لەدەستداوە. ئەم کۆمەڵکوژیانە، بۆتە تووڕەیی و نارەزایەتی دەیان ملیۆن کەس، لە خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە سەراسەری جیهاندا، و دەنگیان بەرزکردۆتەوە بۆ وەستاندنی دەستبەجێ و هەمیشەیی ئەم جەنگە

ژنانی عێراق هێشتا هەر بەدەست زۆرترین زوڵمەوە دەناڵێنن، لە ژێر فەرمانڕەوایەتی میلیشیاکان و ئەم ڕژێمە ئیسلامییە تائیفی و قەومییەدا، وە لەژێر باڵادەستی بەها و یاسا پیاوسالاری و ئایینی و خێڵەکییەکاندا. تا ئێستاش ڕۆژانە، کوشتن، توندوتیژی، زیان پێ گەیاندنی جەستەیی و دەروونی، جیاکاری بەرامبەریان و بازرگانیکردن پێیانەوە ئەنجام دەدرێت، فرەژنی بەسەریاندا دەسەپێنرێت، ڕێگریان لێدەکرێت لە تەواوکردنی خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، وە کوڕان و کچانیش لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لێک جیادەکرێنەوە

هەر کاتێک ژنان لەم وڵاتەدا بەرەنگاری ئەو ستەم و نادادپەروەرییانە دەبنەوە کە لە دژیان ئەنجام دەدرێت، وەیا کاتێک خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی و یەکسانییەکانیان، و هەوڵی ئازادکردنی وزە و داهێنانەکانی خۆیان دەدەن، لە ڕێگەی بەرگری تاکەکەسی یان خەباتی بەکۆمەڵی ڕێکخراوەوە، ئەوا ڕووبەڕووی سوپایەکی پیاوسالار دەبنەوە، ڕووبەڕووی خاوەن فەتوای ئیسلامی و خێڵەکییەکان دەبنەوە، ڕووبەڕووی ڕیزێکی بەرین لە هێزی میلیشیایی و دامەزراوە و ئۆرگانە حکومییەکانی سەربە حزبە دەسەڵاتدارەکان دەبنەوە، بۆ تێکشکاندنی ئیرادە و خەباتیان

ئەمە و میلیشیاکان و دەزگا سەرکوتگەرەکانی حکومەت، کە لەلایەن ئەم یان ئەو حزبی ئیسلامی سیاسییەوە بەڕێوەدەبرێن، بە بیانووی جۆراوجۆری پڕوپووچەوە، هێرشەکانیان توندتر کردۆتەوە بۆ سەر ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە بەرگری لە ماف و ئازادی ژنان دەکەن، سنوورداریان دەکەنەوە و ڕێگریان لێدەکەن تەنانەت بۆ ڕزگارکردن و داڵدەدانی ژنانێک کە توندوتیژی کراوە بەرامبەریان و هەڕەشەی بازرگانیکردن و کوشتنیان لەسەرە

ساڵانێکی درێژ لە خەباتی ژنانە هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێنا بۆ بەدیهێنانی چەند داواکارییەکی وەک دەرکردنی یاسایەک کە لانی کەمی پارێزگاری دابین بکات لە توندوتیژی خێزانی، سزادانی ئەو تاوانبارانەی تاوان دەرحەق بە ژنان دەکەن، بێبەش نەکردنی ژنان لە سەرپەرشتی منداڵ، ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری کچانی مێرمنداڵ، ڕێگریکردن لە فرەژنی و چەند داواکارییەکی تر

وێڕای ئەوەش، لە وڵاتێکدا کە لەلایەن هێزگەلێکی گەندەڵەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێت و سامانەکەی قۆرخ دەکەن و بەتاڵانی دەبەن و بە پێی پشکپشکێنەی نەتەوەیی و تائیفی دابەشی دەکەن، وە خەریکی پیادەکردنی سیاسەتە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبراڵییەکانن بە شێوەیەکی دڕندانە و بە پێی ستراتیژ و سیاسەتەکانی بۆرژوا ئیمپریالیستی جیهانی و دامەزراوەکانیان لەچەشنی (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی جیهانی)، ژنان لەم وڵاتەدا لەوەها بارودۆخێک و لە جەرگەی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا دەژین، کە زۆربەیان بەدەست نەهامەتی ئابووری و بێکاری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و کەمیی دەرفەتی خوێندنەوە دەناڵێنن

بەڵام لەناو ئەو بارودۆخەدا، نەوەیەکی بەرفراوان لە کچانی سەرتاسەری عێراق، ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە بۆ بازاڕ و پەیاکردنی کار و سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئابوری خۆیان، بەتایبەتی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و بازاڕ و مۆڵ و کۆمپانیا ئەهلییەکان، و لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتدا. کچان و ژنان لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا جۆراوجۆرەکان دەستپێشخەر بوون لە گەڕان بەدوای کاردا لە بواری پەروەردەدا، لە هەردوو کەرتی حکومی و تایبەتدا، وە چالاکانە بەشداری خۆپیشاندانە کرێکارییەکان دەکەن بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان لە دامەزراندن و هەلی کار. تا ئێستاش ژنانی فەرمانبەر و ژنانی وانەبێژی خۆبەخش، و کادری پەروەردەیی و فێرکاری ژن، بە شێوەیەکی بەرفراوان و کاریگەر بەشدارییان کردووە لە خۆپیشاندانی کرێکارانی گرێبەست و وانەبێژان و بزووتنەوەی هەموارکردنەوەی پێوەرەکانی پلەبەندی مووچە

لە هەرێمی کوردستانیش، بەشداری چالاکانەی ستافی پەروەردەی ژنان لە نارەزایەتییەکانی ئێستای مامۆستایاندا، و پێش ئەویش بەشداریکردنی فەرمانبەرانی ژن و کرێکارانی ژن لە نارەزایەتییەکانی سەرجەم کرێکاران و فەرمانبەراندا سەبارەت بە پێدانی مووچە، دیاردەیەکی بەرچاوی ئەو بزووتنەوانە پێکدەهێنن. جگە لەوەش ڕۆڵی پێشەنگانەی کچە خوێندکارەکان لە بزووتنەوەی خوێندکاری و نارەزایەتییەکانی بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان لە هیچ کەس شاراوە نییە لەم هەرێمە

کۆی گشتی ئەم دینامیکییە کۆمەڵایەتییە، لە بەشداری ژنان و بەتایبەتیش کچان، لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی و فیکریدا، وە بەشداری چالاکانەیان لە نارەزایەتی و مانگرتنە بەردەوامە کرێکارییەکان لەم وڵاتەدا، هەروەها کرانەوەی ژنان و کچان لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەڕووی کولتووری مۆدێرن و شارستانیدا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و گەشەسەندنی کولتووری ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێکی دواکەوتوو کە هی سەدەکانی ناوەڕاست و بۆگەن بێت، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە لە سەرهەڵدان و بەجەستەبوونەوەی کولتوورێکی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتگێڕانەی کرێکاری، هاوتەریب بە کولتوور و بەها و ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری باڵادەست

ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و گەشەسەندنی داهاتووی لە سەراسەری عێراقدا، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەستە بەم پۆلە گەنجانەی ژنانی کرێکار و ژنانی بێکار و خوێندکارانی کچ و خەباتەکەیان. هەر ئەمەشە وا دەکات کە بەهێزکردن و ڕێکخستنی خەباتی ئەم توێژ و بەشە فراوانانەی ژنان و کچانێک کە ئاواتەخوازی ئازادی و یەکسانین ببێتە ئەولەویەتی ڕەوتی مارکسیستی و بزووتنەوەی ژنانی کرێکاری سۆسیالیست

لە خەباتکردندا بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگا و گۆڕینی هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە قازانجی چینی کرێکار و بەهەژارکراوان و ستەملێکراوان لە دژی بۆرژوازی و ڕژێمە سیاسیەکەی، وە بۆ بەدیهێنانی داواکاری و ئامانجە ڕزگاریخواز و سۆسیالیستییەکانیان، گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بەتوانای ژنان، هاوکاتی بزووتنەوەی کرێکاری ڕووو لە هەڵکشان لە عێراقدا، تەوەرەیەکی سەرەکی پێکدەهێنێت، نەک تەنها بۆ پێشخستنی خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان، بەڵکو بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێستا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و هێنانەدی گۆڕانکاری ڕیشەیی و جێگیر لە بەرژەوەندی خەڵکی ڕەنجدەر و ژنان و ئازادیخوازان

با لە هەشتی مارسدا خەباتی خۆمان یەکگرتوو بکەین:

- بۆ بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بەتوانای ژنان، هاوکاتی بزووتنەوەی کرێکاری ڕوو لە هەڵکشانی ئێستا
- بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی ژنانی کرێکاری سۆ سیا لیست
- بۆ بەهێزکردنی خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە، لەسەر بنەمایەکی چینایەتی کرێکاری سەربەخۆ، بۆ کۆتاییهێنان بەم ڕژێمە، و ڕزگارکردنی ژنان و هێنانەدی یەکسانییان
- بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە هەموو ئەو کۆت و بەند و نەریتە کۆنەپەرستانانەی کە مافی ژیانیان لێ زەوت دەکەن و ئازادی و هەڵبژاردنی کەسی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرتەسک دەکەنەوە
- بۆ وەستاندنی هێرشی دەسەڵاتداران بۆسەر ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە بەرگریکارن لە ماف و ئازادییەکانی ژنان
- بۆ بەدیهێنانی هەموو داواکارییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، سەبارەت بەو پرۆژە یاسایانەی کە بەرگریکارن لە ماف و ئازادی ژنان و یەکسانییان لەگەڵ پیاوان
- بۆ کۆتایی هێنانی دەستبەجێ و هەمیشەیی شەڕی تاوانکارانەی ئیسرائیل لە غەززە، و هاوپشتی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە فەلەستین

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، بەبۆنەی ڕۆژی هەشتی مارسەوە، ڕۆژی جیهانی خەباتی ژنان، پیرۆزبایی لە ژنانی عێراق و جیهان دەکات، هەروەها پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەش لە ژنانی کرێکار و ستەملێکراوی ئەم وڵاتە و ئەو ژنانەش دەکات کە هەڵگری پاسپۆرتی جیاجیان لەم وڵاتەدا. ئەمە و لێبڕاوانەش خەبات دەکات بۆ ڕزگاریی ژنان و هێنانەدی یەکسانییان

بژی هەشتی مارس

بژی سۆشیالیزم

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

(٢٣)ی شوباتی (٢٠٢٤)










## خۆشباوەڕی بە بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ پێدانی مووچە، و کەوتنە ژێر کاریگەری پڕۆپاگەندەی هێزەکانی دەسەڵات لە هەرێم، خزمەت بە بەرژەوەندی جەماوەری نارازی ناکات.

گفتوگۆی ڕۆژنامەی ڕەوت لە گەڵ موئەیەد ئەحمەد ل ٣

## هەشتی مارسی ٢٠٢٤ لە سلێمانی ل٢



چاوپێکەوتنی (ڕەوت) لەگەڵ
ل٢ چەند هەڵسوڕاوێکی مافەکانی ژنان لە بەغدا
ل٢ نەوزاد بابان: ئەم دەسەڵاتە، سی و دوو ساڵە سەرچاوەی کارەساتە
ل ٩ گۆڕانی ڕۆڵی سەرمایەدار بەشی دووەم
کەیوان نوری
ل٤ ئیکۆسۆسیالیزم لە سەردەمی ئەنترۆپۆسین:-
نەوزاد عومەر عەلی
ل٤ لە چییەوە دەست پێبکەین؟
ڕزگار عومەر
ل٤ ئازادی ڕۆژنامەگەری و پراکتیزەکردنی، ڕۆژنامەگەری ئازاد: پەیامی ڕاستینەی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەیە
عەباس داودی
ل ٩ سەرەڕای هەموو نیگەرانییەکان لە دەسەڵاتدارێتی حیزبی و بنەماڵەیی هەرێم، هێزە تایەفی و میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی بەغداش فریادڕەس نین؟!
عەلی محەمەد ئەمین
ل١٠ ١٧ی شوباتی (٢٠١١)، ئاراستەکان و گێڕانەوەی جیاواز
عەلی مەولود
ل١٠ سەرنجێک بە بیانووی هەشتی مارسەوە
سروە عومەر
بانیژەی ئەدەب و کلتوور ل٥ تا ل٨



# نەوزاد بابان: ئەم دەسەڵاتە، سی و دوو ساڵە سەرچاوەی کارەساتە



[ڕەوت: ئەمەی خوارەوە کورتەیەک لە وتەکانی هاوڕێ نەوزادە لەناو خۆپێشاندانی مامۆستایانی نارازی لە شاری سلێمانی و لە ناوەڕاستی شوباتی (٢٠٢٤)دا

دەسەڵات لە ڕێی میدیاکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کارەساتە ئیمساڵ خوێندن پەکی بکەوێت و توشی شەلەل ببێت. بەراستی ئەوە (٣٢) ساڵە ئەم دەسەڵاتە ئێمە و ئەم کۆمەڵگەیەیان توشی کارەسات کردووە، کاتێک ئێوە، وەک بزووتنەوەیەکی قەومی چەکدار، لە شاخ دابەزین و لەودیوو سنورەکانەوە گەڕانەوە بۆناو شارەکانی کوردستانی عێراق، بوون بە سەرچاوەی چەندین کارەسات بۆ خەڵکی کوردستان

نەبونی مووچە، نەبونی سوتەمەنی، نەبونی تەواویی خزمەت گوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان، هەموی دیاری ئێوە بوو بۆ ئێمە، هەمووی لەژێر سێبەری دەستەڵاتی ئێوەدا ئەنجام درا. نەک هەر ئەوەش بەڵکو ئەزموونیشتان لە (بەعس)ی فاشیستەوە وەرگرت، بۆ سەرکوتی مامۆستایان و فەرمانبەران، بۆگرتن و کوشتنی ڕۆژنامەنوس و خەڵکی نارازی و خۆپێشاندەر

بەرەی دەسەلات دەڵێن حکومەت مایەپوچ و موفلیسە، پارەی نییە بۆ دابینکردنی مووچەی مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران، بەڵێ ڕاست دەکەن! چونکە سیاسەتێکی وایان داسەپاندووە لەم هەرێمە کە هەموو پارە و سەرمایەی ئەم هەرێمە لای کۆمپانیاکانی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا و خاوەن میلیشیا کۆبۆتەوە

بەڵێ هەر ئەوانن کە قۆرخی سەرەوت و سامانی کورستانیان کردووە، ئەم سەدان ملیۆنلێر و ملیاردێرە لە ماوەیەکی کەمدا، لێرە لەم هەرێمە، چۆن هەڵتۆقیون؟! ئێوە سەیری ئەم جیاوزییە چینایەتییە گەورەیە بکەن، مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکاران گیرفانیان بەتاڵە، کەچی لەولاشەوە کەمینەیەکی مشەخۆر و ئۆلیگارشی دەستیان گرتووە بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا، وە بەئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشانی پێوە دەکەن

مامۆستایان، فەرمانبەران و خەڵکی نارازی کوردستان!

ئەوە بۆ چەند مانگە ئێوە، لەسەر شەقامن، بە مانگرتن و خۆپێشاندان، تەنها چڵە دارێک نەشکێنراوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ مەدەنیەت و زیندوویەتی ئەم بزوتنەوەیە، بەڵام دەسەڵات زۆر بێباکە و هیچ وەڵامێکی نییە بۆ خواستە ڕەواکانمان

ئەم بارودۆخە و ئەم بێ دەربەستییەی دەسەڵات ئەوەمان پێ دەڵێ کە بواری هیچ جۆرە چاکسازییەک نەماوەتەوە

مامۆستایان، فەرمانبەرانی نارازی، ئێوە کە پێشەنگ و ڕەنگ و دەنگی نارەزایەتییەکانی تەواویی خەڵکی کوردستانن، ئەم سەروەری و دەست کەوتانە نابێت بگۆڕدرێتەوە بە بانگێشەیەکی پەرلەمانی بۆ هەڵبژاردنێک کە بەڕێوەیە لە چەند مانگی داهاتودا. ئەم سیستەم و پەرلەمانە بۆگەنی کردوە هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێت وەڵام بەخواستەکانی ئێوە و خەڵکی کرێکار و زەحمەت کێش بداتەوە

وە تەنها ڕێگەیەک بۆ ڕزگار بوون لەم دۆخە و لەم دەسەڵاتە، هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە سەراپای سیتەمی سیاسی و حوکمڕانی ئەم هەرێمەدا، لە ڕێگەی خۆڕێکخراوکردنی خۆمانەوە لە ناوەندەکانی کار و ژیان و داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆمان، تا ئەم هەموو سەروەت و سامانە قۆرخکراوە، لەژێر دەستی کۆمپانیاکانیان دەربهێنین و بیگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی گشتی و ئابووری هەرێمەکە بخەینە خزمەت خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و خەڵکی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشەوە

سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی

ناوەڕاستی شوباتی ٢٠٢٤

# هەشتی مارسی ٢٠٢٤ لە سلێمانی

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی چەوسانەوە و بێمافی ژنان و لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا، (دەستەی گشتی هەشتی مارسی ٢٠٢٤) لە شاری سلێمانی هەڵسا بە سازدانی گردبوونەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری لە بەردەرکی (سەرا)ی شارەکە لە کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی هەینی (٨-٣-٢٠٢٤) و پاشان بە ڕێپێوان بەرەو (پارکی دایک) ڕۆیشتن بەدەم وتنەوەی دروشمەکانی لایەنگری لە ئازادی و یەکسانی و پێداگری لە خواستە ڕەوا و ئازادیخوازەکانی ژنان

لەم گردبوونەوەدا وێڕای خوێندنەوەی پەیامی (دەستەی باڵای هەشتی مارس)، پەیامی نوێنەری بزووتنەوەی (مامۆستایانی نارازی)، و فەرمانبەران و خانەنشینانیش خوێندرایەوە، هەروەها شیعر و سرودی ئازادی و یەکسانیشی تێدا پێشکەش کرا، ئەمە و "خەڵاتی یەکسانی" بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ڕاگەیاندرا و بەخشرایە چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنان

شایەنی باسە لەم گردبوونەوە و ڕێپێوانەدا هاوڕێیانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) وێڕای هەڵسواسینی چەندین دروشم (لافیتە) بە دیواری (بەردەرکی سەرای سلێمانی)دا، چالاکانە بەشدار ئەو بۆنە و یادکردنەوە بوون









# ڕێگری لە خۆپێشاندان و گەمارۆدانی بارەگای حزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر بە توندی مەحکوم دەکەین

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی (حزبی شیوعی کوردستان)، بەرپرسانی ئەمنی و ئیداری شاری هەولێر مۆڵەتیان نەداوە بە (کۆمیتەی هەولێر)ی ئەو حزبە کە ڕێپێوانێکی هێمنانە ئەنجام بدات بۆ بەردەم (ئەنجومەنی وەزیران)، لە پەیوەند بە بێمووچەیی مامۆستایان و کارمەندان و خانەنشینان و بێکاری و گرانی ....، نەک هەر ئەوەش بەڵکو لە (٥-٢-٢٠٢٤) بەهێزێکی زۆرەوە چواردەوری بارەگای کۆمیتە محەللییەکەیان داوە، کە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لەبەردەم بارەگاکە گردبوونەوەی نارەزایەتی تێدا ئەنجامدراوە

بەدەر لەهەر ئامانج و سیاسەتێکی سازشکارانە و چاکسازیخوازانە کە ئەو حزبە هەیەتی لە پەیوەند بە حزبی دەسەڵاتی دەڤەرەکە و لە پەیوەند بە شەپۆلی نارەزایەتییەکانی جەماوەرەوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە شکڵی خۆپێشاندان و مانگرتن لە ئارادان بەدژی (حکومەتی هەرێم) و حزبەکانی دەسەڵاتدار، ڕێگری (پاراستن)ی (پارتی) لە گردبوونەوە و خۆپێشاندان و گەمارۆدانی بارەگای ئەو حزبە، کردەیەکی ڕیسوای دژە ئازادی و سەرکوتگەرێی سیاسییە

گەرچی (پارتی) لە ڕێگەی سەرکوت، گرتن و زیندانی چالاکوانان و خەڵکی نارازی، وە لە ڕێگەی سەرکوتی سیاسی نەیارانی خۆی لە دەڤەری بادینان دەسەڵاتەکەی هێشتۆتەوە، بەڵام لە ئێستادا بارودۆخێکی قەیراناوی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بە پلەی سەرەکی ئاکامی دەسەڵاتدارەتییەکانە، ئەم کۆمەڵگەیەی خستۆتە قۆناغێکی تازەوە، کە نە جەماوەری ڕەنجدەر و ئازادیخوازی ئەم هەرێمە دەتوانن بەم شێوەیە درێژە بە ژیانیان بدەن، وە نە ئەم سەرکوتگەری و ملهوڕییەش هەروا بەئاسانی درێژەی هەبێت

ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) ئەم سیاسەتی سەرکوتگەری و زەوتکردنەی ئازدیی سیاسی، کە پیشەی هەمیشەیی پارتی و دەسەڵاتەکەیەتی لە (زۆنی زەرد)، بەتوندی مەحکوم دەکەین

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٦-٢-٢٠٢٤

# چاوپێکەوتنی (ڕەوت) لەگەڵ چەند هەڵسوڕاوێکی مافەکانی ژنان لە بەغدا

- **هەدیل وەززاح: هەلومەرجی سەخت و پڕ لە زوڵمی ژنان، ئەوانی ناچارکردووە ڕاستەوخۆ دەستبەرن بۆ خەبات لەدژی ئەم دۆخە**
- **ئیقبال سەلال: ئەم هەلومەرجە خراپەی ئێستای پەروەردە، بەشێکە لە ڕژێمێکی گەندەڵی گشتی لە عێراقدا، کە لەم کەرتەدا ئەم کاولکارییەی هێناوەتە ئاراوە**
- **سوهەیلە مەعن: (٨)ی مارس کەرناڤاڵی ڕاوەستانەوەیە بەدژی ئەو ڕژێمە سەرکوتگەرانەی ماف و کەرامەتی ژنان پێشێل دەکەن**

ئامادەکردنی (ڕەوت)

<u>ڕەوت: بەسوپاسی زۆرمانەوە، هاوڕێ هەدیل تۆ وەک میدیاکارێک لە بەڕێوەبەرایەتی هەردوو بڵاوکراوەی (نساء الإنتفاضة - ژنانی ڕاپەڕیوو) و (صدی العمال - دەنگدانەوەی کرێکار)، کە لە لایەن (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)یەوە دەردەچن، دەکرێت هەندێک دەربارەی دۆخی ژنان و ئاواتەکانیان بۆمان بدوێی، بەتایبەتی ئەو لاوانەی کە پەیوەست دەبن بە بازاڕی کارەوە؟</u>

هەدیل وەضاح: سەرەتا منیش سوپاسی ڕۆژنامەی ڕەوت دەکەم بۆ ئەو میوانداریە بە بۆنەی (٨)ی مارسەوە، کە بۆنەیەکی گرینگە لە ئاستی جیهانیدا تا لەسەر کێشەی ژنان و مافەکانیان بدوێین. بەڵێ من لە بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەی (نساء الإنتفاضة - ژنانی ڕاپەڕیوو)م، کە لە ڕاپەڕینی (ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)ەوە دەردەچێت و تا ئێستا بەردەوامە، و هەوڵدەدات بەرگری لە مافەکانی ژنان بکات لە ڕوانگە و ئاسۆیەکی سۆشیالیستییەوە

ڕاشکاوانە بڵێم، بارودۆخی ژنان لە عێراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕوا لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و نەتەوەییدا. ئەم دەستە کۆنەپەرستە سەرکوتگەرە تائفییە دەسەڵاتدارە، بەدژی هەر داواکارییەکی ڕەوای ژنان و هەر هەوڵ و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەدا دەوەستێتەوە کە پشتیوانی مافەکانی ژنان و یەکسانیان بکات. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بەجددی کار دەکات بۆ داسەپاندنی یاسا و ڕێسایەک کە ڕێگا دەدەن بە چەوسانەوەی ژنان و ستمکردن لێیان و درێژەدان بە پاشکۆییان بۆ پیاوان و لەگەڵ بکوژی ژنانیشدا نەرمی دەنوێنێت. ئەمە تاریکترین دەورانەکانی ئەم کۆمەڵگەیە کە ئەم هێزانە بە پشتیوانی ئەمەریکا دەسەڵاتیان گرتە دەست

بەڵام هەلومەرجی سەخت و پڕ لە زوڵمی ژنان، ئەوانی ناچارکردووە ڕاستەوخۆ دەستبەرن بۆ خەبات لەدژی ئەم دۆخە، هەروەک لە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)دا بینیمان کە مەیدانەکان پڕ بوون لە کچان و ژنان، وە بەشێوەیەکی چالاک بەشدار بوون و خواستەکانی خۆیان بەرزکردبۆوە بۆ ڕزگاربوون لەم ڕژێمە

ئەمڕۆش لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری لە عێراق، ژمارەیەکی فراوان لە کچان پەیوەست بوون بە بازاڕی کارەوە، و توێژێکیش شکڵی گرتووە لە کچان و ژنان کە گوێڕاڵی هێزە ئایینی و خێڵەکییەکان نابن، وەک کاردانەوەیەکی سروشتی لەبەرامبەر ئەو ستەم و چەوسانەوەی چەندین دەیەیە لەسەر ژنانی عێراق

بەڵام کارم لە بڵاوکراوەی (صدی العمال - دەنگدانەوەی کرێکار)، کە تایبەتە بە کێشەکانی کرێکاران، سەرنجی خوێنەرانتان بۆ بەشداری فراوانی ژنانی کرێکار و کارمەند ڕادەکێشم لە خۆپێشاندان و مانگرتن و نارەزایەتییەکاندا. لەوانە بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکانی کەرتی پیشەسازی و نارەزایەتیی هەڵگرانی بڕوانامە بەرزەکان و داواکانیان بۆ دامەزراندنییان، وە خۆپێشاندانی ئەو دەهەمین کەسانەی کە دەرچووی نمرە یەک بوون، وە لەم دواییانەشدا بەشداری بەرفراوانی کچان و ژنان لە بزووتنەوەی هەموارکردنەوەی پلەبەندی موچە. لە سەرجەم ئەو خۆپێشاندانەدا بەشداری کچان و ژنان یەکجار گرنگ و کاریگەر بوو، وە بڵاوکراوەکەمان هەڵساوە بە ڕووماڵکردنیان

بێگومان هێشتا پێویستمان بەکاری ڕێکخراوەیی و یەکخستنی ریزەکانمان هەیە. پێویستە وەک بلۆکێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی هەنگاو بنێنین. پەرەپێدان و بەهێزکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتەکانی ئەمڕۆ پێویستی بە ڕێکخستن و کاری جددی هەیە لەگەڵ توێژ و بەشە چەوساوەکانی تری کۆمەڵگە، ئەمە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەوە دەخوازێت کە دەست بگرین بە ئاسۆی سۆشیالیستی لەم وەرچەرخانە مێژوویەدا

<u>ڕەوت: سوپاس هاوڕێ ئیقبال بۆ ئامادەبیتان، تۆ ئەندامێکی چالاکی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنستی)ت لە بەغدا، هەلومەرجی مامۆستایان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق چۆنە؟ ئایا هیچ سەندیکایەک هەیە کە خواستەکانیان نوێنەرایەتی بکات؟</u>

ئیقبال سەلال: سوپاس بۆ ئێوە و بۆ خوێنەرانتان. مامۆستایان لە ڕووی ژمارەوە یەکێک لە گەورەترین توێژەکانی کەرتی گشتی پێکدەهێنن لە عێراق. هەر قوتابخانەیەک بگری لە ڕۆژێکدا دوو و سێ، بگرە چوار دەوامیشی تێدا دەکرێت و لە پۆلێکیشدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خوێندکاران ئامادەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری کەمکردنەوەی کاتی دەوام و تێکچوونی بەرنامەکانی خوێندن و وانە وتنەوەی ڕۆژانە. هەموو ئەرکەکەش وەک فشارێکی گران دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا و بەرپرسن لەوەی هەوڵێکی زۆر بدەن و توانایەکی زۆر بخەنەگەڕ تا ڕۆڵی خۆیان ببینن هەم وەک مامۆستا و هەم وەک پەروەردەکار، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەت پێداویستییەکانی مامۆستایان دابین ناکات و هیچ جۆرە پشتیوانییەکیان ناکات، هەتا کاتێک کە دەکەونەبەر هەڕەشە و دەستدرێژیش. هەر بەوجۆرەش بەڕیوەبەرانی خوێندگاکانیش لانی کەمی بەرپرسیارەتی لەخۆیان نانوێنن و نەخشە و پلانی دەسەڵاتی پیادە دەکەن

ئەم هەلومەرجە خراپەی ئێستای پەروەردە، بەشێکە لە ڕژێمێکی گەندەڵی گشتی لە عێراقدا، کە لەم کەرتەدا ئەم کاولکارییەی هێناوەتە ئاراوە و هەردوو ئەم توێژە گرنگە کۆمەڵایەتییەی مامۆستایان و قوتابیانی توشی نەهامەتی کردووە. ئەمانە هەردوکیان ستەملێچوانی دەسەڵاتی گەندەڵن، کە هیچ بەرپرسیارەتییەک لەبەرامبەر ئەم کەرتەدا هەڵناگرێت، وە لەنێو ئەم گەندەڵییەشدا، ئەو موچەیەی مامۆستایان وەریدەگرن یەکجار کەمە لەچاو ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن و ئەو فشارەی کە لەسەریانە

(سەندیکای مامۆستایان) هەیە هەرچەندە بانگەشە و پروپاگەندەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی مامۆستایان دەکات، بەڵام واقعی حاڵ، پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت. لەڕاستیدا ئەم سەندیکایە چوارچێوەیەکی بەتاڵە و سەر بە دەوڵەتە، وە لەم بارودۆخە تراژیدیایەی مامۆستایاندا هیچ بەرگرییەک لە خواست و داواکارییەکانیان ناکات و بەپێی پلان و نەخشەی دەسەڵاتی گەندەڵ کار دەکات

بۆیە دەبینین لە ئێستادا جموجوڵێک لە ئارادایە تا مامۆستایان هەوڵبدەن نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لە هەوڵی هێنانەدی ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆدا بن لە چەشنی سەندیکا یا یەکێتییەکی مامۆستایان و لەبەرامبەر دەسەڵاتداران بوەستنەوە، و ئەو ڕەگەزە بنچینەییانە بەدەستەوە بگرن کە پرۆسەی خوێندن بەرەو پێشەوە دەبات کە دەسەڵاتە گەندەڵە پشتگوێی خستووە و لە لێواری داڕوخانی نزیک کردۆتەوە

<u>ڕەوت: هاوڕێ سوهەیل ئێوە لاوانێکن هیوا و ڕۆشنایی گۆڕانی کۆمەڵگەن بەقازانجی ژنان و بزووتنەوەی ژنان و سوشیالیستی. پەیامی ئێوە چییە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان لەم بۆنەیەی (٨)ی مارسدا؟ ڕۆژی ئازادی و یەکسانی</u>

سوهەیلە مەعن: ، ٨ مارس بۆ ژنان، گوزارشە لە ئامانجە ڕزگاریخوازەکانی ئەو، ئەم ڕۆژە کەرناڤاڵی ڕاوەستانەوەیە بەدژی ئەو ڕژێمە سەرکوتگەرانەی ماف و کەرامەتی ژنان پێشێل دەکەن. ئەم ڕۆژە، ئەو پیاوسالار و کۆنەپەرستانە دەترسێنێ، کە هەوڵدەدەن دەمی ژنان داخەن

(٨)ی مارس، تەنها ڕۆژێکی ڕاگوزەری ئاهەنگ گێران نییە، بەڵکو ڕۆژێکی خەبات و شۆڕشگێڕانەیە، کە ژنانی ڕزگاریخواز تیایدا بەدەنگێکی بەرز ڕووبەڕووی کۆنەپەرستانی دەستەڕاستی توندڕەو دەبنەوە.

بۆ دەبێ کاری نێو ماڵی تاقەتپروکێن و داسەپاو بەسەر ژناندا بە کار حساب نەکرێت بۆ کۆمەڵگە؟ ئەمە خاڵێکی دەستپێکە، وە ئاساییە

(٨)ی مارس، سەکۆیەکە بۆ خەبات لەپێناو هەڵپێچانی زوڵم و زۆری لەسەر ژنان و دانپیانی لە لایەن کۆمەڵگەوە وەک ئینسانێکی هاوتای پیاو بە تەواوی ماف و ئازادییەکانیەوە، ئێمە ڕێگە نادەین لەمە زیاتر نێرسالارانی کۆمەڵگە ماف و کەرامەتمان پێشێل بکەن

ڕەوت البدیل OCA

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# خۆشباوەڕی بە بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ پێدانی مووچە، و کەوتنە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی هێزەکانی دەسەڵات لە هەرێم، خزمەت بە بەرژەوەندی جەماوەری ناڕازی ناکات.

## گفتوگۆی ڕۆژنامەی ڕەوت لە گەڵ موئەیەد ئەحمەد

### ئەنجامدانی گفتوگۆ: جەمال کۆشش

**ڕەوت: سوپاست دەکەین هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە. بۆ ماوەی زیاتر لە (٥) مانگ مامۆستایان مانگرتنیان کرد، بۆ داخوازی زۆر سەرەتایی و ئینسانی، بە شێوەیەکی فراوان پێشوازی کرا، وە هەروەها دابینکردنی موچە ماوەیەکی زۆرە بۆتە کێشەیەکی واقعی و پێویستی بەچارەسەر هەیە، تۆ ئەم کێشەیە چۆن دەبینیتەوە؟**

موئەیەد ئەحمەد: زۆر سوپاس هاوڕێی ئازیزم جەمال کۆشش بۆ ڕەخساندنی ئەم فرسەتە

لەوەڵامدا با سەرەتا ئەوە بڵێم؛ کاتێک کە حکومەت و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکیەتی)، دەستیاندایە ئەوەی موچەی فەرمانبەران و کرێکاران و مامۆستیان و خانەنشینان و خاون پیداویستییە تایبەتەکان و بیمە کۆمەڵایەتیەکانیش ببڕن، هەر لە سالی (٢٠١٤) وە، ئیتر ئەوە واقعێکی نیشاندا، ئەویش ئەوەیە کە هەردوو حزب و دەسەڵاتەکەیان نەک هەر باکیان نییە و نەبووە لەم نانبڕینەی هاووڵاتیان، بەڵکو وەک سیاسەتێکی فەرمی خۆیان ئەم کارەیان ئەنجامدا و هەتا ئیستاش بەردەوامن و سوورن لەسەری. بەم پێیەش خۆپێشاندانەکانی ئەو توێژانەیان بەتوندی سەرکوت کردووە کە بەرووی ئەم سیاسەتە وەستاونەتەوە، ئەمە سەرباری کوشتوبڕی ڕاپەرینەکانی خەڵک

هەر لەم ڕاستیاشدا، بەدەر لە پاساوی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، بەتایبەت (پارتی)، کە حکومەتی بەدەستە، سەبارەت بە نەناردنی پارەی موچە لە بەغداوە، ئەو پرسیارە سادەیە دێتەئاراوە بەرووی (پارتی) و (یەکێتی) دا: گەر کێشەکە تەنها حکومەتی مەرکەزییە کە پارە نانێرێت، ئەی ئێوە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران ئەکەن لە هەرێم وفشارئەهێنن بۆ کۆتاییهێنان بە بایکۆت؟

بەهەرحال، موچەنەدان و پاشکەوتکردنی زۆرملێی موچە، و زۆربوونی باج و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان و هەڵاوسانی پوڵی بەجارێک ئاستی باشبژێوی زۆربەی خەڵکی کوردستانی نزمکردۆتەوە و توشی هەژاری و نەدارییەکی بەرینی کردوون. ئەم زەمینەیە کە بایکۆتی مامۆستایان و بزووتنەوەی نارەزایەتییەکانی لێکەوتۆتەوە لە (زۆنی سەوز)ی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی کە بۆ زیاتر لە (٥) مانگی خایاند و ئیستاش ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە ئارادەیە

ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە (زۆنی سەوز)دا قەتیس مایەوە و نەتوانرا گرەکەی بگاتە (زۆنی زەرد)ی ژێردەسەڵاتی پارتی بەهۆی سەرکوتگەری (پارتی)، بەڵام خۆی لە خۆیدا بزوتنەوەیەکی بەرین بوو لە (زۆنی سەوز) دا، و لە حساباتی (یەکێتی) و هیزەکانی ئۆپۆزسیونێش دەرچوو، کە هەریەکەیان بە شیوەیەک ئەیانویست بەهرەبەرداری سیاسی لێبکەن، هەر بۆیە کەوتنە فشار دانان لەسەر مامۆستایان بۆ شکاندنی بایکۆتی خۆیندن

ئەم بایکۆت و خۆپێشنادانانە ئەرکێکی قورس و باجێکی گەورە وگران بوو کە مامۆستیان و خۆیندکارانی قوتابخانە حکومیەکانی هەرێم دایان لەپیناو دەسراگەیشتنی بزوتنەوەی مامۆستایان بە ئامانج و داواکاریەکانیان کە لە پێنج خاڵدا کۆبووتەوە؛ پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا، گەڕاندنەوەی مووچەی کەڵەکەبووی نەدراو، ئەکتیڤکردنەوەی سیستمی پلەبەرزکردنەوەی وەزیفە، دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژی خۆبەخش، هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینی لە هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی

**ڕەوت: دادگای باڵای عێراق، بڕیارێکی لە بەرژەوەندی مامۆستایان و فەرمانبەران دەرکرد، کە حکومەتی عێراق بەرپرسیار دەکات لە دابینکردنی موچەکانیان، بە توێژەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینانەوەش، تۆ ئەم بڕیارە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

موئەیەد ئەحمەد: بەشی هەرە زۆری مامۆستیان و مووچەخوران و خانەنشینان دڵخۆشن بەم بڕیارە و بوەتە ئۆمێدێک بۆیان بۆ چارەسەری کێشەی موچە. منیش بەشداری خۆشحاڵیانم گەر ئەم بڕیارە هەنگاوێک بێت بۆ چارەسەری کێشەکەیان. دیارە ئەوەش جیگەی داخە کە باسمان لە چارەسەری کێشەیەکە کە لە بناغەدا ئەبوایە رووی نەدایە

ئەڵبەتە ئەم بڕیارە بڕیاری دادگای ڕژێمی بورژوا ناسیونالیست و ئیسلامیزمە کە هێزی سەرکی و هێزمۆنداری نێویی لە ئیستادا حزب و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەیە کە لە هاوپەیمانی "چوارچیوەی هەماهەنگی"دا یەکیانگرتووە. هەروەها سیاسەت و تەکتیکی ئەم هاوپەیمانییەیە کە مەرامی سیاسی تایبەتی هەیە لە کەمکردنەوەی ئوتۆریتەی سیاسی و ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان و (پارتی)

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە، کە نە بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی و موتمانەکردن بەم دادگایە و بە ڕژێمی ناسیونالیست و ئیسلامی بەغدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری ناڕازی کوردستان و چارەسەری کۆتایی و جێگیری کێشەی موچە ئەکات، و نە کەوتنە ژێر کاریگەری تەبلیغاتەکانی هێز و حزبەکانی ناسیونالیزمی کورد بە تایبەت (پارتی) و بەشێک لە بەناو ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیست و میدیاکانی کە مەسەلەی موچە پەیوەست ئەکەنەوە بە چارەنوسی قەبارەی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە

ئەم بڕیارە گەر جێگیر ببێت و جێبەجێ بکرێ بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکانی هێزەکانی دەسەڵات شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێت لە قەبارەی سیاسی هەرێم و درێژەدانی دەسەڵاتی (پارتی) و (یەکێتی) بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، هەرچەندە هەردوو حزب بە تەیابەت (پارتی) زەربەی ئابوری و سیاسی بەردەکەوێت و قورسایی چەپۆکی حوکمی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە کەمتر ئەبێتەوە

هەربۆیە باری قورسی ئەم دۆخە و کابوسی دەسەڵات بەگشتی ئەمێنێتەوە، و ئەوە نادروستە کە جەماوەری ناڕازی لە هەرێم غافڵگیر بن. پیویستە لەجیاتی کەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی پڕۆپاگەندەی ناسیۆنالیزم و (پارتی) و (یەکێتی)، سوود لەم دۆخە و ناکۆکیەکانی ڕژێمی بەغدا و هەولێر، وەربگرن. هەر بەمپێیەش مووچەخوران لە پیشە جۆراوجۆرەکانیاندا ئەتوانن لە هەوڵی گۆرینی هاوسەنگی هێزی چینایەتییان بن لە بەرژەوەندی خۆیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا، و سەرقاڵی بەهیزکردنی خەباتی یەکگرتوویان بن، و ڕێکخراو و تۆرەکانی خەباتیان پانوپۆرتر و بەهیزتر بکەن و نەقابە و فیدراسیۆنە سەربەخۆکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکارن دروست بکەن و بیسەپێنن بەسەر دەسەڵاتدا

**ڕەوت: ئایا زەمانەتی هەیە جێبەجێ بکرێت؟ یان بڵێین چی زەمانەتی دەکات؟**

موئەیەد ئەحمەد: هێچ زەمانەتێک نییە لەلایەن حزب و هێزەکانی ڕژێم لە مەرکەز و هەرێم کە پابەند بن بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم بڕیارە هیچ یەک لە داوکاریەکانی تری بزووتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایانی وەڵام نەداوەتەوە

جەماوەری بەهەژارکراوی هەرێم کەوتونەتە نێوان دوو هێزی دوژمنکار پێیان کە ڕژێمی بەغدا و دەسەڵاتی هەرێمە. تاکە ڕێگەی دەرچوون لە چنگیان پشتبەستنە بە خەباتی یەکگرتوویان و ئاسۆی ڕۆشن و سەربەخۆی سیاسی و ئابوری چینایەتییان، و کۆڵنەدان لەم خەباتە بۆ سەپاندنی داواکاری و مافەکانیان بەسەر هەردوو دەسەڵاتدا

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەسەڵات لە هەرێم هەمیشە بێباک بووە لە ئاستی کێشەی موچە و باری سەختی ژیان و گوزەرانی جەماوەر و موچەخۆران، و هەتا بۆی لوا بێت دریغی نەکردووە لە سەرکوتی نارەزایەتییەکانیان، و هەروەها ڕژێمی مەرکەزیش هەدەفمەندانە سیاسەتی خۆی لەم بارەیەوە پیادەکردووە و سوودمەند بووە لە سەرجەم ئەم بارودۆخەی بۆ جەماوەری هەرێم هاتوتە پێش، بەڵام ئەمە تا ئەبەد سەرناگرێ بۆیان. بە هاتنەمەیدان و سووربوونی موچەخوران لەسەر داواکارییەکانیان و بەردەوامدان بە خەبات، هەم فشار دروست ئەکەن لەسەر ڕژێمی هەرێم و هەم لەسەر ڕژێمی مەرکەزی، و لە شۆێنیشکدا ئیتر ئەبێتە کێشە بۆ هەردوو ڕژێم و ناچار ئەبن وەڵامێک بدەنەوە بە داواکارییەکان هەر وەک لە ئیستادا ملیان داوە بەوەی ئەو کارە بکەن

هەردوو ڕژێمی هەولێر و بەغدا دەرگیری کۆمەڵێک قەیرانی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابوورین کە بوەتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بەرین وقوڵ، و هیچ ئەڵتەرنەتیڤ و پلانێکی ئابوری تریان نییە جگە لە زیاتر بەرین کردنەوە و توندوتیژ کردنەوەی سیاسەتی ئابوری سەرمایەداری نیولیبرالی و پشتبەستن بە بازاڕ. ئەمەش یانی وەبەرهێنانی گەندەڵکارانە و پریڤەتایزەکردنی زیاتر و وەلانانی خزمەگوزارییە گشتییەکانی چەشنی تەندروستی و خۆیندن و خانووبەرەی کۆمەڵایەتی و بواردانی زیاتر بە گەندەڵی و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە. ئەمەناش هەمووی نەک هەر کێشەی بێکاری و بێ دارمەتی زۆربەی جەماوەر چارەسەر ناکات، بەڵکو هەرساڵە ڕیزی بێکاران زیاتر دەبێت و جەماوەرێکی بەرینتر هەژارتر و باری گوزرانیان سەختتر ئەبێت

**ڕەوت: زۆربەی لێکدانەوە و ڕەخنەکان لە دەوری سیاسەتەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەسوڕێنەوە سەبارەت بە پرسی بڕینی مووچە و دواخستنی، و ناچنە باسی ڕیشەیی ڕەهەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم کێشەیە و کاریگەریەکانی، بۆچی ئەم بۆچوونە بەربڵاوە بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان؟**

موئەیەد ئەحمەد: کێشەیەکی بناغەیی باس و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەربارەی ڕەوند و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و کێشمەکێشەکانی نێوان ڕژێمی مەرکەزی عێراق و هێزەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمدا ئەوەیە کە بە مێتۆد و تیۆری و لۆجیکی بورژوا ناسیونالیستی کورد ئەکرێت. ئەمەش بەسروشتی ئەبێتە خولانەوە لە بازنەی دەرەکی ڕەووەندەکانی نێو کۆمەڵگە و کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و فەرهەنگی و چینایەتییەکانی، و ئەبێتە بەرخوردکردنی سەرەوەیی و داپچراو لە کۆمەڵگە لەگەڵ سیاسەت و کێشە سیاسییەکاندا. ئاشکرایە ئەم شێوە بەرخوردەش پێچەوانەی تیۆری و لۆجیک و مێتۆدی کۆمەڵایەتی و چینایەتی مارکسییە بەگشتی لە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردندا

دیارە ئەم کەلتورە ڕەخنەگرییە ناسیۆنالیستییە کە لە رووکەشی سیاسی کێشمەکێشی نێوان ڕژێمی هەرێم و مەرکەز، و ململانێی ئەم حزب و ئەو حزبی ناوخۆی کوردستان و کێشە لاوەکی و پلە دووەکاندا قەتیس بووە و ئەخولێتەوە، بۆ خۆی مێتۆد و لۆجیک و تیۆرییەکی چینایەتی بورژوازییە، و دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر چینەکان و هەبوونی خەباتی چینایەتی خاڵی دەستپێکردنی نییە، و بەدوای ئەوەشەوە نییە کە خاسیەتی چینایەتی سیاسەت و تاکتیک و فەرهەنگ و کێشمەکێشەکان وەک خۆیان چۆنن ئاوا دەریان بخات. ئەمەش بۆ ئەوەی خەسڵەتی چینایەتیانەی سیاسەت وەلانێ و درێژە بە قەوارەی سیاسی ناسیونالیزم و ڕژێمە سیاسییەکەی ئیستای بدا وەک بەرجەستەبوونی شتێک لەخۆیدا و ئەبستراکتێکی داماڵراو لەهەر خاسیەتیکی ڕیاڵیستانەی سیاسی و جیۆسیاسی و چینایەتی

لێرەدا بواری ئەوە نییە کە بچینە ناو ووردەکاری ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ سیاسەت و کۆمەڵگە و بۆ وەڵامی تێروتەسەل بەو پرسیارەی کە بۆچی ئەم جۆرە ڕەخنەیە سایەی کردووە بە سەر فۆرمی بیر و ڕەخنەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ ئاماژە بەوە بدەین کە لە لایەنێکی سەرەکیدا هۆکاری ئەم سایەکردنە ئەگەڕێتەوە بۆ زاڵی فیکر و ئاسۆی سیاسی ناسیونالیستی بەگشتی و ڕۆڵی میدیای زەبەلاحی حزبەکانی دەسەڵات و حزبە بورژوا ناسیونالیست و ئیسلامی و نیولیبراڵەکان. و دیارە پێش ئەمانەش هەمووی زاڵی بنەمای ئابووری و ماددی کاپیتالیستی نیولیبراڵی تاڵانگەرا و بەرژەوەندی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا

زاڵی ئەم جۆرە لە فیکر و مێتۆدی ناسیۆنالیستی مەمەڵە لەگەڵ سیاسەت، پێشتر سەروکاری هەبوو بە بەردەوامی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەوا بۆ (٣٣) ساڵ ئەچێ ناسیونالیزم و حزب و هێزەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتدارن و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیان بونەتە ئەزمونی تاقیکراوە بۆ جەماوەر، و هەروەها ستەمی نەتەوایەتی و بەرنگاری ئەو ستەمە دەمێکە بەشیک نییە لە ڕەوەندی سەرەکی سیاسی و دینامیزمی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەگەر ڕونتر بڵێین ناسیونالیزم نەک هەر دەسەڵاتی گرتووتەدەست، بەڵکو لە پرۆسەیەکی حوکمڕانی دوورودرێژی سێ (٣) دەیەیدا ناکۆکییەکانی خۆی پەرەپێداوە وەک بزووتنەوە و دەسەڵات و ڕژێم و ئەم ناکۆکیانەش بەرجەستەبوونەتەوە لەسەرشانۆی مێژوو، و جەمسەرگیریان خۆڵقاندوە لە نیوان دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردی و هەمان جەماوەری کۆمەڵگەی کوردستان کە گوایا بڕیار بوو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم ڕزگارکەری بێت لەستەمی نەتەوایەتی، و هەر لەم بنەمایەشەوە "شەرعیەتی"! حوکمرانی بەخۆی ڕەوا ببینیٚ بە ناوی نەتەوەوە

پەیوەندی دەسەڵاتی ناسیونالیستی و حوکمرانی دوو حزبی میلیشیایی و کۆماندۆزدار و سەرکوتگەر بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە گەیشتۆتە دۆخێک کە خەستبوەتەوە لە پەیوەندی سافوسادەی تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، و بەهەژارکردنی زۆربەی جەماوەر و سەرکوتکردنیان. ئەمەش وەک ڕەوندی ئابووری و سیاسەتی فەرمی ڕژێمی ناسیونالیستی بۆ بەڕیوەبردنی ئابوری سەرمایەداری نیولیبرالیزم و گەشەپێدانی ئەم مۆدێلە ئابوورییە نەک وەک بەلارێدا چوونی ئەم دەسەڵاتە و بەدکاری و چەتەگەریان، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو ئەمانش ئەگرێتەوە. لە ڕەوەندێکی ئاوەهادایە کە موچەبڕین مانای ڕیاڵیستی خۆی پەیدا ئەکات و ئەبێتە پراتیکێکی نۆرماڵ بۆ دەسەڵات و سەرکوتی خۆپێشاندەرانیش ئەبێتە ئەرکی سیاسی دەسەڵات



بۆیە کاتیک دەسەڵات و حزب و هێزەکانی، هەروەها حزبە ناسیونالیست و ئیسلامی و نیولیبراڵە ئۆپۆزسیونەکانی لە هەرێم باس لە پرسی موچە و گیروگرفتەکانی ئەکەن، قەت نایەنەوێت لە بەرژەوەندی مامۆستایان و کریکاران و فەرمانبەران و بەهەژارکراوانی هەرێم کار بکەن. ئەوان یا لە بەرژەوەندی خۆیان بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێم (وەک ئەوەی پارتی ئەیکات)، یاخود لە بەرژەوەندی قەوارەی سیاسی و ئیداری زۆنێک (کە زیاتر یەکێتی بەدواوەیەتی) و یا بۆ ساتوسەوادی پەرلەمانی و هەڵبژاردن (کە هیزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەم کارە ئەکەن)، دەڕواننە مەسەلەی موچە و ئەم بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی عیراق

بۆیە هەموو ئەم حزب و تاقمانە یا باس لە باشی ئەم بڕیارەی دادگا ئەکەن، ئەڵبەتە بە شیوەی جۆراوجۆر، یا بەڕوویدا ئەوەستنەوە، و ئیتر قسەیەک لە ئارادا نییە لەسەر ژیانی مامۆستایان و کرێکاران و فەرمانبەران و خانە نشیانان و جەماوەری بەهەژارکراو و گوزەرانیان و ئایندەیان و سیاسەتی سەربەخۆیان وەک توێژەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی بەرین. هەروەها باسیکیان نییە کە ئەم توێژگەلە ناڕازیە خۆپێشاندان و بایکۆتیان کردووە و بونەتە ڕەنگ و دەنگێکی جیاوازی چینایەتی لە ڕەوەندی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگەدا و تەوەرەیەکی سەرەکی پێشرەوی کۆمەڵایەتیی پێکئەهێنن گەر دەستیان بە سیاسەت و ئاسۆی چینایەتی سەربەخۆی خۆیان بگات

کاتیک کە مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران پێدادەگرن لەسەر جێبەجێکردنی داوکارییەکانیان، و دێنە سەر شەقام و بایکۆت ئەکەن، و ئەچن لە گۆرەپانی ئازادی لە بەغدا خۆپێشاندان ئەکەن، و کاتێک ڕیزەکانیان یەکئەخەن، و بەدژی هەر ساتوسەوادیەک ئەوەستنەوە کە بە ژیان و گوزەرانیانەوە ئەکری، و پروپاگەندەی ژەهراوی دەسەڵات و حزبەکانی بەریان پێناگری، ئەوا ئەوان سیاسەتی سەربەخۆی خۆیان پراتیک ئەکەن وەک توێژگەلێک. پەیوەندی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بە خەباتی جەماوەری چەند مانگی ڕابردووەوە پەیوەندی لەبارابردنی بزووتنەوەکە و بەهربەرداریە بۆ بڵاوکردنەوەی وەهم بە پەرلمان و ساتوسەودای پەرلەمانی و ئەجیندەی ئیسلامیزم و نیولیبراڵی دژە کرێکار و زەحمەتکێش

**ڕەوت: هەرکاتێک دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارێک بە دژی حکومەتی هەرێم دەردەکات، ناسیۆنالیزمی کورد تۆنێک و ڕیهۆرتریکێکی شۆرشگێری چەواشەکارانەی دەستدەکەوێت، دادگای باڵاش مقەستێکی سیاسی نیشان دەدات، جەماوەری عێراق هیچ بەرژەوەندییەکی دژ بەیەکیان نییە، بەڵام هێزێکی هاوبەشی چینایەتیشیان لە خۆ نیشان نەداوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، ئەم خەڵکە هێزێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی گوزارشتیان لێ بکات؟**

موئەیەد ئەحمەد: دەمێکە ئەو خەباتە ئینترناسیۆنالیستییە کاتی هاتووە و بوەتە پرۆسەیەکی ڕیاڵیستی خەباتی چینایەتی هاوچەرخ لە کۆمەڵگەی عێراقدا

بزوتنەوەی کرێکاری لەسەرجەم عیرقدا و لە هەرێمی کوردستاندا ئەمرۆ لە هەڵکشاندایە هەرچەندە بەرەووری زۆر کۆسپ و تەگەرەیە، بەڵام بەرەوپێشچوونی زیاتری کاریگەری ئەبێت لەسەر گۆرینی ڕاستەوخۆی ڕەووەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی عێراق و هەرێم

یەکخستنی خەبات لەسەر بنەمای چینایەتی سەربەخۆ و بەرەوپێشبردنی خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی مامۆستایان و کرێکاران و فەرمانبەران لەدەوری بەرژەوەندی سەربەخۆی خۆیان بۆخۆشی زەمینەیە بۆ پەرەسەندنی هاوخەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەسەر ئاستی عیراق و وڵاتانی ناوچەکەش

ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و نیولیبراڵەکان و ڕەوتەکانی تری بورژوازی هەردەم لە هەوڵدان ئەم هاوخەباتە چینایەتییە سەربەخۆیە کریستەڵایزە نەبێت کە هەر لە سەرەتاوە، لە فۆرمێکی کۆرپەیی، کارەکتەری ئینتەرناسیۆنالیزم و سۆسیالیزمی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە. ئەوان لە هەوڵدان پێناسەی ئینسانی کرێکاران، و بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەش و ئینتەرناسیۆنالیستیان تەمومژاوی بکەن، و لەسەر بنەمای ڕەگەز، مەزهەب، ئایین، ڕەنگی پێست و.. هتد، دابەشبوون لە نێوانیاندا بچێنن

گەر سەرنج بدەینە بارودۆخی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و کریکارییەکانی عێراق لەم دەورەیەدا ئەبینیین لەکاتیکدا کە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان و سەرجەم موچەخوران و خانەنشینان لە هەرێمدا بەردەوامە، بزووتنەوەی کریکاران و فەرمانبەرانیش بۆ هەموارکردنەوەی پلەبەندی مووچە لە هەڵکشاندایە لە ناوەڕاست و خواری عیراق و پاریزگاکانی تر و هەروەها خەباتی سەندیکا کرێکارییەکان و چالاکەوانانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کەرتی پێشەسازی هەردەم بەردەوامە بەدژی سیاسەتی ئابوری نیولیبراڵی دەوڵەت و پریڤەتایزکردنی کۆمپانیاکانی ئەم کەرتە و لەسەرکاردەرکردنی کریکاران و سزادانی چالاکەوانەکانیان

مەسەلی بناغەیی ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیەی کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم، وە بزوتنەوەی هەموارکردنەوەی پلەبەندی مووچە لە شوێنەکانی دیکەی عیراق، لە دۆخی جیاوازدان لەباری داوکاریەکانیانەوە، بەڵام لێکهەلپێکراون و تەواوکەری یەکترن، و هەروەها بەرنگاریی کرێکارانی پێشەسازیش لەبەرامبەر هێرش و سیاسەتی ئابووری دەوڵەت، سەنگەرێکی گەوەرە و پرباپەخی خەباتی کرێکارانە دژ بە جەنگی چینایەتی بورژوازی و دەوڵەت بۆ سەر چینی کریکاری سەرجەم عیراق

بورژوازی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و قەومی و نیولیبراڵ و ساتو سەودایان لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە بەغدا و هەروەها هاوپەیمانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، بۆ خۆیان هاوکاری چینایەتییانە بۆ ڕاگرتنی سەرجەم سیستمی سەرمایەداری لەسەرئاستی عێراق و کوردستان. لە پەیوەند بە خەباتی یەکگرتوی بزووتنەوەی کرێکاری لە عێراقدا ئەم هێزە بورژوازیانە نەک هەر زەربە لەو خەباتە ئەدەن و جەماوەری بەهەژارکراوی هەردوولا سەرقاڵ ئەکەن بە کێشەکانی خۆیانەوە، و تۆی دووبەرەکی لە ناویاندا ئەچێنن بە جیاوازینانەوە لەسەر بنەمای تایفی و قەومی و دینی و ڕەگەزی و جنسی، بەڵکو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی چەشنی (نەوەی نوێ) هاوپەیمانی پەرلەمانی پێکدهێنێ لەگەڵ پەرلەمانتارە دژە شۆڕشەکانی (ڕاپەرینی ٢٠١٩)ی عێراق

بزوتنەوەی کریکاری کە ئەمرۆ لە هەڵکشاندایە پێویستی بە دیدگا و ئاسۆ و ئەجیندایەکە کە لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی لەسەرتاسەری عێراقدا بەرەوپێش بچێ. مەرجی ئەم پێشکەوتنە نەک هەر سنووربەندییە لە نیوان خۆیان و بزوتنەوە و ڕەوت و حزبە قەومی و ئیسلامی و تایفیەکانی دەسەڵات لە عێراق کوردستاندا، بەڵکو سنووربەندی کردنیشە لە بەرامبەر دەوری چەواشەکارانەی هێزەکان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن. سەرباری ئەمانەش ئەم پێشکەوتنە ئەوە ئەخوازێ کە بزوتنەوەی کرێکاری خەتی جیاکەرەوە خۆی بکێشی لەنیوان خۆی و ئەو بەشەش لە چەپ کە نامۆیە بە بزوتنەوەی ئنتەرناسیۆنالیستی کرێکاران و یەکێتی خەباتیان لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە و نایەوێت ئەم یەکێتییە ئینتەرناسیۆنالیستییە بەرجەستەببێتەوە

ئەوە ڕەوتی مارکسیستی و پرۆلیتاریای سۆشیالیستە کە ئەتوانی وەڵامدەرەوەی ئەم مەسەلە گرنگەی خەباتی چینایەتی ئەمرۆی بزوتنەوەی کرێکاری بێت و ئاڵای سەربەخۆیی چینی کرێکاری سەرتاسەری عیراق بەرز ڕابگرێ و خەباتی پەیگیرانە بکات بۆ فەراهەمهێنانی بزووتنەوەیەکی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەهێز لەسەر ئاستی ناوچەکە

**ڕەوت: هاوڕێ موئەیەد، هەر لەم پەیوەندەدا و بەبۆنەی نزیکبونەوەی (٨)ی مارس، لەنێو نارەزایەتیەکاندا، بەشیوەیەکی گشتی بوونی کۆمەڵایەتی ژنان، سیمایەکی تری بە ناسنامەی جوڵانەوەکە بەخشیوە، تۆ هاوبەشیمان دەکەی لەو بۆچوونەدا؟**

موئەیەد ئەحمەد: بەڵی ئەو سیما کۆمەڵایەتییەی ژنان لەناو نارەزایەتیاکاندا هەیە و سەرنج ڕاکێش و گرنگە. دەوری چالاکی ژنان لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا بەشێکی ئۆرگانیک و لێکهەڵپێکراوی خەباتی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکارانە و دیاردەیەکی سروشتی بزوتنەوەیەکی چینایەتی وەهایە. هەروەها ڕۆڵی ژنانی فەرمانبەر و کرێکار لە بزووتنەوەی هەموارکردنەوەی پلەبەندی مووچەش لەسەر ئاستی عیراق دیار و بەرچاوە

گەر بەراوردی دەور و نەخشی ژنان لە هەڵچوون و ڕاپەرینەکاندا بکەین لەگەڵ ئەم بزووتنەوە کریکاریانەدا ئەبێنن کە هەبوونی سیمای کۆمەڵایەتی ژنی کرێکار دیاردەیەکی بەرجەستەیە لەچاو ڕاپەرینەکانی وەک (ڕاپەرینی ٢٠١٩)ی پاریزگاکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق و هەڵچوونەکانی لاوانی هەرێم کە زیاتر دەوری گەنجانی کوڕی تیدا بەدی ئەکرا

ئەوەی کە چەند ئەم بزوتنەوەیەی موچەخوران بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانی بەهێزی ژنان دەهێنییتە ئاراوە پەیوەستە لەلایەک، بەچوونە پێشەوەی بزووتنەوەکە خۆی، چونکە هەر پێشکەوتنێک لەسەر بنەمای چینایەتی سەربەخۆی مامۆستایان و کرێکاران و فەرمانبەران زەمینەی ماددی ئەرەخسێنی بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان، و لەلایەکی ترەوە و بەپلەی سەرکی، پەیوەستە بە ڕۆڵ و خەباتی ژنانی ئازادیخواز وسۆشیالیستی مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکار کە ئاسۆی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی ژنانیان بەرز ڕاگرتبێت لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا و لەئاستی کۆمەڵگەدا

بەشداری بەرچاوی ژنانی مامۆستا و فەرمانبەر و کریکار لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەم دەورەیەی هەرێم بە سروشتی کاریگەری هەیە لەسەر پرسی ژنان، چونکە بیر و هۆشی ڕادیکاڵانە و شێلگیری ژنان لە سەر مافەکان و داوکاریە پیشەییەکانیان زەمینەیێکی ماددی ئەرەخسێنی کە ڕۆڵی کاریگەرش ببینن لەسەر پرسی ئازادی و یەکسانی ژن لەناو ئەم بزوتنەوەیدا و لە چوونە پێشەوەشیدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە

**ڕەوت: چ بەتراکت و لافیتەکان و بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنستی یەوە بۆ (٨)ی مارس، مەنهەجێکی سیاسی بەرجەستەکراوەتەوە رووی لە دیاردەیەکی نوێیە لەبزوتنەوەی ژناندا، کە ژمارەیەکی زۆری کچان دێنە نێو ریزەکانی چینی کرێکاری عێراقەوە، لەکارگە و فرۆشگا و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، ئایا بەمانای لێکهەڵپێکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە دێت؟ بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاری؟**

موئەیەد ئەحمەد: بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان پەیوەندیکی چینایەتی توندوتۆڵ گرێیانئەداتەوە بەیەکتر، و لەڕووی مێژوویـیەوە بزتنەوەی ژنانی کرێکاری مارکسیست دەوری کاریگەریان هەبووە لەناو بزوتنەوەی سۆشیالیستیدا بۆ ئەوەی ئەمەی دووهەم خۆی کامڵ تر بکات و پرسی ئازای و یەکسانی ژن هەرچی زیاتر بەشێک بێت لە ئەجیندا و بەرنامە و پراتیکی. خەبات بۆ ڕزگاری ژنان لە هەر کۆت بەندیک پێش هەر شت پەیوەندیکی توندوتۆلی هەیە بە ڕزگاربوون لە کوت و بەندی سیستمی چینایەتی سەرمایەداری کە بناغەی هەر هەڵواردن و نایەکسانییەکە

باری کۆیلەئاسای ژنان لە عیراق لە ژێر سایەی ڕژێمی ئیسلامی و قەومیدا و بەهێزکردنی دەور و نەخشی دامەزراوە دینی و عەشیرییەکان کە دژی ژنانن و گەشەدان بە بەها و ترادسیۆنە پیاوسالارییەکان، پرسی ژنانی کردۆتە مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەمەگیر و گرنگ لەعێراقدا. بەم پێیەش باسکردن لە وەریخستنی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی ڕزگاریبەخشی بەهێز بەبێ پەرەدان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و لێکهەڵپێکرانی بەم بزووتنەوە سۆشیالیستیەوە، باسێکی نادروستە. ڕزگاری ژنان و خەبات بۆی لە سنتەری ئەجیندە و پراتیکی ڕەوتی مارکسیستی و پرۆلیتاریای سۆشیالیستدایە

ئەمرۆ لە بەرامبەر ئەم دۆخە کارساتبارەی ژنان لە کۆمەڵگەدا، و لەهەناوی گۆرانکاریەکدا کە لە ئاکامی بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی کچان و ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هاتوتە ئاراوە، زەمینەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی بەهێزی ژنان زیاتر گەشەی کردووە

لە مێژە ژنانی کرێکار و کچانی گەنجی کرێکار و بێکارکراو و دەرچووانی زانکۆکان و پەیمانگاکان و کچانی قوتابی، بونەتە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە ئەتوانێ بڕبڕەپشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان پێکبهێنن لە عێراقدا، وە ئەم بزووتنەوەیە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بەهرەمەندە

ئەوەندەی پەیوەندی بە بزووتنەوە نارەزایتییە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی کرێکاریەوە هەبێت، ڕۆڵی ژنان لە نێویاندا بەرجەستەیە و ئەمش دیاردەیەکی گرنگی کۆمەڵگە و دینامیزمی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەتی

مەسەلی گرنگ ئەوەیە کە تیوری و جیهانبێنی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانی مارکسی بە دوای بەدەستهێنانی تیۆری و سیاستی دروست بێت لە بەرامبەر کۆی ئەم دیاردانەی کە بە شیوەیەکی هاوکات سەریانهەڵداوە لە ڕەوندی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عیراقدا، و هەروەها لە خەباتدا بێت تا بە شیوەیکی سیسماتیک بتوانی ئاسۆ و ئەجیندی کار بۆ بەرەوپێشبردنیان فەراهەم بهێنێ.

بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی چینی کرێکار لە دنیای هاوچەرخدا و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانی ژنانی کرێکار و بەهەژارکراو لە خەباتیکی لێکهەڵپێکراودان و یەک بزوتنەوە پیکئەهێنن. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە بتوانی هێزی بزوێنەری شکڵگیری بزووتنەوەیەکی فراوان و بەرینی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوزانەی ژنان بێت لەسەر ئاستی سەرجەم کۆمەڵگە. بەبێ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانەی بەهێزی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تەحەققی خۆی ناکات وەک بزووتنەوەی ئازادیبەخشی سەرجەم کۆمەڵگە، و ئەرکەکانی فەراهەمهێنانی ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەش سەختر و کێشەدارتر ئەبێت.

٣ مارسی ٢٠٢٤

https://www.facebook.com/muayad.ahmed1

https://twitter.com/muayadahmed1

# ئیکۆسۆسیالیزم لە سەردەمی ئەنترۆپۆسین:-

## نوسینی : نەوزاد عومەر عەلی

سەردەمی ئەنترۆپۆسین... یان سەردەمێکی تازەی جیۆلۆجی، کە دەرئەنجامی کاریگەری چالاکییەکانی خودی مرۆڤە لەسەر هەسارەی زەوی، مشتومڕێکی گەرم لەنێو کۆمەڵگەی زانستیدا دەگوزەرێت سەبارەت بەوەی کە ئایا هەسارەی زەوی چووەتە سەردەمێکی نوێی جیۆلۆجییەوە، واتە سەردەمی ئەنترۆپۆسین یان سەردەمی جیۆلۆجی مرۆڤ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئایا ڕۆڵ و هۆکاری سەدە زەمەنییەکان (الدهور الزمنية ) لە دارشتنی نەخشەکانی ژیان و چینە نیشتنییەکانی زەویدا وەک ئەوەی لە چەرخەکانی سەهۆڵبەندان تاکو چەرخی هۆلۆسین ڕوویان داوە کەمبووەتەوە؟

چونکە لە چەرخەکانی کۆندا جیاواز لە چەرخی ئەنترۆپۆسین کۆی گۆرانکاریەکانی هەسارەی زەوەی لە دەرەوەی ڕۆڵی مرۆڤدا بووە، بەڵام سەردەمی ئەنترۆپۆسین تایبەتمەندە بە زیادبوونی کاریگەری چالاکییەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی ڕەگەزی مرۆڤ بە گشتی لە گۆڕینی بارودۆخی ژینگە و کەش و هەوا و هەموو سیستەمە گرنگەکان لە سەرانسەری جیهاندا، هەر ئەوندەش نا، بەڵکو بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو

یەکێک لە پرسیارە هەرە دیارەکان ئەوەیە: ئایا سەردەمی ئەنترۆپۆسین بەڕاستی کەی دەستی پێکردووە و هۆکارەکانی چین؟ هەسارەی زەوی بە کۆمەڵێک سەردەمی جیاوازدا تێپەڕیوە، سەرەتا لە سەردەمی هەدینەوە (Hadean - دهر الجهنمي) تا دەگاتە دەگاتە سەردەمی فانێرۆزۆیک (Pha-nerozoic - دهر البشري)، و تا دەگاتە ژیانی هاوچەرخ کە بە سەردەمی هۆلۆسین(Holocene) ناسراوە، سەردەمی هۆلۆسینیش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تاکو ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین بە تەواوی کۆتایی هاتووە

ئەمەش خاڵی ناکۆکی و جەددەلی زاناکانە، هەندێک پێیان وایە لەگەڵ قۆناغی شۆڕشی کشتوکاڵدا دەستی پێکردووە، بەڵام زۆری لێکۆڵینەوەکان ئیشارە بەوە دەکەن کە ڕێژەی گۆڕانکارییەکانی بەرگەهەوای زەوی لەو سەردەمە دا زۆر کەم بووە بۆیە قۆناغی شۆڕشی کشتوکاڵ بە درێژکراوەی سەردەمی هێرۆسین ئەژمار دەکرێت

هەندێکی تر لە زاناکان سەرەتای سەردەمی ئەنترۆپۆسین بە شێوەیەکی کرداری دەبەستنەوە بە سەرهەڵدانی یەکەم شۆڕشی پیشەسازی لە ساڵی (1776)دا. کاتێک مرۆڤ دەستی کرد بە بەکارهێنانێکی تازە بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی زەوی وەک خەڵوزی بەردین و نەوت و غاز، کە بونە هۆی گەرمبونی گۆی زەوی بە شێوەیکی چاوەڕوان نەکراو، و بەرز بونەوەی پلەی گەرمای هەسارەی زەوی، هەندێکی تر پێیان وایە بە شێوەیەکی کرداری لەگەڵ بەکارهێنانی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لەساڵی (1945)وە دەستپێدەکات کە بوە هۆی بڵاوبونەوەی تیشکی ئەتۆمی لە هەموو جیهاندا

جیهان لە سەردەمی ئەنترۆپۆسیندا دەسوتێت... ومرۆڤایەتیش لە کۆتایی مێژوودا دەژێت، لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی ژینگە، بەشێوەیەکی جۆراوجۆر وەک:- گۆڕانی کەشوهەوا و بە ئۆکسیدوونی زەریاکان، تێکچوونی خولی نایترۆجین، بە بیابانبوون، داخوران و سوانی خاک، و لەدەستدانی بایۆلۆجیە جۆراوجۆرەکان، لە بنبەستێکی تەواو چاوەڕواننەکراو نزیک دەبێتەوە

ئەمە ووتەی فرانسیس فوکویاما بوو لە ساڵی (1992)دا، لە کتێبی ( نهاية التاريخ والإنسان الأخير)، هەروەها دەڵێت سەرکەوتنی جیهانگیری و نیولیبراڵیزم، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە، جگە لە زیادبوونی خێرایی کاریگەری ژینگەیی لەسەر زەوی بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە، ئەوەی پێی دەوترێت (ئەنترۆپۆسین) شتێکی تر نییە، سەردەمێکە ڕەوتی گەشەکردنی ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زەمینییەکان زۆر بەخێرایی تێیدا ڕوودەدەن، وەک داری هۆکی (Hockey stick) بەچەپ و ڕاست کاری خۆی دەکات

هەموو ئەو قەیرانە ئابووری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشانەی سەرمایەداری لە سیستمی جیهانگیری و نیولیبراڵیزمەکەیدا، لە بەرامبەردا، ئەو هیوایەی دروست کردووە، کە مارکسیزم لە ئێستادا چانسی زیندووبوونەوەی هەیە ئەگەر بتوانێت، تەنها لە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نەوەستێت، بەڵکو دەبێت دیدێکی کۆنکرێتیشی بۆ کۆمەڵگەی پۆست سەرمایەداری هەبێت، چونکە گرنگی ڕەخنە ئیکۆلۆژی (علم البيئة ) یەکانی مارکس لە سەرمایەداری، لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، زیاتر بۆ هەموومان ڕوونبوونەتەوە. ئەگەر چی لە سێ چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەو ڕەخنانە تەنانەت لەلایەن مارکسیستەکانەوەش بەهەند وەرنەدەگیران، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی مارکس لە سەرمایەداری لە سەردەمی ئەنترۆپۆسیندا

لە بەرامبەر زیادەڕەوی بەرهەمهێنان وهێزی مۆنیزمی(الأحادية ) باڵادەستی سەرمایەداری، بەسەر خاوەندارییەتی ئامراز وئامێرەکانی بەرهەم هێنان، وکۆنترۆڵکردنی پلانی بەرهەمهێنان، وچۆنیەتی دابەشکردنی بەرهەم، لە ڕێگەی حوکمڕانیکردنی چینێکی کەمینەوە بەسەر ئابووری سیاسی جیهاندا، لە پێناو خزمەتکردنی بازارە نەک سەرەوەری مرۆڤ، لە پێناو کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە بۆ چینێک کە کەمتر لە (1%) کۆمەڵگەی هەموو جیهان پێکدەهێنن

کۆهی سایتۆ مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی تۆکیۆ. لە هەردوو کتێبی (مارکس لە ئەنترۆپۆسین... بەرەو بیرۆکەی گەشەکردنی کۆمۆنیزم)، و کتێبی (ئیکۆسۆسیالیزمی کارل مارکسدا)، کە لە ساڵی (2017 ) خەڵاتی یادەوەری دۆیچەری بەدەستهێنا، لەو توێژینەوەیە ڕۆشنایی نوێ دەخاتە سەر مشتومڕەکانی ئەم دواییە لەسەر پەیوەندی کۆمەڵگە و سروشت، هەروەها بانگهێشتی خوێنەران دەکات بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی پۆست سەرمایەداریدا، جارێکی تر شکستی سۆسیالیزمی سەدەی بیستەم دووبارە نەبێتەوە. هەروەها ڕاشکاوانە حیکایەتەکانی گەشەی ئەبەدی سەرمایەداری ئیدانە دەکات، باس لەوە دەکات، کە سیستەمی سەرمایەداری هەموو ئامانجێکی کەڵەکەبوونی بێکۆتای سەرمایەیە، لەسەر هەسارەیەکی سنووردار لە سامانی سروشتی، هۆکاری بنەڕەتی تێکچوونی کەشوهەوایە لە سەدەیەی ئێستادا کە تێیدا مرۆڤ بووەتە هێزێکی جیۆلۆجی گەورە (ئەنترۆپۆسین)

سەرمایەداری جیهانیی بە شێوەیەکی بەرچاو دەستکاری تەواوی هەسارەکەی کردووە، هیچ سروشتێکی پاک و خاوێنی نەهێشتۆتەوە. دواجار بناغەی شارستانیەتی مرۆڤی هەژاندوە و لە دژوازییەکدا لە نێوان هێزی بەرهەمهێنەر و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنادا دەسوڕێتەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی دەریا، ئاگرکەوتنەوە، شەپۆلی گەرما و گۆڕانی شێوازی بارانبارین، پەتا، شەڕ و تێکچوونی کەشوهەوا هەموو نیشانەکانی کۆتایی مێژوون. لەڕووی دیالکتیکییەوە ئەوە نیشان دەدات کە کۆتایی سروشتە

دیموکراسی و سەرمایەداری و ئیکۆسیستەمەکان (النظم البيئية )لە قەیرانی درێژخایەندان. لەگەڵ ئەو هەموو ئاگاداریکردنەوانەش لە لایەن زاناکاناوە، کە زۆر باش ئاگاداری ئایندەی ژیانی ئینسانەکانن کە بەرەو کارەسات دەڕوات، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکات، بەدیلێکی بۆ ستەمی زیادە بەرهەمهێنان و زیادەڕۆیی لە بەکارهێناندا نییە

لە کاتێدا سیستەمی سەرمایەداری ئەمریکی، لە (٪6) ی دانیشتوانی هەسارەکە پێکدەهێنێت، بەڵام هۆکاری پسبوونی لە (٪25)ی تێکچوونی کەشوهەوایە. سەرەڕای هۆشداری و زانیاری و دژایەتی بەردەوامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لە بەکارهێنانی سووتەمەنی بەردین لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، کە دەبێتە هۆی داماڵینی خێرا و قووڵی کاربۆن، کە دەتوانێت بگاتە پلەی گەرمی (1.5 ) پلەی سەدی، وگوێنەدانی سیستەمی سەرمایەداری بەرامبەر بەو ڕەخنەو نارەزاییانەی کە لە ڕێککەوتنەکانی یانەی پاریس دەگیرێت، هیچ هیوایەک نیە کە بڵێین بەم زووانە ئەو کارە ئەنجام دەدات

لە بەرامبەردا وەک پێویستییەکی حەتمیی بۆ گۆڕانکاریی بەرفراوان لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا، بۆ پاراستنی هەسارەی زەوی لە چاوچنۆکی ئەو چینە کەمە، لەپاش پەتای کۆرنا وجەنگی ئۆکرایناوە، کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ سەریانهەڵداوە، هەندێک لەو بیرمەندانە وەک سلاڤۆی ژیژەک (Slavoj Zi-zek) و ئەندریاس مالم(Andreas Malm) لە پێناو گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی سەرمایەداریی سەردەمی ئەنترۆپۆسین. بانگەشەی جێبەجێکردنی کۆمۆنیزمی جەنگ( فیسینخا) دەکەن.*

تەنانەت لە نێو بیرمەندە غەیرە مارکسییەکانیشدا. گفتوگۆیەکی چڕ هەیە لەسەر ژیانی پاش سەرمایەداری، بۆ نموونە قسە کاریگەرەکەی تۆماس پیکێتی کە دەڵێت کاتی سۆسیالیزمە

ئیکۆسۆسیالیزم، یان سۆسیالیزمی سەوز (الاشتراكية البيئية )، ئایدۆلۆژیایەکە کە لایەنەکانی سۆسیالیزم، سیاسەتی سەوز، ئیکۆلۆژی و جیهانگیری بەدیل یان دژە جیهانگیری لە خۆدەگرێت، ئیکۆسۆسیالیستەکان بە گشتی پێیان وایە کە فراوانبوونی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری هۆکاری پەراوێزخستن، و بێبەشکردن و دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیی و هەژاری و شەڕ و خراپبوونی ژینگەیە، لە ڕێگەی جیهانگیری و کۆمپانیا فرەنەتەوەکانەوە

تەواوی ئەوەی کە ناوی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە، ئەو مۆدێرنیتەی کە جیهان دەکاتە مادەیەکی بێ کەڵک کە هیچ پیرۆزییەکی نامێنێت، کە هێزدارەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیقۆزنەوە. وە جیهان وەک بابەتێکی بەکارهێنان و سەرچاوەی کەرەستەی خاو و هێزی کاری هەرزان و خاکێکی بێ مرۆڤ دەبینێت



ئیکۆسۆسیالیستەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دووبارە گرنگیدان بە خاوەندارێتی هاوبەش لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن هاوبەرهەمهێنەرە ئازادەکانەوە و گەڕاندنەوەی هاوبەشە جیهانییەکان دەکەن، کە بریتیین لە سەرچاوەی نێودەوڵەتیی، سەرچاوە سروشتییە هاوبەشەکانی زەوی بریتین لە ئۆقیانوسەکانی سەرەوە، بەرگەهەوا، بۆشایی ئاسمان، ڕەنگە فەزای ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت)یش بکەوێتە چوارچێوەی هاوبەشە جیهانییەکانەوە.

سەرچاوەکان:-

1- https://www.hisour.com/ar/anthropocene-39286/

2-الرأسمالية أم الديمقراطية.. تأليف: مارك فلورباييه

3- الوجيز في تاريخ نيوليبراليزم .... ديڤد هارڤي

4- نهاية التاريخ والإنسان الأخير ....فرانسيس فوكوياما

5- Marx in the Anthropocene / KOHEI SAITO

# لە چییەوە دەست پێبکەین؟

## ڕزگار عومەر



سروشتی سیاسەت ئەوەیە کە ئاڵۆزە، بە تایبەتی لەبەرامبەر هێزەکانی چەپدا، نەک لەبەر ئەوەی توانایان لە هێزەکانی تر کەمترە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک ئەو ئەرکانەی ئەوان دەیانەوێ جێبەجێیبکەن گەورە و ترسناکە! لەسەر ئەم ئامانجانە بزووتنەوەی چەپ بەشی زۆری بە دەستی ناسیۆنالیزمەکانی وڵات سەرکوت کراوە، بەشێکیشی وازی لە چەپ بوون هێناوە و "مەسخ" کراوە و بووە بە بڵندگۆی نەعرەتەی قەومی و بە دوای ڕاگرتنی ئیمتیازاتی ئەو دۆخە مێژووەدایە کە نرخەکەی بریتییە لە زەلیل کردنی زیاتری شوناس و پێگەی بزووتنەوەی چەپ

لە بەرامبەر ئەم دۆخە مێژووییە ناهەموارەدا، لەنێو بەشێکی زۆر لە ئەندامان و هەوادارانی حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی چەپدا جۆرێک لە ڕەشبینی و بێ ئومێدی ڕەگی داکوتاوە، جۆرێک لە هەناسە ساردی جێگیربووە چەشنی "تازە ئێمە بەرامبەر ئەو شەپۆڵە ڕاستڕەوییە، ئەو پلاتفۆرمە ئابوریەی جێگیرکردنی کەرتی تایبەت و زنجیرەکانی بانکە نێودەوڵەتییەکان، ئەو هەژموونە ناسیۆنالیستییەی سەر دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات هیچمان پێ ناکرێت"

پایەی مادی ئەم وەرچەرخانە نێگەتیڤە لە مەعنەویاتدا لەپڕ و لەناکاو دروست نەبووە، پرۆسەیەکی دوور و درێژە، کە چەندین ڕووداوی جیهانی و ناوخۆیی، چەندین جەنگی یەک بە دوای یەکی وێرانکەر هەموو جێ پەنجەی خۆی داناوە لە بێهێز کردنی چەپ و تیژکردنەوەی هێزی ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتدارییەکەی کە ئەمە بە دڵنیایی ناسیۆنالیزمی کوردیش دەگرێتەوە

لەسەرووی هەموو ئەو فاکتانەشدا، دۆخی کۆمەڵگە خۆی هیچ یارمەتیدەر نییە، کۆمەڵگە لە ئەنجامی تێپەڕینی بەو هەموو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و سەربازییانەدا نەک وەکو "جەستەیەکی" یەکگرتوو نەماوە، بەڵکو قڵشت و جیاوازییەکانی و قەیرانەکانیشی بە گوتاری ساختە ڕەنگرێژ کراوە! لە دۆخێکی وادا پرسیاری چارەنوسازەکە دەبێ ئەوەبێت لە کام سوچەوە دەست پێ بکەین؟ نەک لە کوێ دەست بەردەین

لە هیچ دۆخێکی پڕ لە تەنگەژە و قەیرانی وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگەدا دەرگای هاتنە ژوورەوە کراوە نییە، هیچ هێزێکی سیاسی و چینایەتی و حیزبی و تەنانەت خێڵەکیش لە ئان و ساتی بلقەبلقی قەیرانەکانی یان شێوەی حوکمڕانیەکەی "فەرموو" لە چەپ ناکات تا دەسەڵاتەکەی لێ وەرگرێت، تەنانەت فەرموو لە هێزە هاوشێوەکانی خۆیشی ناکا، سروشتی چینایەتییانەی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە:-

" من لە دەسەڵات نیم بۆ ئەوەی بیبەخشم، من لێرەم بۆ ئەوەی بمێنمەوە" ئەم سەراحەتە لە گوتاردا بۆیە جێگیر بووە، چونکە تا ئێستا گوتاری بەرامبەر کە بەلای کەمی لە ڕووی تیئۆرییەوە دەبێ چەپ بێت هێشتا نوقمی چەندین گرێیە چەشنی

بچووک بوونەوەی قەبارەی جەماوەری، لەدەستدانی شوناسی چەپ و بەرزکردنەوەی شوناسی چینەکانی تر، لە هەمووی قوڵتر "ئالودە بوون" بەو هەستەی کە ئێمە لە کۆتایی هەموو شتەکانداین! ئەم کۆدە مەعنەوییە زنجیرەکانی تەنیا بریتی نییە لە خامۆش بوونی گەشەی حیزبەکانی چەپ و نەبوونی ئاسۆ و ئەجێندای کارکردنی ستراتیژی، بەڵکو بووە بە دیوارێکی بەرزی دەروونی لە بەرامبەر گەڕانەوەی خۆشەویستی و ڕێز بۆ کاری سیاسی بە چەمکە مارکسیەکە کە بریتیە لە دروست کردنی گۆڕانکاری و یان وەرچەرخان

بۆ ئەوەی بتوانی ئەم گرێ دەروونی - مەعنەوییە چارەسەر بکەیت پێویستت بە مارکسە نەک دکتۆری دەروونی! چونکە لێرە ڕاستە گرفتەکە خۆی بە ڕوخسارێکی مەعنەوی و دەروونی داڕوخاو پیشان دەدا؛ بەڵام گرفتەکە فیکرییە، بەو مانایەی ئەم گرێیە سەرچاوەکەی لە ئیشکالێکی فیکری دایە کە کاریگەری داناوە بەسەر ئەوەی ئێمە چۆن ئەمڕۆی خۆمان دەبینین و چۆن شی دەکەینەوە و بە چ ئەنجامگیرییەک دەگەین

لێرە دێینە سەر ئەو گرێ فیکرییەی کە ڕەنگە چارەسەر کردنی پەنجەرەیەک بکاتەوە بۆ ئاسۆی کارکردن. ئەوەی لەم دارمانە مەعنەوییەدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت بریتییە لە بۆچوونێکی ئایدیالی کە بریتییە لە بینینی دونیا و دۆخی باو وەکو "دوا نەگۆڕ و وەکو دوا موتڵەقی مێژوو" لە بەرامبەر ئەو ئاڵودە بوونەدا، سادەترین چەمکی ماتریالیزمی مێژوو غائیبە کە بریتییە لەوەی مێژوو "وەستاو" نیە، بەڵکو لە چەقبەستوترین دۆخی خۆیدا هێشتا دووچاری "ڕێژەیی" بوونە

ئەم تێگەیشتە تەنیا بواری ئەوەت پێ نادا کە دابڕانێک دروست بکەیت لە نێوان ئومێد و بێ ئومێدیدا، بەڵکو ئەم چەمکی ڕێژەیی بوونە دەرفەتی ئەوەشت پێدەدا دەربیچەکانی کارکردن و بە پێی قسەکەی لینین "سیاسەت هونەری شتە مومکینەکانە" دەست نیشان بکەیت

ئێمە لە ئەمڕۆدا ئەو شتانەی لە دەستمان دێت ڕەنگە سنووردار بن، بەڵام؛ پراکتیز کردن و ئیش کردن لەم سنوردارییە تاقە ڕێگای عەمەلییە لە قڵشت کردنی دەرفەتە زۆر تەسکەکانی مێژوو، ئێستا وەکو کۆتایی سەیر مەکە، ئێستا وەکو سەرەتا سەیر بکە

٢٠٢٤-٣-٣

# ئازادی ڕۆژنامەگەری و پراکتیزەکردنی، ڕۆژنامەگەری ئازاد: پەیامی ڕاستینەی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەیە

## عەباس داودی

بە بێ بوونی زەمینەی ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ، کە کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژە ئازادیخوازەکانییەوە پاڵپشتی بێت، ناکرێ هەر سیستم و ڕژێمێک، وەکو ئالیەتێک و بەرنامەی کاری دەسەڵات، بانگەشەی بونیادی دیموکراسی بکات

دەکرێ بە ئاسانی وێنای ڕۆڵی ئەکتیڤی ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینە بکرێت (ئەگەر کاروبار وەکو پێویست و دروست بەڕێوە بچێت)، بە سانسۆر و لێپرسینەوە، تیشک خستنە سەر ئەو گرفتانەی کە بە ڕاستی و جیددی پێویستی بە گرینگیدانە، تاوەکو گەیشتن بە هاوکاری و بەرجەستە کردنی ڕای گشتی، کارکردن بە ئاراستەی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە گوڵبژێری سیاسی دروست و دەنگ لە سەردانی

پرسی ئازادی ڕۆژنامەگەری، کردەیەکی خەڵات بەخشین نییە لە لایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە، و بەشێک بێت لە ئارەزوو، و ویستی بەرپرسان کە جارێک پێیان پرۆسەیەکی باش بێت و جارێکی تر لێی دردۆنگ و پێی وەڕس بن، بەڵکو مافێکی سروشتی و جێگیرە لە زۆرینەی دەستوورەکاندا بە بێ جیایی، تەناتەت لە دەستووری زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی تۆلیتاری و دۆگماتیزەکاندا دەخوێندرێت و دەبینرێت (ئازادی ڕادەربڕین و گوزارشت بۆ گشت هاوڵاتییان، بۆیان هەیە گوزارشت بکەن لە ڕایەکانیان بە شێوازی جۆراو جۆر)

ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە گوزارشت کردن بە نووسین هێندە کارێکی گەورە و گرنگ، و مایەی هەڵوەستە نییە، هێندەی پراکتیزەکردنی لە سەر کەتوار (واقیع)، چونکە سەرهەڵدانی گرفتەکە لێرەدا ڕەنگ دەداتەوە لە شێوەی بەکارهێنانی دەقی دەستوور و پیادە کردنی

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەوە ناسراون کە تۆمارگەکانیان لێوانلێوە لە قۆرخ کردنی مافەکانی مرۆڤ، بەرپرسە حکومییەکان بایکۆتی دەنگی ڕۆژنامەنووسان دەکەن و زانیاری ڕاست و دروستیان بۆ ناخەنە بەردەست، بە بیانووی ئەوەی نیشتمان لە مەترسی، و پیلانی دەرەکیدایە بۆ تێکشاندنیان

پابەند بوون بە دەستوورەوە وڵات و ئایندەیان بەرەو هەڵدێر دەبات، دەقە دەستوورییەکان ڕادەگرن و بە لاوەی دەنێن، کاری پێ ناکەن، دەیگۆڕن بە دەستووری ناکاو، دەسەڵاتی سەربازی (توند و تیژی) وەگەڕ دەخەن، ئەم پرۆسەیە هەندێجار تەنانەت لە ڕۆژانی ئاسایی و ئاشتیی و خۆشیدا بەڕێوەدەبەن، و سانسۆر پێشوەختە دەسەپێنن لە سەر ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا دەخرێتەڕوو بۆ پێش چاوی خوێنەر، لەو دەمەدا ڕۆژنامەنووس خۆی لە بەردەم قەیراندا دەبینێتەوە، بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بابەتگەلی تێوەگلان لە گەندەڵی، خراپی کارگێڕی دەزگاکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی لە شرەخۆری (بەرتیل) و کوتلە چێتی و پێر.. پێر چێتی ....هتد، لەم حاڵەتەدا ڕوانینێکی گشگیر بەرجەستە دەبێت سەبارەت بەوەی کە پێویستە بوترێت وە یا بێدەنگی بکرێت لە ئاستیدا

لە وڵاتان و سیستمی نا دیموکراسیدا کارێکی ئاساییە بەرپرسە حکومییەکان بە ئاشکرا ئاماژە دەکەن بە ئاراستەی بەکارهێنانی ترس و هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان بەوەی نابێ هێڵی دیاریکراو ببەزێنن کە بریتییە لە ڕەنگەکانی (سوور، سەوز، زەرد)، کە ڕژێم گەندەڵی ناخی هەڵدەچنێ، هەر بەرپرسە و بە ئارەزووی خۆی سامانی وڵات لووش دەکات و ڤێللاکانیان پێ بەرز و دەبریسکێتەوە، ئەو دەمە دڵڕەقی و دڕندەییان پتر دەبێت بە شێوەیەک هیچ بەهاو ڕێزێک بۆ هاوڵاتی زەحمەتکێش ناهێڵنەوە، هەرگیز بۆیان گرنگ نییە بە دەفتەرە دۆلار خەرج بکەن لە ئاهەنگ و شەوە سوورەکانیاندا، میللەتی زەحمەتکێش و ماندوویش با هەر سکی خۆی بگوشێت لە نەهامەتیدا، بە دەست دەیان نەخۆشی و نەبوونییەوە بتلێتەوە

هەر لەم سۆنگەیەوە ئەمجۆرە دەسەڵاتانە بەوپەڕی هێزەوە هەوڵدەدەن کەسانی دڵسۆز و خەمخۆر، ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر برسی بکەن، تەنیا بە ئامانجی چۆکدانانیان و گۆڕینی ئاراستەی ڕاستبێژییان، ئەگەر هەر سەرکەوتوو نەبن لەم شێوازە ئەقڵییەتە، بێشەرم لە هەموو بەهایەکی مرۆیی لە پراکتیزەکردنی ئازادی و دیموکراسی، دوور لە مافەکانی مرۆڤ پەنا دەبەنە بەر شێوازی تۆقین و کوشتن، ونکردن و تیرۆرکردنیان، تەنیا و تەنیا بە مەبەستی دەمبەست کردنی هەقبێژی، ئیدی گۆڕەپانی کاری ڕۆژنامەگەری تا ڕادەیەکی بەرچاو واڵا دەبێت بۆ کەسانی هەلپەرست و ویژدان خەسیو، ئەم دەستەیە تەنیا لە بەرانبەر هەندێک پارەی حەرام گشت نابەجێیەکان ماکیاج دەکەن بۆ بەرپرسەکانیان، هەڵبەت دەسەڵاتیش ئەمانەی پێ باشە کە ڕەش دەکەنە سپی، و لە گشت بۆنەیەکدا چەپڵەکانیان ئامادەیە

لە دوایی ئەم باسەدا دەخوازێن بێژین: سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لەپێناوی میللەتی ڕەشرووت و ڕەنجدەر و مافەکانیاندا دەبنە قوربانی لە لایەن دەسەڵاتەوە. سڵاو لە ڕۆحی بەرزە فری شەهیدانی قەڵەم

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

# بەشێک لە نامەکەی مارکس بۆ باوکی



## دۆزینەوەی هیگڵ(١)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : نەوزاد مدحەت
( گۆران عەبدوڵڵا)

لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٣٧؛ پاش دەستپێکردنی خوێندن لە زانکۆی بەرلین، مارکس نامەیەکی درێژ بۆ باوکی دەنووسێت، لەوەدەچێت لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا دوو پەیوەندی گرنگ لە ژیانیدا پەیدابیوون : پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ جێنی کە بە هاوسەرگیری کۆتایی هات، ئەوەی دووەمیشیان پەیوەندییەکی فکری بوو لەگەڵ هیگڵ کە بە مارکسیزم کۆتایی هات

### نامەکەی مارکس بۆ باوکی

ساتگەلێک هەیە لە ژیاندا، وەک ئەو تابلۆ سنوورییانە وان کە پێش تەواو بوونی کاتەکە چەقێنراون و لە هەمان کاتدا زۆر بە ڕۆشنی ڕێگەیەکی نوێت پێ نیشان دەدەن. لەم شێوە گۆرانانەدا وا هەستدەکەین و ناچارین بە چاوێکی هەڵۆییانەوە بڕوانینە ڕابردوو داهاتوومان بۆ تێگەشتنێکی هزرییانە لە پێگەی ئەمرۆمان. بەدڵنیاییەوە، مێژووی جیهان بۆ خۆی ئارەزووی لەم جۆرە ئاوڕدانە و پشکنینانەی هەیە کە زۆر جار لە شێوەی گەڕانەوە و چەقبەستن خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها پاڵی لێداوەتەوە بۆ بیرکردنەوە لە خۆی و قووڵبوونەوە لە چالاکییە هزرییەکانی و کارە ڕۆحییەکان. بەهەرحاڵ تاک لەم کاتانەدا هەستێکی شاعیرانە دایدەگرێت، هەمووگۆڕانێک بەشێکە لە گۆرانییەکی ماڵئاوایی، بەشێوەیەک دەرگا بە ڕووی شیعرێکدا دەکاتەوە کە هەوڵدەدات شێوەیەکی تەڵخ وەرگرێت، بەڵام بەڕەنگێکی گەشەوە. لە ساتێکی وادا ئاواتەخوازیین پەیکەرێک بۆ ئەو یادەوەرییانە دروستبکەین کە پێشتر تێیدا ژیاوین، ڕەنگە بمانگەڕێنێتەوە بۆ خەیاڵی ئەو شوێنانەی لە جیهانی کرداردا لەدەستدراون؛ بەڵام لە کوێ دەتوانیین شوێنێک پیرۆزتر لە دڵی دایک و باوکمان بدۆزینەوە، ئەوانەی نەرمترین دادوەرەکان و بەشداربووەکەی ناوەوەی ناخمانن، ئەم نزیکترین هاوسۆزانە وەک خۆری خۆشەویستی ئاگرەکەی ناوەندی تێکۆشانمان گەرمتر دەکەن!چەندە باشتر دەتوانیین ئەو ڕاستکردنەوە و لێبووردنانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بدۆزینەوە لەبەرانبەر ئەو سەرزەنشت و ڕەتکردنەوانەدا؟ چەندجار یارییە شەڕانییەکان لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە سێبەر دەخەنە سەر دڵە شکاوەکان؟

باوکی باشم، پاش ئەو ساڵەی لێرەم بەسەر برد و ئەو تێبینیانەی لام گەڵاڵە بوون، بەو شێوەیە لە ئێمزەوە( Ems ) (٢)وەڵام بە نامە شیرینەکەتان دەدەمەوە. ڕێگام پێبدە دۆخی خۆمت بۆ بنووسم وەک خۆی, وەک ئەو ڕوانینەی هەمە بۆ ژیان، وەک دەربڕینێک لە چالاکی ڕۆحی، کە لە هەموو لایەنێکەوە گەشە دەکات، لە زانست، هونەر و کاروبارە تایبەتییەکان. کاتێک بەجێم هێشتیت جیهانێکی نوێ بۆ من لە دایک بوو، جیهانی خۆشەویستی، لەڕاستیدا خۆشەویستی لە سەرەتادا سەرخۆشە بە عیشق و خاڵییە لە هیوا

زۆر دڵخۆشبووم بە گەشتەکەم بۆ بەرلین، پێزانینمی وروژاند بۆ سرووشت. ژیانی لا خۆشەویست کردم و بە ساردی بە جێیهێشتم. لە ڕاستیدا خستمییە ناو دۆخێکی پێکەنیناوییەوە، چونکە ئەو شاخە بەرزانەی دەمبینین بەرزتر و ترسناکتر نەبوون لەو هەستانەی ڕۆحی من، شارە پان و پۆڕەکان گەرمتر نە بوون لە خوێنی من. مێزی بارەکان پڕتر نەبوون یان شایانی زیاترتێگەشتن نەبوون لەو خەیاڵانەی لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتبوون، لەکۆتاییدا هونەر جوان تر نییە لە جێنی. کاتێک گەیشتمە بەرلین، هەموو پەیوەندییەکانی پێشوتری خۆمم پچڕاند، چەند سەردانێکی کەمم کرد بۆ هەندێ شوێن بێنەوەی هیچ چێژێکیان لێوەرگرم، هەوڵمدا خۆم ون بکەم لە ناو زانست و هونەردا. بەپێی ئەو دۆخە ڕۆحییەی لەو کاتەدا تێیدا بووم، یەکەم شتێک یان لایەنی کەم ئاسانترین و چێژ بەخشترین شتێک کە هەڵمبژارد و گرنگیش بوو شیعری لیرکی بوو. بەڵام ئەو بارودۆخەی تا ئەو کاتە تێیدا بووم وایکرد کارێکی نموونەیی تەواوبێت. بەهەشتەکەم، هونەرەکەم، بوو بە دوورگەیەک لەودیو، هەر وەک خۆشەویستی من. هەموو شتێکی ڕاستەقینە کاڵ بووەوە و هەموو شتە کاڵبووەکان سنوورەکانیان لەدەست دەدەن. هەموو ئەو شیعرانەی سێ بەرگی یەکەم کە جێنی لە منەوە وەریگرتووە، لە کاتی ئێستادا هەست دەکەیت کۆمەڵێ وشەی بێ چوارچێوە و بێ گیانی فڕێدراون و هیچ شتێکی سروشتی نین و ئەڵێی لەسەر ئەستێرەیەکی ترەوە هۆنراونەتەوە. ڕکابەری تەواو وەک ئەوەی هەیە یان دەبێت ببێت، ڕامانێکی بەلاغی لە جیاتی بیرکردنەوەیەکی شاعیرانە، بەڵام پڕ لە هەستێکی گەرم بۆ کێشمەکێشێکی زیندوو. تەواو بەڕادەی حەسرەتێک کە هیچ سنوورێکی نییە، لە زۆر فۆرمدا دەربڕین دەدۆزێتەوە و "پێکهاتەی شیعری" دەکاتە تەنها "بڵاوبوونەوە". بەڵام شیعر دەکرێت یان دەبێت تەنها هاوڕازبێت. ناچاربووم وانەکانی دانایی بخوێنم و سەرباری ئەوەش هەستم دەکرد لە ململانێدام لەگەڵ فەلسەفە. ئەمانە زۆر بە یەکەوە گرێدرابوون، لە سەرێکەوە دەبووایە وەک قوتابییەک بە بێ هیچ ڕەخنەیەک ئەم سەرچاوانە Heineccius و Thibaut (٣ و ٤) بخوێنمەوە، بۆ نمونە هەستام بە وەرگێڕانی دووبەشی Pandects (٤)(تەواوی کۆدە یاساییەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت -وەرگێڕ) بۆ زمانی ئەڵمانی، لە لایەکی ترەوە هەوڵمدا فەلسەفەی ماف لە ناو هەموو بوارەکانی یاسادا دیاری بکەم. هەروەها چەند پێشنیارێکی میتافیزیکییانەم وەک پێشەکییەک هاوپێچکرد، بەداخەوە بەردەوام بووم لەم کارەم تا گەشتمە یاسا گشتییەکان کە خۆی لە ٣٠٠ لاپەڕە دەدات. لە هەموو شتێک زیاتر، ئەوەی لێرەدا دەرکەوت هەمان ڕکابەری نێوان واقیع و ئەگەری نامۆبون بە ئایدیالیزم بوو، ئەمە لە خۆیدا نارێکییەکی جدی بوو کە بوو بە هۆکاری دابەشبونێکی نەخوازراو. سەرەتای هاتنم دڵخۆشبووم بە میتافیزیکییەتی یاسا، واتە پێشنیارە بنەڕەتییەکان، ڕەنگدانەوەکان و دیاریکردنی ئەو چەمکانەی کە لە هەموو فۆرمێکی ڕاستەقینەی یاسا جیاکرابوونەوە، هەروەکوو لای فیختە، تەنها لە لای من نوێ و کەم ناوەڕۆک بوو. سەرباری ئەوەش، فۆرمێکی نازانستی دۆگماتیزمی بیرکاری لێرە و لەوێ بە بابەتێکەوە دەئاڵێت و هەرگیز بابەتکە بەشێوەیەکی زیندوو دەوڵەمەند فۆرمۆڵە ناکات – هەر لەسەرەتاوە ڕێگربووە لە بەردەم تێگەشتن لە ڕاستییەکان. سێگۆشە ڕێگە بە ماتماتیکزان دەدات هەم بنیاد بنێت و پیشان بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک بیرۆکەیەکی ڕەها لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە لەوە زیاتر گەشەناکات. مرۆڤ دەبێت لەگەڵ شتەکانی تردا بیانخاتە پاڵ یەک و پاشان هەڵوێستی تر وەربگرێت، کاتێک جیاوازییەکان دەخرێنە سەر یەکتر لەخۆیدا دەبێتە مایەی پەیوەندی زیاتر و ڕاستی جیاواز. بە پێچەوانەی ئەوەوە، لە پێناسەیەکی کۆنکریتی سەبارەت بە جیهانی زیندوو، وەک ئەوەی هەیە لە یاسا، دەوڵەت، سروشت و هەموو فەلسەفەکان، دەبێت خوێندنەوەی بابەتییانە بکرێت بۆ گەشەی ئامانجەکان، ڕەنگە لێکترازانی ئارەزوومەندانە نەیەتە پێشەوەو هۆکاری شتەکە خۆی دەبێت وەک شتێک ئاشکرا بکرێت، شتێک پڕاوپڕە لە دژایەتی و دەبێت هەر لە خۆیدا، یەکێتیی خۆی بدۆزێتەوە.

پەردەکە کەوتە خوارەوە و پیرۆزی پیرۆزییەکانم بەسەریەکدا کەوتن و دەبوو خوداوەندێکی نوێ لە شوێنی دابنێمەوە. هەر بەو بۆنەیەوە لە ئایدیالیزمەوە دەستم پێکرد و بەراورد و ئاوێزانم کرد بە ئایدیالیزمەکەی کانت و فیختە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئەگەر خودا پێشتر لە سەروی زەوی بوو ئێستا لە چەقەکەیەتی. ناوە ناوە فەلسەفەی هیگڵم خوێندەوە، شێوە وشک و برینگەکەی وایکرد سەرنجم ڕانەکێشێت. جارێکی تر هەوڵمدایەوە نوقمێکی قووڵی ئەو دەریایە ببم، بەڵام بە نییەتی جێگیرکردنی ئەوەی کە سروشتی زەین بە هەمان شێوەی سروشتی جەستەیەکی پتەو پێویست و گرنگ و کۆنکریتە. ئامانجم پراکتیزەکردنی فێڵەکانی شمشێر بازی نەبووە، بەڵکو هێنانی مرواری ڕاستەقینە بوو بۆ ڕۆژی ڕووناک. وتوێژێکی بیست و چوار لاپەڕەیم نووسی : ( فەیلەسوف کلیانتس(Cleanthes) (٥) یان خاڵی سەرەتا و بەردەوامی زەرورەتی فەلسەفە). لێرەوە هونەر و زانست کە بەتەواوی لێکتر جیا بووبوونەوە، تارادەیەک یەک دەگرنەوە، وەک گەڕۆکێکی چالاک ئەو کارەم بە ئەنجام گەیاند. واتە دانانی دیالیکتیکی فەلسەفی لاهوت وەک فکرێک خۆی لە خۆیدا بەیان دەکات چ وەک دین و سروشت و مێژوو. ئەوگەلاڵەیەم وەک سەرەتایەکی نوێبوو بۆ سیستەمی هیگڵی.

ئەم کارە وایکرد ئاشنایەتییەکی زیاتر پەیدابکەم بە زانستە سروشتییەکان و شیلینگ (Scheling) (٦) و مێژوو، سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردم کە لە کۆتاییدا سەرو خواریم بۆ لێک نەدەکرایەوە، ئەو منداڵە خۆشەویستەم بە شێوەیەکی سروشتی لە ژێر تیشکی مانگدا دەژیا وەک ساحیرێکی فێڵباز دەمخاتە باوەشی دووژمنەکانم. بۆ چەند ڕۆژێک تەواو بێزار بووبووم و دەستەوەستان بووبووم لە بیرکردنەوە، وەک سەرشێتێک بەناو ئەو باخەدا کە نزیک ئاوە پیسەکەی ڕووباری سپرەیە دەسوڕامەوە؛ کە ( خەم ڕەوێنەو روح پاکدەکاتەوە)،تەنانەت لەگەڵ خاوەن خانووەکەمدا چووم بۆ ڕاو، دوواتر بە پەلە چووم بۆ بەرلین، ئارەزووم بوو هەموو ئەوانە لە سووچی جادەکان وەستابوون لە باوەشیان بگرم. پاش ماوەیەکی کەم دووبارە دەستم دایەوە بە خوێندنەوەیەکی چڕو پڕ، خوێندنەوەی ساڤینگی(S-avigny)(٧) سەبارەت بە موڵکایەتی، فیورباخ و کارەکانی گرۆڵمان (Grolmann) (٨) سەبارەت بە یاسای تاوان،

هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت بەشێک لە کارەکانی لۆتربـاخ سەبارەت بە یاسا مەدەنییەکان و یاسای کلێسام خوێندەوە..

دوواتریش بەشێک لە ڕەوانبێژێکەی ئەرستۆم وەرگێڕا، لە ئێستادا خۆم سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبەکەی ڕایمارس کردووە سەبارەت بە غەریزە هونەرییەکانی ئاژەڵان کەلە ڕاستیدا چێژێکی زۆرم لێوەرگرتووە.. دڵتەنگیم بە ناساغبوونی جێنی و بێ بەرهەمبوونی کارە هزرییەکانم وایانکرد لە خۆم توڕەببم و دواتریش نەخۆش کەوتم

باوکی ئازیزم، هەروەکوو ئەوەی بۆم نووسی بووی پاش چاکبوونەوەم هەموو ئەو شیعر و سەردێرانەی بۆ نووسینی ڕۆمان هەمبوون، هەموویانم سووتاند. بەو بڕوایەی کە سنوورێک دادەنێم بۆ ئەم شێوە نووسینانە. بەهەرحاڵ ددانی پیادەنێم بەوەی کە تا ئێستا پێچەوانەکەیم نەخستۆتەڕوو. بە سوود وەرگرتن لەکاتی نەخۆشییەکەم، هیگڵم لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی ناسی لەگەڵ زۆربەی قوتابییەکانی. لە ڕێگەی چەند کۆبوونەوەیەکەوە لە شترالو، بوومە ئەندامی یانەی دکتۆرەکان کە هەندێک لە ئەندامەکانی وانە بێژی زانکۆن و هاوڕێمن لەوانە دکتۆر ڕۆتنبێرگ. لێرە گوێت لە زۆر ڕای جیاواز و دژ بەیەک دەبێت. زۆرترین مشتومڕەکان سەبارەت بە فەلسەفەی جیهانی مۆدرێن بوو؛ کە بیرم لێکردۆتەوە خۆمی لێ دەربـاز بکەم

### کوڕی خۆشەویستت

### کارڵ

باوکی ئازیزم، تکایە ببورن لە شێوەی دەست و خەتی خراپم، کاتژمێر چواری بەیانییە، مۆمەکەم لە تەواوبوونەو چاوەکانم تەواو ماندوون؛ نا ئارامییەک هەموو مێشکی داگرتووم، ناتوانم بحەسێمەوە تانەگەڕێمەوە لای ئێوەی خۆشەویست

تکایە سڵاوم بگەیەنە بە جێنی شیرین و ئازیز. نامەکەیم دوازدەجار خوێندۆتەوەو هەرجارەی دەیخوێنمەوە وشەی شیرینتری تێدا دەدۆزمەوە. نامەیەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەتوانم بڵێم جوانترین نامەیە کە ژنێک نووسیبێتی

پەراوێزەکان وەرگێڕ ئامادەی کردوون :

(١)ئەم نامەیە درێژترە وەک ئەوەی لێرە تەرجەمە کراوە، بەڵام ئێمە تەنها ئەو بەشانەمان لێ تەرجەمە کردووە کە پەیوەستن بە خۆشەویستی ئینسان و ئەدەب و هونەر و نووسین

(٢)باد ئێمز؛ شارۆچکەیەکە لە شاری ڕاینلاند-پالاتیناتی ئەڵمانیا. شوێنی کارگێڕی ناوچەی گوندنشینی ڕاین-لانە و وەک کانیاوی دەوڵەمەند بە کانزاکان لەسەر ڕووبارەکە ناسراوە

(٣)ئەنتۆن فریدریش جۆستۆس تیبوو ( ١٧٧٢ — ١٨٤٠)؛ لە شاری هامێلین لە شاری هانۆڤەر لەدایک بووە و کوڕی ئەفسەرێکی سوپای هانۆڤەر بووە و بە ڕەچەڵەک هوگێنۆتی فەرەنسی بووە. دوای خوێندن لە هاملن و هانۆڤەر، تیبوو وەک خوێندکاری فیقە دەچێتە زانکۆی گۆتینگن، لەوێوە دەچێتە کۆنیگسبێرگ و لەوێ لە ژێر دەستی ئیمانوێل کانت خوێندوویەتی و دواتر بۆ زانکۆی کیل، لەوێ هاوخوێندکار بووە لەگەڵ نیبوهر. لێرەدا بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا وەردەگرێت

(٤)جۆهان گۆتلیب هاینێکسیوس(١٨٦١ — ١٧٤١)؛ لە لایپزیگ ئیلاهیاتی خوێندووە، لە شاری هالیش یاسای خوێندووە. جۆهان لە ساڵی ١٧١٣دا وەک مامۆستای فەلسەفە و لە ساڵی ١٧١٨دا وەک مامۆستای فیقە دەستنیشانکرا. دواتر لە فرانێکر لە هۆڵەندا و لە فرانکفۆرت کورسییە یاساییەکانی پڕکردەوە، بەڵام دواجار لە ساڵی ١٧٣٣ وەک پرۆفیسۆری فەلسەفە و فیقە گەڕایەوە بۆ هالی

(٥)پاندێکتس؛ تەواوی کۆدە یاساییەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت

(٦)فریدریش ویلهێلم جۆزێف ڤۆن شێلینگ(١٧٧٥ — ١٨٥٤)؛ فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو. مێژووە ستانداردەکانی فەلسەفە وای لێدەکات ببێتە خاڵی ناوەڕاست لە گەشەسەندنی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا، کە لە نێوان یۆهان گۆتلیب فیختە و جۆرج ویلهێلم فریدریش هیگڵ، لێکدانەوەی فەلسەفەی شێلینگ بەهۆی سروشتی پەرەسەندنی فەلسەفەکەیەوە بە قورس سەیر دەکرێت

(٧)کارڵ فریدریش ڤۆن ساڤینی ( ١٧٧٩ — ١٨٦١)؛ کارل فریدریش ڤۆن ساڤینی لە ١٩ی ئەیلوولی ١٨١٤ لە بەرلین لەدایکبووە، باوکی زانای یاسایی فریدریش کارل ڤۆن ساڤینی بووە، کە ئەوکات ئەندامی ئەنجومەنی تایبەتی دادگای تێهەڵچوونەوە بووە، ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەتی پرۆس بووە و مامۆستا بووە لە زانکۆی بەرلین. لە بەرلین و میونشن و پاریس یاسای خوێندووە

(٨)گرۆڵمان ( ١٧٧٧ — ١٨٤٣)؛ گرۆلمان لە شاری بەرلین لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بووتە سەرباز و چووە ناو فەوجێکی پیادە، لە ساڵی ١٧٩٥ وەک ئەفسەر، لە ساڵی ١٧٩٧ وەک لیوای دووەم، لە ساڵی ١٨٠٤دا پلەی لیوای یەکەم و لە ساڵی ١٨٠٥دا کاپتنی ستاف. ئەو بەهۆی کارەکتەری وزەبەخش و چاوەترسی خۆیەوە پێش جەنگی ساڵی ١٨٠٦ وەک ئەفسەری ستاف لە جێنا تا ئاشتی تیلسیت کاری کردووە و پلەی مەیجری بەدەستهێناوە. دوای ڕووخانی پرۆسیا، گرۆلمان یەکێک بوو لە چالاکترینەکان وەک یاریدەدەرانی شارنهۆرس لە کارەکانی ڕێکخستنەوەی وڵات

سەرچاوە :

The Marx – Engels Reader, Edited by Robert C. Tucker, Princeton University , Second edition , New York , London , 1978 page 7-11

# سەرهەڵدانی هەشتی مارس

تاڤگە سابیر



لە نان و ئازادییدا

سەرهەڵدانی فێمێنیزم وەکو واتا و کاری ژن دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی سەرمایەداریی و زیادبوونی خواست و ئاواتەکانی مرۆڤ و جۆشدانی هەستی وەدیهێنان لە لای مرۆڤ. لێرەدا ژیانی ژنیش گۆڕانکاریی بەسەردا هات و توانی هەنگاوێک بەرەو خواستەکانی بچێ

لە ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکادا لە ساڵی (١٧٧٥-١٧٨٣) یەکەم جار ژن هەستی بە مافە سیاسیی و ئابووریی و پیشەییەکان کرد و داوای مافی هەڵبژاردنی کرد و ڕووبەڕووی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی ئەو سەردەمە بووەوە. ئەو ئامانج و خواستەی ژنی ئەمەریکایی کاریگەری خۆی گەیاند بە ژنانی فەرەنسا و هەشت هەزار ژنی کرێکار و سەوزەفرۆش لە ساڵی (١٧٨٩)دا هێرشیان کردە سەر کۆشکی ڤێرسای بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان

کەواتە لێرەدا هەست بە پێویستی هەبوونی گرووپی فێمێنیستی کراوە، ئەگەر وەکو چەمکیش ناوی نەزانرابێ، چونکە یەک دەنگیی و یەک ئامانجیی هەمان واتا دەگەیەنێ. لە ساڵی (١٧٩٢) لە لەندەن بۆ یەکەم جار پەرتووکی بەرگریی لە مافی ژنان لە لایەن ژنە نووسەر (ماری ولستونگرافت)ەوە بڵاوکرایەوە، کە زۆر بە توندیی بەرگریی لە ژن و مافەکانی دەکا

ئێتر لەو سەردەمەدا ژن نەیتوانی بگا بە خواستی زیاتر و هەر زوو ئەو هەوڵانەی لەناوبرا، کە پێشتر بۆ مافی سیاسیی و نان و ئازادیی لە بواری بیرمەندییدا دابووی و لە ساڵی (١٧٩٣) دا سەران و دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لەو هەندە ئازادییە پاشگەز بوونەوە و بڕیاری داخستنی سەرجەم سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ژنان درا و هەر لەو ساڵەدا بوو (مەدام ڕۆلان) خاوەنی وتەی (ئەی سەربەستیی چەند تاوان بە ناوتەوە دەکرێ)، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری سیاسیی و خاوەنی دیوەخانێک بوو بۆ کۆبوونەوەی ژنان و کەسانی پێشکەوتنخواز لەوێوە لە واتای سەربەستیی خەباتکردن تێگەیشتن. بەو بیانووەشەوە کە سەرپێچیی یاساکانی پاشگەزبوونەوەی سەرانی فەرەنسای کردووە و بەرگریی لە بیروباوەڕی خۆی کردووە، سەری بەخشی بە سەربەستیی و بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە سەری قرتێنردرا

چیدی ژن نەیتوانی خاوەنی هیچ پەیڕەو و پرۆگرام و تایبەتمەندیی خۆی بێ تاکو ساڵی (١٨٤٨) و شۆڕشی گەورەی ئەوروپا. لە کاتی ئەو شۆڕشەدا ژنانی فەرەنسا جارێکی تر بە لای خەباتی خۆیاندا چوونەوە و چەند یانە و سەندیکای ژنانیان دامەزراند، کە داوای یەکسانبوونیان دەکرد لە ڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە

لە ساڵی (١٨٦٧)شدا لە بەریتانیا ژنانی ئەو وڵاتە داوای مافی هەڵبژاردنیان کرد. لە (١٨٦٩)شدا ژنانی ئەمەریکا لە نیویۆرک ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنانیان دامەزراند و ئیدی هەر لێرەوە تا ساڵی (١٨٨٨) بوو بە هەڵهاتنی ڕۆژی ژن و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراو و سەندیکای ژنان دامەزران ئەو بەربڵاوییەش هانی ژنانی ئەمەریکای دا کە پێش هاوڕەگەزکانیان کەوتبوون لەو ڕووەوە. توانیان لە پاش دامەزرانی ئەنجوومەنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا "یەکێتیی ژنانی جیهان" دابمەزرێنن

ئەو بارودۆخە لە نێوان ڕەتکردنەوە و پەسەندکردندا مایەوە تا دەرکەوتنی بیری سۆشیالیزم. بە دەرکەوتنی بیری ڕۆشنی سۆشیالیستەکان لە ساڵی (١٨٩١)دا ژنانی کرێکار لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دامەزراند. هەر ئەو خەبات و تێکۆشانە ساردنەبووەوە و بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩١٠) هەنگاوی گەورەیان بەرەو ماف و تایبەتمەندییەکانی خۆیان نا و ساڵانە کۆنگرەیان دەبەست و ژنانی زۆرینەی وڵاتەکان بەشدارییان تێدا دەکرد. لە دووەم کۆنگرەی ژنانی جیهاندا و لە ساڵی (١٩١٠) کە لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک بەسترا لە لایەن (کلارا زتگین) پێشنیازی ڕۆژی (٨)ی مارس کرا و لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری لەسەر درا

٨ی مارس ئەو نەریتە بوو، کە ژنانی جیهان زۆریان سوود لێ وەرگرت و لە ئاگاداربوونەوەی هەواڵی یەک لەو کاتەدا، ٨ی مارس پردی بەیەکگەیشتنی ژنان بوو بۆ گۆڕینەوەی بیروبۆچوون و یەکگرتنی هەوڵەکانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان، بەڵام ڕوودانی شەڕی یەکەمی جیهانیی کۆسپی زۆری هێنایە ڕێگەی بزووتنەوەی ژنان و لەگەڵ تەواوبوونی ئەو شەڕەدا تێهەڵچوونەوە، ژمارەیەک ڕێکخراوی تری ژنان دروست بوون وەک یەکێتیی فیدراڕایی ژنانی زانکۆیەکانی جیهان لە ساڵی (١٩١٩) دامەزرا، هەروەها ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ ئازادیی ئابووریی کرێکاران لە ساڵی (١٩٢٩) دامەزرا، یەکێتیی ئەو ژنانەی بە کاری سەربەستەوە خەریکن لە ساڵی (١٩٣٠) دامەزرا

پاش ئەوەی لە سەدەی نۆزدە بەدواوە بزووتنەوەی فێمێنیستی دەرکەوت و لە ڕووی ئەدەبیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە، گەشەی کرد، ئیتر کەوتە ژێر کاریگەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەی سەرمایەداری و دابەشبوو بەسەر بزووتنەوەی فێمێنیستی لیبراڵ، فێمێنیستی ڕادیکاڵ، فێمێنیستی سۆشیالیستی و مارکسیستی و فێمێنیستی مەسیحی و فێمێنیستی ئیسلامیی و... هتد

سەبارەت بە جێگە و شوێنی ژیانی ژنان و بڕوابوونیان بە هەبوونیان لە نێوەندەکانی بڕیاردان و دادگا و پەرلەمان و پۆستە گشتییەکانی دیکەدا تەنیا بەڵگەی ناوی ژنە بۆ ئاستی بێ ئومێدیی، ئێستا ژنان لە لایەکدا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو وەکو کاڵا لە پڕوپاگەندەی ڕاگەیەندنەکانەوە



بەکاردەهێندرێن لە لایەکی دیکەش بە شێوەیەکی زۆر ڕووکەشانە لە هەموو نێوەندەکانەوە تەنانەت لە نێوەندە دژە-ژنییەکانیش بانگەشە بۆ مافەکانیان دەکرێن، دەسەڵاتدارانی زۆربەی وڵاتەکان بە هی کوردستانیشەوە زێدەڕەویی زۆر دەکەن لە بانگەشەکانیان و بە پڕوپاگەندەی ئارایشتکراو ژنان و ڕای گشتیی چەواشە دەکەن، سەیر لەوەدایە کە بەشێکی زۆر لە ژنان خۆشیان باوەڕیان بەو چەواشەکارییانە هێناوە و وا دەزانن ماف و ئازادییەکانیان هەر ئەوەندەیە یان بە بوونی چەند ژنێک لە بوارە جیاوازەکاندا ئیدی توانیویانە ئامانج بپێکێن و دەتوانن ئەو چەند ژنە پەلی ژنانی دی لە چاڵ و نەهامەتییەکاندا ڕابکێشنە دەرەوە، بەڵام ئەوە تەنیا ئەندێشەیەکی بێ بەرهەمە و زۆربەی ئەو ژنانە کە پێیان وایە خاوەن هۆشمەندیی و گوتارێکی ژنانەن تەنانەت ناتوانن خودی خۆشیان ڕزگار بکەن

ڕووت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیه ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# سەمای مەرگی پەپوولەکان

شیعری : خولیا حوسێن



سی هەزار جار کوژراوم
بریسکەی سی هەزار خەنجەری دەبان
لەنێو برینەکانی مندا هات و چۆ دەکەن
ڕۆژانە سی هەزار جار زامەکانم دەرزی ئاژن دەکەنەوە
سی هەزار جار فڕێیاندامە نێو دۆزەخی نائومێدی
لەنێو شەپۆلە سوورەکانی ئاگر
لەگەڵ ڕێژنەی ترس و
خوڕەی فرمێسک و
برووسکەی ئازارەکانی خۆمدا
شایی مەرگم دابەستاوە
ڕۆژانە دووکەڵی سی هەزار جەستەی سووتاو،
هاواری سی هەزار خەونی کوژراو،
هەناسەی سی هەزار ئومێدی خنکێنراو
دەستە دەستە دەفڕن و
لە ئاسمانی ئەم نیشتیمانە دەسوورێنەوە
بوونەوەرەکانی نێو ئەم ئەم نیشتمانە
هەموویان سەربەرەو خوار دەڕوانن
چاوەکانیان کوێرە ،
گوێچکەیان کەڕە،
لووتیان پڕ بووە لە بۆنی باڕووت و خوێن و
لە بۆنی بۆگەنی شار
ئەم بوونەوەرانە نە دەمان بینن،
نە هاوارەکانمان دەبیستن و
نە بۆنیش بە برینە تەڕەکانمانەوە دەکەن
پیاوەکانی ئەم نیشتیمانە هەموویان شەیدای ڕەنگی سوورن
ئەم پیاوانە سەیارەکانیان سوورە،
نێوچەوانی ماڵەکانیان بە ڕەنگی سوور بۆیە دەکەن
ژوورەکانیان بە فەرشی کاشانی سوور دەڕازێننەوە
شەوانەش لەسەر سووچی شەقامەکان و توولە ڕێگاکان
گلۆپی سوور دادەگیرسێنن
نەبادا ڕەنگەکانی تر دزە بکەن و
لەڕقی بێبەهابوونی بەهاکانیان
پەرستگا سوورەکانیان بەردە باران بکەن
ئەم پیاوانە ڕەمزی سووریان
لە هەموو ڕەمزە پیرۆزەکانی تر خۆشتر دەوێ
سوێند بە ڕەنگی سوور دەخۆن
نازناوی هەڵۆی سوور لە خۆیان دەنێن و
دیرۆکی ئەم نیشتیمانەشیان ناو ناوە مێژووی سوور
پیاوەکان گەورەیی خۆیان لە ڕەنگی سوور دەبیننەوە
بەچاو سوورکردنەوە داوای خۆشەویستی و
داوای ماچ و داوای تێکەڵبوونە زایەندییەکانمان لێ دەکەن
ئەم پیاوانە هێندە مەستی ڕەنگی سوورن
خۆشەویستیش بە ڕەنگی سوور پێوانە دەکەن
لە نێو کەفی دڵۆپە خوێنەکانی شەوی پەردە
بەهاکانی ژیان بە ڕوو سووری دەبینن
ئەم پیاوانە هێندە چاوچنۆکن
قەت دڵیان نایە گوڵێکی سوور
پێشکەشی خۆشەویستەکانیان بکەن
هەر خۆیان چێژ لە ڕەنگە سوورەکان وەردەگرن
ئەو لێوانە دەسووتێنن کە بەتینی ماچ سوور دەبنەوە
ئەو لووتانە دەقرتێنن کە بۆنی گوڵی سووری خۆشەویستی دەکەن
ئەو قەڵەمە سوورانەش دەشکێنن
کە خەونەکانی خەڵک و خۆیان و خۆشەویستەکانیان
بە ڕەنگاو ڕەنگی دەنووسنەوە
پیاوەکانی ئێمە بە بۆنباخی سوور دەچنە ئاهەنگی
هاوسەرگیری و
بە نووکی شمشێرە سوورەکانیشیان
پەیامی جیابوونەوە و ماڵاوایی مۆر دەکەن
ئەم پیاوانە سی هەزار پیاوی نێو ئەم نیشتیمانە
سی هەزار جار کوژراوەن
کە سی هەزار جار منیان کوشت و
سی هەزار جار فڕێیاندامە نێو گڕی ئاگر و
سی هەزار جار زیندەبەچاڵ و
سی هەزار جاریش، بە سی هەزار بەردی ئەم نیشتما نە
بەردە بارانیان کردم
لەگەڵ ئازاری هەر بەردێکدا
شەپۆلەکانی مەرگ
سی هەزارجار سەمایان پێ دەکردم و
نەشیاندەبردم
هەر چرکەیەکم لێ دەبووە سی هەزار ساڵ و
هەر نەشدەمردم.

# هەشتی مارسم لەتۆ دەوێ



شیعری : سروەی بەیان

لەتۆم دەوێ ئەزیزی دڵ
دوو دێڕ شیعری تەڕ و پاراو
لە بیرو دیدگام ڕایماڵێ
ژاوە ژاوی چەرخی زووخاو
لە تۆم دەوێ هاوڕێی تەمەن
ژیانکردنێ بە ئاشتی
دوور بێ لە ئاژاوە و پەستی
لەتۆ ماچ و بەخشندەیی
لەمن سۆز و لێبووردەیی
هەشتی مارسم لەتۆ دەوێ
لەتۆم دەوێ گوڵێکی سوور
لە تۆی مرۆڤ و بەرپرسیار
نەک نێرینەی باوک سالار
لە تۆم دەوێ هاوڕووحەکەم
چەپکێ شکۆفەی نەوبەهار
هەشتی مارسم لێ پیرۆزکا
ژین بکەینە نێرگزەجار
لە تۆم دەوێ و تەنها لە تۆ
هەشتی مارسێ زۆر جیاوازتر
پڕ پێدەشتێ سمڵ و شەوبۆ.

# هێزی ئێمە



شیعری : ئیبراهیم هەورامانی
٦ ی شوباتی ٢٠٢٤

دڵتخۆشە، زیندان،
بەمن و هاوڕێکانم ئاوەدان دەکەیتەوە؟
پێت وەهایە، بێدەنگ دەبین.
دڵتخۆشە، شەقام، بەمن و هاوڕێکانم چۆڵ دەکەیت،
لەلات وایە، بێ جووڵە دەبین.
دڵتخۆشە، بە هێزی بێشومارت،
بە پەتی سێدارە و تۆقاندنت،
ڕیزی یەکگرتووییمان پەرت دەکەیت.
لەلات وایە، تۆ دەتوانی دەنگی دلێرمان کپ بکەیت.
بەر لەوەی تۆ،
بە زیندان و برسێتی و بێکاریی و پەتی سێدارە، بێیتە مەیدان.
بەهەڕەشە و بەنان بڕان، دەستی ڕقت ڕاوەشێنی.
بەبیرتی دەهێنینەوە،
مۆسۆلۆنی و شا و هیتلەر و دەیانی تر،
لەبەردەم هێزی یەکگرتوویی ئێمەدا،
هاتنە سەر چۆک، خۆیان نەگرت
دڵتخۆشە، سوپا و زیندانت هەیە
بەبیرتی دەهێنینەوە،
ئێمە دەنگ و باوەڕی ئینسانیمان هەیە.

# (.....)



گوڵ پشدەری

لەو سپێدەیەدا،
وردە وشەکان لە دڵدا،
بەدوو کڕنۆش بەیان ناکرێن بۆ تۆ،
تۆ تەنها گوێگرم بە و
جارێک بمخوێنەوە،
من بێزارم لە خۆ و
هێندە پڕ لەوشەم بۆ تۆ،
بۆتۆ نەبێ بۆ کەس ئەوان ناخوێنمەوە.

## چوارینەیەک

دڵم هێند تەنگە،هەرمەمدوێنن
بۆ پرسین نابێ وازم لێ بێنن
دەرمان،هەریارە حەکیمی لوقمان
یاریش بێ دەنگە هەوێنی دەردان

شیعری : سومەیە جەلال



لە تاریکایی شەودا
دەرەوشانەوەی خۆمان دەبینی
لە دەمی پێک گەیشتندا.
گەڕاینەوە ساتی هاتنە بوون و
هەتنەبوونێکی نوێ بوو...
بە جمکی پێکەوە لکاو دەچووین.
هەناسەی یەکترمان هەڵدەمژی
بووین بە دوو شووشە،
شووشە عەتری پڕ لە بەرامەی یار
بە شەومان گوت:
تاریکاییت تۆختر کە تێمەپەڕە ئەی شەو.

# دەنگێك بانگم دەكات

شیعری : ستار ئەحمەد

لەدەنگی باراندا ...
هەنسکی گوڵ و
دیدەنیی تۆ و
ورشەی گریان کۆمدەکەنەوە
کە شیعرێک لەدڵما دەزێ
عەشقێک .. لەتیلەی جوانیتا دەمنێژێ
بە ڕۆخی بوونا شۆڕدەبمەوە
لەوەتەی دەتناسم تۆ و شیعر زامێکن
لەهەناوما کاڵ نابنەوە
دەنگێک لەناخما بانگم دەکات
دەنگێگ شنەی با و
نیگاری تۆی بەهەناسە و تاسەکانت گرێداوە
دەمکات بە تۆ
بەدڵۆپە و فرمێسکی چاوەکانت و بەهۆنراوە
بۆیە وشەیەک سەربڕن
کەرتە شاخێک بەلادا دێ
پەنجەکانم سەراپای لەش و جەرگ و
ڕۆحم لێوان لێون لەخوێنی ژیان و
بۆنی کوژرانی تۆیان لێوە دێ
من تژیم لە عەشق




شەوان زیکرو فیکرت دەمکەنە دەفێکی شەهید
تەجەللای مەرگەساتێک
بەرەو پەرستگای دەرونت دەمخە باڵ
بەرز دەفڕم
لەشارێکی گۆڕ قەرەجا
دەبمە ئاڵای کێلی خۆم و
لەهەناوتا وڵاتێک لەکاغەز پێک دەهێنم
کەبیر لەدووریت دەکەمەوە
تووانەوە دەمخاتە دیدەی دڵۆپێکەوە
نیگای باران ڕامدەژێنێ
نە ئەوەتا لەبۆتەی خوێنم دەربچی
نە لە پێکی شیعرێکی ئاڵا
جێگەی لاشەی سەربڕاوم دەکە یتەوە.

# ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کوردستان

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

## سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و هەوڵەکانی ڕەخنەگرانی کورد لەم بوارەدا بەتایبەت نووسین و هەوڵەکانی شاعیران و نووسەران کە لە دەیەی بیستەکانەوە لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستییەوە(١٩١٨ - ١٩١٩) دەست پێدەکات و تا دەگات بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ. ئەم بزووتنەوەیە لە دەیەی بیستەکانەوە دێتە مەیدان بەڵام بە بەگشتی کاڵوکرچ و نازانستی بووە. بەڵام لە دەیەی سییەکاندا زیاتر دەردەکەوێت و رووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەروویدا دەکرێتەوە. گۆڤاری گەلاوێژ ( ١٩٣٩ — ١٩٤٩) ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە پەرەدان بەم ژانرەی ئەدەب. زۆربەی نووسینە ڕەخنەییەکان لەسەر ژانری شیعر و ململانێی نێوان شیعری کۆن و نوێ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ قسەکردن لەسەر شیعر؛ نووسەرێکی وەک (ع و نوری عەبدولواحید نووری) ش بە بیروباوەڕە مارکسییە پێشکەوتووخوازەکەیەوە لە نووسینەکانیدا تەئکیدی لەسەر ئەرکی ئەدەب لە چاککردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگە دەکرد. (١)عەبدولواحید نوری یان (ع و نوری ١٩٠٤ - ١٩٤٤) ڕەنگە یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبی کورد بوو بێت کە هەوڵیداوە لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەقی ئەدەبی بدوێت. لەدەی سییەکان ڕەخنەگرانی وەک حامد فەرەج و تۆفیق وەهبی باسیان لە گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی کردووە. ڕەخنەی ئەدەبی لەم دەیەیەش وەکو دەیەی بیستەکان نەیتوانیوە بە شێوازێکی زانستییانە بنووسرێت و دوور بێت لە زمانی زبر. دەیەی چلەکان، دەیەی پاشەکشەی ڕەخنەی ئەدەبییە و گۆڤاری گەلاوێژ لاپەڕەکانی بەرووی ڕەخنەدا دادەخات. لەو دەیەیە جگە لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی شتێکی وا نابینین کە شایانی باسکردن بێت. بەڵام لە دەیەی پەنجاکان ڕەخنەی ئەدەبی جارێکی بە گوڕ و تینەوە دێتە مەیدان و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە وەکو ڕۆژنامەی ژین(١٩٣٩ — ١٩٦٣) و هیوا (١٩٥٧ — ١٩٦٣) و شەفەق ( ١٩٥٨ — ١٩٦١) و بڵێسە و هەتاو و پێشکەوتن(١٩٢٠ — ١٩٢٢) ڕۆڵی سەرەکیان گێرا لەبرەودان بەم ژانرە ئەدەبییە. لەم دەیەیەدا دەبینین زۆربەی ڕەخنەگران باس لە ئەدەب و ژیان و ئەدەب و کۆمەڵگە و ئەدەب و خەڵک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەکەن، دیارە ئەمەش بە کاریگەری ئەدەبیاتی ڕیالیزمی سۆشیالیستی کە ئەو سەردەمە لەبرەودا بوو. نووسەرانی وەک نوری ئەمین مەحمود و مارف خەزنەدار و ئیحسان فوئاد و شێخ مەحەمەدی خاڵ و مارف بەرزنجی و عەلائەدین سەجادی و حوسێن عارف و موحەڕەم محەمەد ئەمین و مەحمود زێوەر و ساجد ئاوارە و ڕەفیق حیلمی و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دکتۆر بەدرخان سندی زۆر زانستییانە تر و بە مەعریفەیەکی فراوانترەوە دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم ژانرەدا نەرمکردووە. هەرچی دەیەی شەستەکانە سەرباری چالاکییەکانی ڕەخنەگران و نووسین و کتێبەکانیان، دەتوانین بڵێین بەگشتی دەیەی متبوون و سستی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دوو بۆچوون دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی لە دەیەی شەستەکان دەکەونە بەرچاو ؛ یەکێکیان ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر مۆرکی کەسیی پێوەیە و ئەویتریان ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبیمان هەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەم نووسینە ڕەخنەییەکان و هەم کتێبە چاپکراوەکان بەروونی کاریگەری ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستییان بەسەرەوە دیارە. لێرەدا نابێت ڕۆڵی ئەو قوتابییانە لەیاد بکەین کە دەچوونە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بۆ خوێندن و لەگەڕانەوەیان پیادەکردنی ئەو ڕێبازەیان لە نووسینەکانیاندا دەگرتە بەر (٢) هەرچی دەیەی حەفتاکانە بە دەیەی زێڕینی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت. بانگەوازی ڕوانگە لە ٢٤-٤-١٩٧٠ و بوونی ڕۆژنامەی هاوکاری؛ ئەمە جگە لە گۆڤاری ڕوانگە ( ١٩٧٠ — ١٩٧٢) و نووسەری کورد و بڵاوکراوەکانی تر کە هەر هەموو پێکەوە ڕۆڵیان گرنگیان بینی لە هەستانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. دیارە لەنێو ئەم هەستانەوەیەدا نووسەران و ڕەخنەگرانی دابەش بووبوونە سەر دوو بەرەوە. بەرەیەکیان پشتیوان و پاڵپشتی ڕوانگە و ترادیسیۆنی ئەدەبیی بوون و بەرەی دووەمیش سەپۆرتی لێکدانەوەی زانستییانە و پێشکەوتووخوازانەیان دەکرد و دەکۆشان لەژێر سێبەری بیروباوەڕی مارکسیزم لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیان ئەنجام بدەن. ئەوانیش بریتی بوون لە ( فوئاد وەرەداغی و فازیلی مەلا مەحموود و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و کەمال میراودەلی و فوئاد مەجید میسری و محەمەدی مەلا کەریم) کە زیاتر بە میتۆدی مارکسیستییەوە بەرهەمە ڕەخنەییەکانیان بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەگەر لە دەیەی چلەکان و پەنجاکان ڕەخنەی ئەدەبی مۆرکێکی ڕیالیستی هەبوو و باسی پەیوەندی نێوان دەق و ژیانی دەکرد، ئەوا لە دەیەی حەفتاکان و لەبەرامبەر ئەدەبی ناسیونالیستی کوردیدا کە تەواوی بزووتنەوەی سیاسی کوردی سەپۆرتی دەکرد ڕەخنەیەکی ئەدەبی جیدی و مارکسیستی هاتە ئاراوە و شکلی گرت و وردە وردە گەشەی بەخۆیدا. (٣) دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان لەڕێگەی گۆڤارەکانی وەکو نووسەری کورد و بەیان و ڕۆژی کوردستان و ڕۆشنبیری نوێ و بیری نوێ و پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق و ..تاد، ئەم بزاوتە وردە وردە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە و هەناسەیدەدا، بەڵام ئەم بزاوتە ڕەخنە مارکسیستە ڕادیکاڵەکە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی دەیەی هەشتاکان و سەرکوتی سیاسی حیزبی بەعس لە کوردستانی عێراق، تا دەهات کز و کزتر دەبوو. لە دەیەی هەشتاکان دوو ڕووداو دێنە پێشەوە کە کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کوردییەوە هەبووە. یەکەمیان لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان، کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان لەلایەن نووسەران و ئەدیبانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دێتە دامەزراندن و گۆڤاری (پێشەنگ) چاپ و بڵاو دەکەنەوە. دووەمیان لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٨٧ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر دادەمەزرێت و گۆڤاری (ڕابەر) بڵاودەکەنەوە. ئەم دوو ڕێکخراوە ئەدەبییە مارکسیستییە لەڕووی مێژووییەوە یەکەمین ڕێکخراوی ئەدەبی مارکسیستین و دووەمیش لەسەر دەستی ئەو دوو ڕێکخراوە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دوور لە کاریگەری ناسیونالیزم و لیبرالیزم و ..تاد هاتە مەیدانی تیۆری و پراکتیکەوە و کە تا ئێستاش درێژەیان هەیە.(٤)

بەدرێژایی ئەو مێژووەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، دوو بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی جیاواز لەبواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوونیان هەبووە و قسەی خۆیان کردووە. تێڕوانینی ناسیونالیست لیبراڵ و تێڕوانینی مارکسیستی. زۆر قسە دەربارەی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ( مەبەست ڕەخنەی ئەدەبی ناسیونال - لیبراڵ) کراوە و توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لەسەر بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، هیچ کارێکی بەرچاوی وا نەکراوە. بۆیە من وای دەبینم تا درەنگتر نەکەوتووە، ئێمەی ڕەخنەگرانی مارکسیست دەبێت لەڕێگەی هەوڵەکانمانەوە، هەم قسەی چینایەتی خۆمان بکەین و هەمیش وەڵامگۆی کێشە و ئاریشەکانی ئەم سەردەمە بین

## بونیاد و میتۆدەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کوردی

لێکۆڵینەوە لە بونیاد و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نەک هەر گرنگە، بەڵکو پێویستییەکی هەنووکەییە و فەرامۆشکردن و پشت گوێخستنی زیان بە ئەدەبی پێشکەوتووخوازی و مارکسیستی دەگەیەنێت و خزمەت بە ئەدەبی بۆرژوازی دەکات. گەرچی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە سێ دەیەی ڕابردوو لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا نەیتوانیوە ئامادەییەکی بەرچاوی هەبێت، بەڵام بەیەکجاریش ون نەبووە و تا بۆی لوا بێت قسەی خۆی کردووە و گۆڕەپانی ڕەخنەی کوردی چۆڵ نەکردووە. ڕەخنەگرانی مارکسیستی جیهانیی هەر لە (جۆرجی بلیخانۆڤ و بیلینسکییەوە بگرە تا دەگاتە جۆرج لۆکاش و هێربێت مارکوزە و ئەنتۆنی گرامشی و برتۆلد برێشت و فریدریک جەیمسن و تێری ئەنگلتن) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و هەیە لە ناسینی ئاستەنگەکان و لێکدانەوە و شرۆڤەی دۆخی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و وەڵامدانەوەی کێشەکان. لە کوردستانیشدا ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی؛ هەمیشە خاوەن قەڵەم و نووسەری خۆی بووە و گەلێ نووسەری جیددی وەک (عەبدولواحید نوری و فازیلی مەلا مەحموود و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و کەمال میراودەلی فوئاد قەرەداغی و فوئاد مەجید میسری و حەمەسەعید حەسەن و یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی محەمەدی مەلا کەریم و جەمال کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و سلێمانی قاسمیانی و سەعیدی ئەمانی و ..تاد)کەم تا زۆر بە نووسینەکانیان هەوڵیان داوە ئەو لایەنەی ژانری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەشە پێبدەن و هەناسە بدات. سەرباری هەر ئاستەنگ و ڕێگرییەکیش کە هاتۆتە ڕێیان. چونکە پێمان خۆش بێت یان نا؛ ئەدەبی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی هەروا بە ئاسانی بوار بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نادات لە مینبەرەکانیانەوە( گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن) چالاکییەکانیان نمایش بکەن و دەقەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئەدەبی ناسیونال - لیبراڵی کوردیی کە ئەدەبی باڵا دەستی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردییە لە کوردستان، لە سەپۆرتێکی مادیی و مەعنەوی دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردستان بەهرەمەندە و بە پێچەوانەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کە لە هیچ سەپۆرتێک بەهرەمەند نییە. ئەمەش وای کردووە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نەتوانێت لێبراوانە چالاکی ئەدەبی و ڕەخنەیی خۆی بەرەوپێش ببات و ئاستەنگەکانی بەردەم هەنگاوەکانی وەلا بنێت. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ڕەخنەیەکی گۆشەگیر و بێئەرک نییە، بەڵکو بەشداری کارا دەکات لە ئاراستەکردنی ئەدەب بەرەو ڕێگای شۆڕشگێڕانە. ئامرێ سێزمان سەبارەت بە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەپرسێت کە ئایا( مارکسیزم چ بەشدارییەکی لە ڕەخنەی ئەدەبییدا کردووە؟ بەرێککەوتنی لەگەڵ ئەدەب لە سەدەی بیستەمدا چۆنە و هەروەها ئەو ئاراستانە چین کە ڕەنگە ڕەخنەی مارکسیستی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێت بیانگرێتەبەر؟)(٥) ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێ پرسیاری تر کە ڕووبەڕووی توێژەران و لێکۆڵەرەوان دەبنەوە پێویستە لەڕووی تیۆری و ئینجا کردەییەوە( پراکتیکەوە) وەڵام وەربگرنەوە. ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی کوردیش پێویستە بەشدارییەک بکەن با بەپێی پێویستیش نەبێت، تا لەئاستانەی بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕادیکاڵانە و هاورچەرخ بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

کۆمەڵگەی سەرمایەداری؛ وەک کۆمەڵگەیەکی چینایەتی کە لەسەر بنچینەی ململانێی نێوان کار و سەرمایە بەڕێوە دەچێت، بونیادی ماددی خۆی لەسەر پایەکانی موڵکایەتی تایبەت و خێزان و نیشتمان و ئایین بونیاد ناوە. کۆمەڵگەیەکە هیچ ڕۆژێک بەبێ ستەم و سەرکوت ناتوانێت بژێت و یەک ساتیش بەبێ قازانج و مەرگی ئینسان ناتوانێت هەناسە بدات. ئەم کۆمەڵگە پڕ لە ئاشووب و شەڕ و ماڵوێرانییە یەک لایەنی جوانی تێدا نییە تا نیشانی ئینسانی بدەین، سەرتاپای ناشرینی و مەرگەساتە. بۆرژوازی بۆ شاردنەوەی ئەو مەرگەساتەی کە ناوی ناوە ژیان و بەجوان نیشاندانی ئەو ماڵوێرانییە پێویستی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە تا ئەو ئەرکەی بۆ ڕاپەڕێنێت. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئەدەب و هونەری کرێکاریی ڕێک پێچەوانەی ئەو ئەرکە کۆنەپەرستەی هونەری بۆرژوازی؛ ماهییەتی دژە ئینسانی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدات. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی پێویستییەکی گرنگی قۆناغی خەباتی چینایەتی کرێکارانە دژ بە سەرمایەداران و بۆرژوازی. بونیادی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی؛ بونیادێکە لەسەر بنەمای تێڕوانینە چینایەتییەکان وەستاوە. واتە لە گۆشەنیگای ململانێی چینایەتییەوە دەڕوانێتە دەق و ئەدەب. ئەم ژانرە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی ئینسانی سۆشیالیستە لە تەواوی سەرخان و هەروەها لە پراکتیکی دژە ئینسانی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی بۆرژوازی. دیارە نابێت بیرمان بچێت کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی هەر تەنها تاک ڕەهەندانە کار ناکات. واتا هەر تەنها دژ بە واقیعییەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناوەستێتەوە، بەڵکو دژ بەو ئەدەبەش دەوەستێتەوە کە بەرگری لەو واقیعیەتە تاڵە و لەو ماڵوێرانییە دەکات.( بۆ ڕەخنەگرانی مارکسیست، ئەدەب ئامڕازی گەشەسەندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە و هەروەها ئامرازێکی بەهێزە بۆ کاریگەری لەسەر بیری گشتی بۆ جووڵەکردن بە ئاراستە نوێکان.)(٦)ڕەخنەگری مارکسیست بۆ ئەوەی بتوانێت هەمیشە لە ڕەخنەکانیدا ئامانج بپێکێت، دەبێت ئاگاداری گەشەی ئەدەب و هونەر و زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونشیکاریی و ...تاد بێت. دەبێت پەیوەندی دەق و کۆمەڵ، نووسەر و چین، دەق و نووسەر و ئایدیۆلۆژیا لە دیدگای مارکسیزمەوە بەجوانی بناسێت و ئەم گۆشەنیگایە بکات بەبونیادی بابەتەکانی. واتە باری کۆمەڵناسی و ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی و زمان بۆ ڕەخنەگری مارکسیستی گرنگن و بەشێکن لە بونیادی ڕەخنە. ئەدەب بەشێکە لە وشیاری کۆمەڵایەتی و ناکرێت تەماشای دەق و ئەدەب بکەین وەک ئەبستراکتێک، بەڵکو دەبێت وەکو خولقاوێک لەپەیوەند بە کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ببینرێت

بەو پێیەی مارکسیزم ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیش ڕەخنەیە لە تەواوی دنیای ئەدەب و هونەری بۆرژوازی. میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، میتۆدی سۆشیالیزمی زانستییە و هەمان ئەو میتۆدەیە کە مارکس دانتی پێ خوێندۆتەوە و لینین تۆلستۆی پێ هەڵسەنگاندووە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تەنها ڕەخنەیەکی ئایدیۆلۆژییانە نییە لە دەق، بەڵکو زیاتر هەڵسەنگاندنێکی چینایەتی دەقی ئەدەبی و هونەرییە لە پەیوەندی بە چین و کۆمەڵگە و ژیان و ئینسانەکان دەدوێت. خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگە و ئەدەب؛ ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە و ڕەخنەگران پشت ئەستوور بەو خوێندنەوە واقیعییە دەتوانن پەرە بە ئەدەب و هونەری ئینسانیی بدەن و دژ بە کۆنەپەرستی ئەدەبی بۆرژوازی بوەستنەوە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ڕەخنەی ڕەتکردنەوە و داهێنانە. واتە کۆنەپەرستی ڕەت دەکاتەوە و پێشکەوتووخوازی پەرە پێدەدات. ئێمە دەزانین مارکسیزم کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر توێژینەوەی ئەدەبی و کلتووری هەبووە و هەموو ئەوانەی ئارەزووی ئەو بوارەیان هەیە پێویستە ئاگاداری ئەو کاریگەرییە جەوهەرییەی مارکسیزم بن لەسەر ئەدەب و هونەر و کلتوور . دەستکەوتە زانستییەکانی توێژینەوەکانی مارکسیزم لەبواری ئەدەب و کلتوور دیار و بەرچاون. بۆیە بەبێ ئاگاداری ئەو دەستکەوتانە و بەبێ خوێندنەوەی ئەو هەوڵانە، ڕەخنەگران ڕەنگە نەتوانن بەپێی پێویست خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێن. وەک دەزانین ئایدیۆلۆژیای زاڵ لە کۆمەڵگە؛ ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتداران و ستەمکارانی چەوسێنەرە. ئەدەب و هونەری بۆرژوازیش وەک بەشێک لە سەرخانی کۆمەڵ و ئایدیۆلۆژیای زاڵ؛ ڕۆڵی نیگەتیڤ دەگێڕێت لە پەردەپۆشکردنی واقیعییەتی کۆمەڵگە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەدوای هەژموونی دەقەوە نییە و ئەو نایەوێت نووسەر کۆنترۆڵ بکات و ئازادی بەمانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لێ زەوت بکات. بەڵکو دەیهەوێت شرۆڤەی دەق بکات و خوێندنەوەیەکی پراکتیکی چینایەتی بۆ پرۆسەی نووسین و دەق بکات و لەوێشەوە لەڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکارانەوە هەڵسەنگاندنی خۆی ئەنجام بدات.

## گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ئاریشەکان

ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی وەکو بەشێک لە سیستەمێکی ڕەخنەیی کلتووری هەمەلایەن لە واقیعییەتی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیی، ئەرکییەتی وەڵامگۆی ئەم ئاستی گەشە و نەشونمای بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی ئەم سەردەم و قۆناغە هەستیارە بێت و قسەی خۆی لەسەر کێشە بناغەییەکانی ڕەخنە و ئەدەب و هونەری کوردی بکات. لەجەرگەی ئەم ململانێ ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، هەردوو ئاراستەی جیاوازی ڕەخنە ئەدەبی کوردی لەسەریانە قسەی خۆیان بکەن و ئاسۆی چارەسەرکردنی ئاریشەکان بخەنە بەردەم بزووتنەوەکە. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت هەوڵەکانی خۆیان بەئاراستەی وەڵامدانەوە بە کێشەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بەرن. ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە هەر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە لەبڵاوکراوە سیاسی و ئەدەبییەکاندا دوو بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی جیاواز لەبواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوونیان هەبووە و قسەی خۆیان کردووە. ئەمڕۆ لە جیهانی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی کوردی و هەروەها پانتایی میدیای بیستراو و بینراودا هەوڵە ئینڤیجوالەکان لەئارادان و بەڵام زۆر بەکەمی هەوڵی سیستیماتیک و بەکۆمەڵ دەبینین کە ئیش لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری بکات.(٧) گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، گوتارێکە تا ئێستا نەیتوانیوە بەپێی پێویست پابەند بێت بە پرنسیپەکانی ڕەخنەوە، هەنگاوی پراکتیکی ڕوو لە ناسینی خۆی و ئەدەب و هونەر بێت. لەبەر ئەوەی هەڵگری بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆی سیستەمی مەعریفی کۆمەڵگە نەبووە، بۆیە دەبینین تا هاتووە لە ئەرکەکانی خۆی دوور کەوتۆتەوە و خۆی لە قسەی جیددی بەدوور گرتووە و نەبۆتە بەشێک لە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە. بەڵکو هەر بەمەشەوە نەوەستاوە و خۆی تا ئاستێکی زۆر نزم هێناوەتە خوارەوە و لە ژانر و هونەرەوە بۆتە کاسبی و هاوکێشەی نووسین بە نووسین و دەعوەت و شتی بێمانای لەمجۆرە کە مەگەر هەر لە قووتووی عەتاری بۆرژوازیدا بوونی هەبێت، دیارە ئەمەش جگە لە بێماناکردنی ڕەخنە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی هیچی تر نییە. هێنانەخوارەوەی بەهای ئەدەبی و مەعریفی ڕەخنە ناتوانێت بچووکترین خزمەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری بگەیەنێت. ئەو نووسەرانەی لەژێر ناوی ڕەخنەی ئەدەبی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، سەلمێنەری ئەوەن کە یەکەم هیچ لە مانای ڕەخنە و بەهای کۆمەڵایەتی و مەعریفی ڕەخنە نەگەیشتوون و دووەمیش بێئاگایی و دەستوپێ سپێتی خۆیان نیشان دەدەن. ئاریشەیەکی تری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە دەتوانین بەڕوونی ببینین و بیخوێنینەوە بریتییە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان. ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و زانکۆکان و دامەزراوە فەرهەنگییەکان و کۆڕی زانیاری کوردستان و بڵاوکراوەکانی ئەو ناوەندانە وەکو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب کە نەک هەر ئیشیان بەپێی پێویست لەسەر ڕەخنە نەکردووە، بەڵکو بەهای ڕەخنەشیان لەجێی شیاوی خۆی دانەناوە. ڕەنگە کەسێک بپرسێت ئەی بۆ بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکان بەمجۆرە نەبوو، دەتوانین بڵێین کە ئەوکات ڕەخنەی ئەدەبی لەپێناو مەعریفەدا بوو و ئێستاش لە سێ دەیەی ڕابردوو لەپێناو مەرامە کەسیی و حیزبی و غەیرە مەعریفییەکان دەنووسرێت. هەلومەرجی سیاسی کوردستان و شەڕی نێوان باڵەکانی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار بەجۆرێک کەوتەوە کە دوو ئیدارەیی بەدوادا هات و نووسەران و هونەرمەندانیش بوون بە دوو بەرەوە. نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان کەوتنە بەردەم بەرداشێکەوە کە یان دەبێت ئەم باڵ بن یان ئەو باڵ. لێرەشەوە مەسەلەی حیزبی بوون و خەساندن و کڕینی نووسەران و ...تاد هاتەگۆڕێ. نووسەران و ڕەخنەگران ئەوەندەی خەمی ڕازیکردنی باڵەکەی خۆیان بوون و ڕەخنەیان لە نووسەرانی باڵەکەی تر دەگرت، ئەوەندە خەمی مەعریفە و بەرەوپێشچوونیان نەبوو. ئەوان لەژێر ناوی دژایەتیکردنی ئایدیۆلۆژیا بەرگرییان لە ئایدیۆلۆژیا دەکرد. کێشەی ئەو ڕەخنەیە کێشەیەکی چینایەتی نەبوو ئەوەندەی کێشەی ناو یەک بازنەی داخراوی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی بوو

گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەڵگری بووە، گوتارێکی زیاتر ناسیونالیستی بووە گەرچی لە هەندێ قۆناغدا نەیتوانیوە هەڵگری ئەو پەیامەش بێت. گوتارێک زیاتر بە دەروی شیعردا خوولاوەتەوە و جارێک زمانی زبر و جارێکی دی نکوڵی کردن لە بوونی ڕەخنە و ڕوون نەبوونی سیمای ڕەخنە بەگشتی لای ڕەخنەگران تا دەگات بە ڕیالیستبوونی ڕەخنە و پەیوەندی نێوان دەق و کۆمەڵگە و جەماوەر و ئینجا هاتنەمەیدانی بزاوتێکی ڕەخنەیی پێشکەوتووخواز ، کە دەتوانێت کورتەیەک بێت لە سیما و جەوهەری بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە سەد ساڵە لەئارادایە و هێشتاش نەیتوانیوە لە ئامانجە مێژوویی و مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی نزیک بێتەوە.(٨)

## دواجار

دواجار پێموایە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی وەک نەریتێکی ڕەخنەیی و ژانرێکی ئەدەبی، ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەردا نەهاتووە بەبەراورد بە گەشەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. چونکە سەرمایەداری گەرچی لە شێوە و فۆرمدا گۆڕاوە بەڵام لە جەوهەردا هەر هەمان ئەو جەوهەرەیە کە ڕابەرانی سۆشیالیزمی زانستی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس و لینین پێناسەیان کردووە و ناساندوویانە بە خوێنەر و چینی کرێکار. بەم پێیە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی؛ وەکچۆن پایەکانی لەسەر واقیع و زانست بنیادنراوە، ئاواش لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا واقیعبینانە و زانستییانە بە ئەرکە چینایەتییەکانی خۆی هەڵدەستێت و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە، لە کوردستانیش ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەرچی خاوەن مێژوویەکە، بەڵام ئەو مێژووە بەپێی پێویست نەخوێنراوەتەوە و بەردەست نییە بۆ لێکۆڵەرەوانان و ڕەخنەگران تا بەڕۆشنی ڕەوتی گەشەکردنی ئەو ڕەوتە لە ڕەخنەی شۆڕشگێڕانە دیاری بکەن. ئەرکی توێژەرانی ئەدەبی مارکسیستییە لە کوردستان ئەو مێژووەی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەگرانە بخوێننەوە و هەنگاو بە هەنگاو لەڕەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کوردستان هەر لە سەرەتای دەیەی بیستەمی سەدەی ڕابردووە تا ئەمڕۆ، بکۆڵنەوە. ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی کوردیش ئەرکییەتی بەهەمان میتۆد و بەهەمان گۆشەنیگای مارکسەوە لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا تێبکۆشێت، بپێتە بزوێنەری سەرەکی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی و تەواوی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ناسیونالیزم و مارکسیزمەوە، (کە ئەمەی دواییان دوو جۆر بوون و سەر بە دوو ئاراستەی جیاواز بوون کە ئەوانیش ماویزم و ستالینیزمن)، بخوێنێتەوە و هەژموونی پێشکەوتووخوازی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بکات بە بیرکردنەوەی زاڵی نێو بزاوتی ئەدەب و هونەری کوردی لەم سەدەی بیست یەکەمینەدا

## سەرچاوە و پەراوێزەکان :

١- هەندێک لە زانیارییەکانی نێو ئەم نووسینەم لە کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر دکتۆر پەرێز سابیر لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ١٩ تا ١٠٠، وەرگرتووە

٢-عەزەدین مستەفا ڕەسوڵ و شوکریە ڕەسوڵ و کوردستان موکریانی و جەماڵ خەزنەدار و کاوس قەفتان و نەسرین فەخری و ،مارف خەزنەدار و .تاد لەو قوتابیانە بوون کە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە یەکێتیی سۆڤییەت خوێندویانە و بڕوانامەیان بەدەست هێناوە.

٣-من وای دەبینم کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەشێوە سادە و سەرەتاییەکەشی بێت، بوونی هەبوو بێت و لانی کەم لە بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (حشع)دا ، بەڵام بەداخەوە تا ساتی نووسینی ئەم بابەتە زانیاری پێویستمان لەبەردەستدا نییە

٤-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەیەی هەشتاکان بڕوانە کتێبی ( دەربارەی کار و تێکۆشانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧ — ١٩٩١) نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق چاپی یەکەم ٢٠٢٢.

5 -Marxist Criticism, Then and Now

https://link.springer.com/3_9781137339959/10.1057/chapter

https://philpapers.org/rec/SZEMLC

Preface to Revolution : Russian Marxist-6 1917 – 1883 Literary Critisim

.2 page 1972 Yale University publishing

Pro Quest website Lucid, Daniel Peri

https://www.proquest.com/openview/a9d6pq-origsit?1/093ba03e3035f81c2316e99f1319diss=y&18750=e=gscholar&cbl

٧- ئێمە دەزانین لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری عێراق، خەباتی ئەو چینە دژ بە چەوسانەوەی سەرمایەداران دەستی پێکردووە و ئەدەبییش بەشداری ئەو خەباتەی کردووە. ڕەخنەی ئەدەبییش کەم تا زۆر بوونی خۆی هەبووە و ڕۆڵی خۆی گێڕاوە. بەڵام لە ئۆرگان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە حیزبی و غەیرە حیزبییەکاندا و هەروەها لەناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیش بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کۆتایی دەیەی شەستەکان هیچ توێژینەوەیەک یان لێکۆڵینەوەیەکمان لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کوردی و هیچ توێژەرێکیش خۆی لەقەرەی ئەو باسە نەداوە و تەنانەت سەرچاوەکانیشمان لەبەردەستدا نییە تا بەو ئەرکە مێژووییە گرنگە هەڵبستین

٨-نابێت لێرەدا ڕۆڵی گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە ٦ خوولی دووەم لەیاد بکەین کە تایبەت بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی و هەردوو ڕەوتەکە ( ناسیونالیزم و مارکسیزم) بەشدارییان تێدا کرد و هەروەها دیداری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی (دیداری شێخ نووری شێخ ساڵح) بە کەم وەربگرین کە لە ١٥ی مانگی شوباتی ئەمساڵ لەشاری سلێمانی بەڕێوە چوو کە بە سپانسۆری ڕێکخراوی کەریمی عەلەکە؛ نۆ توێژەر و ڕەخنەگر نۆ بابەتیان پێشکەشکرد و بابەتەکانیش لە کتێبێکدا چاپ کران و لە یەکەم ڕۆژی دیدارەکە بڵاوکرایەوە. هەرچەندە من ئەم دیدارە بە کارێکی باش و هەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەزانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە خاڵی لاوازی دیدارەکە بریتییە لە ئامادەیی یان لالێنەکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و جێگەنەکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە لەو دیدارەدا

# گرێژنە

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت



## ماسک و نووسین

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقێک، نووسینێک، هەر تەنها پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی نییە بۆ تێگەیشتن لە دەق و ناسینەوەی کۆدەکانی نووسین، بەڵکو لە سێ دەیەی ڕابردوودا هەلومەرجێک گوزەراوە و دەسەڵاتی کوردایەتی کایەی نووسین و ئەدەبیاتی دووچاری پاشاگەردانییەک کردووە، کە نووسەران لەڕاستەهێڵی نووسین و داهێنان لابدەن و جۆرە شێوازێک لە نووسیندا بگرنەبەر کە بتوانن بە ئاسانی بگەن بە مەبەستەکانیان. کەئەویش گەیشتنە بە ئامانجی نووسین. ئامانجی نووسینیش لای زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و ئەدیبان بریتی بووە لە خستنە بەرچاوی دەقێک کە لەلایەکەوە وا بنوێنێ کە نوێیە و ئەفرێنراوە و لەلایەکی تریشەوە خوێنەر چەند فرسەخ لە دەقنووس و واقیعی نووسەر دوور بخاتەوە. ئەم شێوازەش لە نووسین خوێنەری تووشی سەرلێشێواویی کردووە بەوەی کە دەق شتێک دەڵێ و واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی نووسەری دەقەکەش شتێکی تر. واتا ئەوەی نووسەر لە دەقدا دەیڵێ پێشێلکاری واقیعی حاڵ و بیرکردنەوەی نووسەرە. ئەم پارادۆکسە گەرچی دیماگۆجییەتێکی نادیاری نووسەرە، لەهەمان کاتیشدا ماسکێکە و پۆرترەیتی کۆمەڵایەتی و کانزا ئەسڵییەکەی نووسەر دەشارێتەوە. بۆیە سەیر نییە خوێنەری زیرەکی وا هەیە دەتوانێت دەیان نموونە بهێنێتەوە لەوەی کە چۆن فڵانە نووسەر کە بە دەربڕینی پێشکەوتووخوازییەوە ناسراوە و لەماڵەوە ڕۆڵی جەلاد دەگێڕێت، یان فڵانە ڕەخنەگر کە وا نیشان دەدات دونیای قەبووڵ نییە و هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە، چۆن لەژێرەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردایەتی سازشی لەسەر گەلێک مەسەلەی گەوهەری کردووە، لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی. ئەوەی وای کردووە کە ئەو دۆخە بەوجۆرە بچێتە سەر سادەیی خوێنەرە؛ لەهەمبەر مەسەلە فیکریی و سیاسییەکان. برەودان بەو شێوازە لە موجامەلەی بێ گیان و ڕیاکاریی کە دەقنووسێکی ناکارامە و هیچ لەبارنەبوو، دەکاتە (ئوستاز) یکی سەر سایت و میدیا حیزبیی و سێبەرەکانیانی، تینوویێتی دەسەڵاتی کوردایەتییە بۆ ئەدیبان و نووسەرانی دەربار. بۆرژوازی کوردیی ڕێک عەودالی ئەو دۆخە پڕ لە شکستەی نووسین بوو تا لەلایەک نووسەرانێک بهێنێتە پێشەوە کە وەفا و وەلائیان بۆ دەسەڵاتی شکسخواردووی کوردایەتی هەبێت و لەلایەکی تریشەوە سوپایەک لە خوێنەر وەک سەربازگە ڕابهێنێت لەسەر شکاندنی جەوهەری نووسین و ئیرادە و بەگەرخستنی کارگەی ماسکخوازیی لەتەواوی جومگە هەستیار و ناهەستیارەکانی کۆمەڵگە و ژیان بە ئەدەبیشەوە. دیارە قوربانی سەرەکیش لەم گەمە ماسکخوازییەدا خوێنەر و خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی کوردستانن کە بە پلەی یەکەم دەبنە سووتەمەنی ئەم یارییە قێزەوەنەی دەسەڵات و نووسەرانی دەربار و ماسکخواز

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# بژی ژیان "بەڵام ناتوانیت بەر بە ئازادیی ژن بگریت"

**ڕانانی؛ ئیدریس عەلی**

ڕۆمانی (بژی ژیان) لە لایەن نووسەری ئێرانی(ڕەعنا سلێمانی)یەوە نووسراوە و خاتوو (ڕووناک شوانی) بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، لە نێو یەکێک لە زیندانە گەورە و بەناوبانگەکانی وڵاتی ئێران ڕوو دەدەن کە ئەویش زیندانی ئەوینە، لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بە دوو سەرباز ئاشنا دەبین کە لە ئامادەکاری و تەدارەکدان بۆ لەسێدارەدانی چوار ئافرەت، بێ ئەوەی بزانن تاوانەکەیان چییە، ئەمان تەنها جێبەجێکردنیان لەسەرە و کارمەندی تایبەتن بەو پرۆسەیە، سەربازێکیان هەر لە سەرەتاوە شڵەژان و دڵەڕاکێی پێوە دیارە، ئەوی دیکەیان زۆر ئاسایی لە ئیشەکە دەڕوانێت، ئەمیان یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەتی لە بەشی لەسێدارەدان، ئەوی دیکەیان کۆتا ڕۆژیەتی و ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ لەسێدارەداندا هەیە، هەموان چاوەڕێ دەکەن لە ئانوساتدا چوار ئافرەتەکە بهێنن و بیان کەن بە پەتەوە، کەس نازانێت تاوانی هەر یەک لەو خانمانە چییە، نووسەریش ورد ورد بە تەکنیک و شێوازە سیحرییەکەی خۆی، دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی هەر چوار ئافرەتەکە، ئەڵبەت گەمەیەکی جوانی لەگەڵ زەمەندا کردووە و دیمەنەکانی پاش و پێش خستووە لە گێڕانەوەکەدا، بەڵام ناشهێڵێت بۆ چرکەوساتێک لە پرۆسەی خوێندەوە دابېرێین

ڕۆمانی (بژی ژیان) لە بیستودوو بەش پێکهاتووە، هەر کام لە بەشەکان سەربەخۆن و شووناسی یەکێک لە کاراکتەرەکان ئاشکرا دەکەن، هاوکات ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی وڵاتی ئێران دەگێڕنەوە، بەڵام بە هەموویانەوە پەردە لەسەر نهێنییە گەورەکە هەڵدەماڵن و چیرۆکە گەورەکە دەگێڕنەوە، ئەویش چیرۆکی ژیانی تراژیدی خەڵکی ئێرانە بە گشتی و ڕەگەزی ئافرەت بە تایبەت، وێنەیەکی گشتی ئەو وڵاتەمان بۆ دەکێشێت لە ڕووی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و قانوونی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی و ئازادی تاک، کە تیایدا ژنان، هەر لە قۆناغی مێردمنداڵییەوە دەبنە قوربانییە گەورەکە و باجی کێشە و هەڵە و کەموکوڕییە پەروەردەیی و هەژموونە دینییەکان و پەیوەندییەکان دەدەن، لەگەڵ ئەمانەشدا هەوڵی بێوچان و لێبڕاوانەی ژنانی ئەو وڵاتەمان پیشان دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئازادییە ئینسانییەکان و ژیانێکی باشتر "دەتوانیت دەمودەست هەر کاتێک بتەوێت بمکوژیت، بەڵام ناتوانیت بەر بە ئازادیی ژن بگریت" بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە کۆمەڵگە و لە سایەی سیستمە دینییەکاندا، ژن بووەتە چەقی ململانێ و باس و خواستە دژ بە یەکەکان لەسەر ژن، جەستەی ژن، بیرکردنەوە و ئازادی ژن، هەر بۆیە زۆربەی خرۆشان و ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکانیش لە ژنانەوە سەرچاوە دەگرن و ژن دەبنە سەرمەشق ڕابەری تووڕەیی و خۆپیشاندانەکان لەسەر شەقامی سیاسی ئەو جۆرە وڵاتانەدا، بێگومان ئێمە گەواهیدەری ئەو دۆخەین کە لە وڵاتی ئێراندا دەگوزەرێت، ئەو بێمافی و ستەمەی لەسەر ژنان هەیە، ئەو لەمپەر و ڕێگریانەی لە بەردەم چالاکییە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ژناندا دروست دەکرێت، نەیانتوانیوە بەر بە تەوژم و شەپۆلی نارەزایەتی ژنان بگرن و هەمیشە وەک سەرمەشقی خەبات و گۆڕانکاری، لەپێناو دنیایەکی باشتردا، دنیایەک کە چیدی هەڵاواردن و جوداکاری و بە کەم و نزم تەماشاکردنی ژنانی تێدا نەبێت، یەکێک بووە لە دروشم و خواستە سەرکییە ئینسانییەکانی ژنان، ئەم حاڵەتە نەک هەر بۆ وڵاتی ئێران، بەڵکو بۆ وڵاتانی وەک ئەفغانستان، پاکستان و هەر وڵاتێکی دیکە ڕاستە کە بە زەبر و زۆر خەریکن یاسا کۆنەکان بەسەر ژناندا دەچەسپێنن و بیرکردنەوە و ئازادییەکانیان سنووردار دەکەن

کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو دووتوێی ئەم ڕۆمانە چوار ژنن، سەکینە بە تاوانی پەیوەندی لە دەرەوەی هاوسەرگیری بە زینا تاوانبار کراوە، ویدا لە ململانێیەکدا بە مەبەستی نێوەندگیری بەبێ مەبەست کوشتنی ئەنجام داوە، تاوانی شیرین سیخوڕیکردنە بۆ وڵاتی ئیسرائیل، سوەیلا لە سۆنگەی ئالوودەبوون و لەشفرۆشی لە زیندان قایم کراوە، هەر لەوێش منداڵە بچووکەکەی لەدایک دەبێت و دەکوژرێت

بەگشتی (بژی ژیان) ڕۆمانێکی پێچەقێنە لەسەر ژیان و مانەوە لە ژیاندا، ڕۆمانێکی جوانە و پڕە لە ئەزموون و وانە و فێر بوون، خۆی لە خۆیدا ئاوێنەیەکە دەتوانین گوزەران و دۆخی ژنانی ئێرانی تێدا ببینین، چونکە چیرۆکی ئەوانی تێدا بەرجەستە کراوە، لە جۆری ئەو ڕۆمانانەیە کە لەسەر یەک چەمک و ڕەهەند نەوستاوە، بەڵکو کۆمەڵناسانە خوێنەر دەباتەوە سەر سەرچاوە و چاوگەکانی تاوان، خیانەت، کوشتن و ئالوودەبوون، ڕەهەندەکانی یاسا و حوکمڕانی ڕەخنەباران دەکات و کۆمەڵگە و دەسەڵات بەرپرسیار دەکات لەو هەڵە و تاوانانەی ژن ئەنجامی دەدەن، ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت ژن لە سایەی دەستوور و دەسەڵاتە لەقاڵبدراو و تاریکەکاندا، چ پێگەیەکی نزمیان هەیە، پێمان دەڵێت هەموو تاکێک لە وڵاتێکدا کە یاسای سەردەمە کۆنەکان پیادە دەکات، تاوانبارە بە ئەنجامدانی تاوانێک، کۆمەڵگە و سیستەمێک کە خۆی فەزای ئەنجامدانی تاوانت بۆ دەڕەخسێنێت، هەر خۆشی لەسەر بنەمای یاسا و فەرهەنگە دواکەوتووەکان سزات دەدات، ئەم ڕۆمانە سادە و ساکار دۆزەخی ژنبوونمان پیشان دەدات، بە زمانێکی سادە ئازار و کێشەیەکی مێژوویی و ئەزەلیمان بۆ دەگێڕێتەوە، تەکنیکێکی بەرزی هەیە و سەرجەم کاراکتەرەکان، بە پێگە و ڕابردوو و خەم و ئازارەکانیانەوە دەناسێنەوە، چونکە کەسانی ئاسایی و واقیعیی نێو خودی ژیانن، ئەوانەن ڕۆژانە بەریان دەکەوین و لامسەلایی بە لایاندا گوزەر دەکەین بێ ئەوەی بزانین چ چیرۆکێکی غەمگین و تاڵ و تراژیدی، لەنێو دڵیاندا پەنهانە، کاراکتەرەکان لە ڕاستیدا کەسانێکن جارێک دایک، جارێک ئەویندار، جارێک خۆشک و هاوڕێمانن، دیمەنی ترسناک و غەمگین لەم ڕۆمانەدا هەن، هەر دوو چەمکی جەلاد و قوربانی، هێڵی گشتیی خودی ڕۆمانەکەن، واتە ئاسان دەیانبینین و دەیانناسینەوە، دواجار پرسی لەسێدارەدان، بە وردی لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە و وەک حاڵەتێکی ئینسانی، بە گەردوونی کراوە

لە لایەکی دیکەوە ئە ڕۆمانە باس لەو فشار و کاریگەرییانە دەکات کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکاران لە مافەکانی ژنان و ئینساندۆستەکانی دنیا کە سەبارەت بە کەیسە سیاسییەکان و پرسی زیندانیان و لەسێدارەدا دروستی دەکەن و سنوور بۆ ملهوڕییەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دادەنێن سەبارەت بە پرسی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و بەرتەسکنەکردنەوەی مەوداکانی ئازادی بە گشتی و ئازادییە فەردییەکانی ژنان




# پەیکەری "بیرمەند" ی هونەرمەندی فەرەنسی

# ئۆگست ڕۆدین؛ (*)

## وەرچەرخانێک لە هونەری پەیکەرسازی

**ڕانانی: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**



"بیرمەند" پەیکەرێکی سەرسامکەرو نایابە لەمەڕمەڕو برۆنز بەدەستی پەیکەرتاشی فەرەنسی ئۆگست ڕۆدین داتاشراوە. پەیکەرەکە لە مۆزەخانەی ڕۆدین لە پاریسدایە، پیاوێکە لە تێڕامان و لە ناوەوە قاڵبووی بیرکردنەوە قووڵەکانە. پەیکەرەکە زۆرجار گوزارشت لە فەلسەفە دەکات. پەیکەری بیرمەند لە برۆنز دروستکراوەو لەسەر بەردێکی گەورە وەک بناغە دانراوە کە پیاوێکی ڕووتە لەسەر بەردێک دانیشتووەو دەستێکی ناوەتە ژێر چەناگەی بۆ ئەوەی لە قووڵایی بیرکردنەوەدا دەربکەوێت، ئەم شاکارە ساڵی ١٨٨٠ بە بەرزی ١٨٤سم و لەسەر بناغەیەک بە پانی ٩٧ سم دامەزراوە، پەیکەرێکی گەورەی هاوڕەنگ؛ جەستەیەکی تێکسمراوە بە ماسوولکەی پتەو کە بە بارمەنگیی (تناسق) داپۆشراوە، پیاوێکی ڕووتی دوور لە هەر کەشێکی ئیرۆسی وروژێنەر.. ڕووت بەو مەبەستەی تا ئاستی پاکنوودی داماڵراوە لە ویستەکانی خودو ڕۆچووەتە ناو ژیانێکی قووڵتر لە ئاسایی. ساڵی ١٨٦٠ کاتێک ڕۆدین دەستی بە پەیکەرسازی کرد، هونەر ڕەگێکی قووڵی لە داستان و ئەفسانە دێرینەکاندا داکوتابوو، چیرۆکی ئایین و ئەفسانەو ئەدەبیات و مێژووی دەگێڕایەوەو وەک ئەوەی هونەرمەند شایەتحاڵی ڕووداوەکان بێت. تەنها سی ساڵ دواتر لە لووتکەی ژیانی پیشەیی خۆیدا ئۆگست ڕۆدین وەک شۆڕشێک هونەری پەیکەرسازی وەرچەرخاندو گەیاندییە ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین مۆدێرن، کە سەرنجی هەست و بیرکردنەوەی هونەرمەندان و بینەرانی تا ئەمڕۆ، ڕاکێشاوە. ڕۆدین بە "مۆزارتی پەیکەرسازی مۆدێرن" ناوبراوەو یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی بەرهەمەکانی لەگەڵ قووڵایی ڕۆحی مرۆڤدا دێنەگۆ. ئەوانەی بەرهەمەکانی دەبینن، سەرنج دەخەنە سەر قووڵایی دیدگەو دەستڕەنگینی کە ڕکابەریکردن یان لاساییکردنەوەیان ئەستەمە. بێگومان پەیکەری بیرمەند بەناوبانگترین بەرهەمی ڕۆدینە. هەروەها باشترین شاکارە کە گوزارشت لە پرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات و هێزی دەروون و ڕۆڵی لە دروستکردنی بیرۆکەدا بەرجەستە دەکات. کارکردن لەسەر پەیکەرەکە دە ساڵی خایاندووە. سەرکەوتنی ڕۆدین لەوەدایە کە توانی کار لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە بکات، کە شتێکە ناتوانرێت ببینرێت و دەستی لێبدرێت. پەیکەرەکە پیاوێکی گەورە نیشان دەدات کە چەناگەی لەسەر دەستی داناوەو لە قووڵایی بیرکردنەوەدایە. زۆر کەس لەو کاتەدا پێیان سەیربوو کە بۆچی ڕۆدین بیرمەندەکەی بەم شێوەیە وێنا کردووە؟ تیۆرێک هەیە دەڵێت ئەو ویستویەتی کەسێکی قارەمان بێت هاوشێوەی کارەکتەرەکانی میشێل ئەنجێلۆ کە بیرکردنەوەو جوانی لە یەک بۆتەدا بەرجەستە دەکات. ڕۆدین لە بیرەوەرییەکانیدا؛ نووسیویەتی: "بیرمەند" چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە، ماوەیەکی زۆر بیرم لە دەروازەکانی دۆزەخ دەکردەوەو لە خەیاڵمدا دانتی لەسەر بەردێک دانیشتبێت، کاتێک بەهرەی خۆی بەکارهێناوە بۆ نووسینی چامە شیعرەکەی (کۆمیدیای خوایی) . بەڵام بیرم کردەوە وێناکردنی دانتی وەک زاهیدێکی کەم وێنەی دابڕاو لە هەموو شتێک بێمانا دەبێت. بیرم لە کەسێکی ڕووتی تر دەکردەوە کە لەسەر بەردەکە دانیشتبێت و دەروێشانە خەون ببینێت. لە ڕاستیدا خەون نییە، بەڵکو داهێنەرو خوڵقێنەرە". "بیرمەند"ی ڕۆدین لەگەڵ خواستە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەنگی دایەوە ، سەردەمی مارکس و داروین و ڤاگنەر. بەڵام ڕۆدین لە هاوکێشەی بیرمەند؛ شاعیر؛ داهێنەردا، زۆر لە پێش سەردەمی خۆیەوە بووە. خۆشەویستی "بیرمەند" لەناو جەماوەردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی کە لە مرۆڤی ونبوودا بەرجەستەی دەکات، کە بەهۆی بیرکردنەوە قووڵەکەیەوە تا ئاستی متبوون لەناواخنی خۆی دەقی بەستووە. بە بڕوای ڕۆدین بیرمەند تەنها بە عەقڵ بیرناکاتەوە، یان بە برۆی ڕووخسارو بەلێوی داخراو، بەڵکو بە هەموو ماسوولکەکانی قۆڵ و پشت و قاچ و تەنانەت بە پەنجەکانی پێشی شایەتحاڵی بیرکردنەوەن. پەیکەرەکە بە وردەکارییەوە تیشک دەخاتە سەر گرژی ماسوولکەکانی کەسی دانیشتوو، هەستێکی قووڵی خۆڕاگری دەگەیەنێت. بێ گوێدانە لێکدانەوە جوانکارییە جیاوازەکان، بەهێزی ئەم پەیکەرە لەوەدایە کە وا لە هەموو مرۆڤێک دەکات ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، خۆی لە تێڕامان و بیرکردنەوەدا نوقم بکات، هەر ئەوەشە وایکردووە کە پەیکەری "بیرمەند" بەڕاستی وەک پیاوێکی بیرکەرەوە دەربکەوێت، ئەمڕۆ "بیرمەند"ی ڕۆدین بە چەندین شێوەو قەبارەی جیاجیا بەردەستە، زیاتر لە پەنجا پەیکەر لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، هەموویان لە بیرمەندی ڕۆدینەوە کۆپی کراون. بیرمەند بۆتە وێنەیەکی گشتگیرتر کە لە ڕووی جەستەییەوە هەوڵی دەروونی و تەنانەت دڵەڕاوکێ لە کاتی پرۆسەی داهێنان لە ناواخن و ڕۆحی داهێنەردا ئاشکرا دەکات

(*)فرانسوا ئۆگست ڕێنێ ڕۆدین؛ لەدایکبووی ١٢ی تشرینی دووەمی ١٨٤٠- هونەرمەندو پەیکەرسازی بەناوبانگی فەرەنسی بووە. بە یەکێک لە پێشەنگەکانی پەیکەرسازی دادەنرێت لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا. تا ئێستاش یەکێکە لەو چەند پەیکەرسازانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراون. بەرهەمە فەرەنسییەکانی ئۆگست ڕۆدین نموونەی جۆرەکانی پەیکەرسازی ئیمپرێشنیستن کە دیدگایەکی نوێی بە جووڵەو ڕووکاری فۆرمەکان داوە. سەرەتا لە کارگەیەک کاریکردووە کە تایبەت بوو بە ڕازاندنەوەی ڕووبەری خانووبەرەو کۆشکەکان و ڕۆژانەکەی تەنها پێنج فرانک بووە. ڕۆدین سێ جار لەسەریەک لەلایەن قوتابخانەی هونەرە جوانەکانەوە وەک خوێندکارێک ڕەتکرایەوە، زۆرجار سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەرو کتێبخانەی ئیمپریالی دەکردو لەوێش فێری کاتدراییەکانی شێوازی گۆتیک بوو، کە شکۆمەندی و هێزی یەکگرتوویی تێدایە، هەروەها ڕووناکی و سێبەر هەیە لە نێوان بلۆکە تەلارسازییە شکۆمەندەکاندا لە ژێر ئاسمانێکی هەوردا دەبینرێت. کاتێک ڕۆدین نەیتوانی بچێتە ناو پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە، خۆی تەرخانکرد بۆ کاری هونەری لە پاریس، تا توانی یەکەم کاری پەیکەرسازی لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینی تەواو بکات کە بەرجەستەی (باوکی) بوو. پاشان بوو بە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی دیکورات کە لە نیگارکێشە گەورەکانی وەک دێلا کرۆکس، نیگارکێشی فەرەنسی کە بە وێنەکێشانی سروشتی ناسراو نزیک بووەوو چەندین کەسایەتی تری ناسی، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٧کۆچی دوایی کردووەو هەر لە پاریس بە خاک سپێردراوە. ئێستا مۆزەخانەی ڕۆدین لە پاریس مۆزەخانەی پەیکەرتاش و نیگارکێشی فەرەنسی ئۆگست ڕۆدینە، ئەم مۆزەخانەیە پەیکەرەکانی و هەندێک لە وێنەو نیگارەکان و دیزاینەکانی ناوبراوی تێدا پارێزراوە




# ورچێکی پیر

**نووسینی : کاڤن هێنکس**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : بانیژەی ئەدەب و کلتوور**

ئەو کاتەی پیرە ورچ جۆ لە زستان خەوی لێکەوت، بەفرێکی زۆر دەباری

پیرە ورچ بەم نزیکانە خەون دەبینێت

پیرە ورچ خەونی بینی ئەوە بەهار هاتووە و بۆتەوە بەچکە ورچ

گوڵەکان بەئەندازەی دارەکان گەورە بوون و لەناو یەکێک لە گوڵە سۆسەنە پەمەییەکان سەرخەوێکی شکاند

پاشان خەونی بینی کە هاوینە و هەتاو گوڵە چاو پشیلەیە و گەڵاکانیش بوونەتە پەپوولە

بەشێکی ئاسمان هەور دایگرتبوو و تۆوی شینی دەباراند

ئینجا خەونی بە پایزەوە بینی.

هەموو شتێک زەرد و پرتەقاڵی و قاوەییە، تەنانەت باڵندە و ماسی و ئاویش

دوای ئەوە، خەونی بینییەوە کە زستان هاتۆتەوە. جیهان بەبەفر داپۆشراوە. ئینجا شەوە و ئاسمانیش بە ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ دەبریسکێتەوە. سەرماش بۆ هەمیشە ڕۆیشتووە

پیرە ورچ خەوت و خەونی بینی، خەونی بینی و خەوت

کاتێ دواجار بەئاگا هاتەوە، هەستی کرد لەو ساتەوەی نووستووە کات وەستاوە. باوێشکی داو و خۆی لێک کێشایەو

سەری لە لانەکەی دەرکێشایە دەرەوە و چاوەکانی هەڵگڵۆفی و دیسانەوە هەڵیگڵۆفین

وەختێک پیرە ورچ چووە دەرەوە و بەرەو ئەو ڕۆژە بەهارە جوانە هەنگاوی نا...تەنها چرکەیەکی خایاند تا تێبگات کە ئەوە ڕاستییە و خەون نابینێت

سەرچاوە :
Old Bear
Kevin Henkes
٢٠٠٨ USA

## دوو تێبینی بۆ خوێنەرانی خۆشەویست

١- وتاری ( یە ک ئە دە ب، دوو دونیا ) لە م ژمارە یە دا نە مانتواني بلاوبکە ینە وە .

٢- چاوپیکە وتن لە گە ل عە بدولا سالح ( خالە عە بدە ) نە مانتواني لە م ژمارە یە دا بلاوبکە ینە وە .

بە داواي لیبوردنە وە ، هە ولدە دە ین بو ژمارە ي داهاتوو ئامادە یان بکە ین

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕووت البديل OCA

# گۆڕانی ڕۆڵی سەرمایەدار



## کەیوان نوری

### بەشی دووەم

### سەرمایەداری پارەیی و ئازادییەکانی

یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان سەرمایەداری پارەیی و سەرمایەداری پیشەسازی ئەوەیە؛ کە سەرمایەداری پارەیی دەتوانێت هەرچۆنێک کە دەیەوێت بەوجۆرە پارەگەی بەکاربهێنێت. سەرمایە لە شێوازی پارەییدا؛ هەر چرکەیەک دەتوانێت خۆی بگۆڕێت بەو شتەی پێی خۆشبێت، چونکە پارە، بەهای ئاڵوگۆڕی گشتی و هاوتای گشتیی جیهانی کاڵاکانە. وەک مارکس دەڵێت لە پەیوەندیدا لەگەڵ پارە، هەموو شتەکانی تر چۆنایەتی خۆیان لەدەست دەدەن و تەنها وەک چەندایەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لە پارەدا هەموو جیاوازییە چۆنایەتییەکان دەتوێنەوە. سەرمایە لەم فۆرمەیدا دەتوانێت نابەرهێنەرانە و بۆ ژیانی کەسی سەرمایەدار خەرج بکرێت. یاخود دەتوانین بڵێین بۆ کەسی خاوەن پارە هەموو ئەگەرەکان لەبەردەستن و هەڵبژاردنەکان سنوورێکی دیاریکراویان نییە، لە بازاڕی گەورەی سەرمایەداریدا، هەموو کاڵاکان چاو لە پارە دادەگرن بەڵکو دڵی نەرم ببێت و شێوەی خۆی بگۆڕێت بەوان. هەر کاڵایەک کە دێتە بازاڕ ئارەزووی ئەوە دەکات لە زوترین کاتدا لەڕێگەی پارەوە کۆتایی بە ژیانی بێت. کاڵاکان ئەگەر لە مەودای دیاریکراوی خۆیاندا لەگەڵ پارە ئاڵوگۆڕ نەکرێن، ئەوا بەهای بەکارهێنانیان لەدەست دەدەن، ئەگەر کاڵایەکیش بەهای بەکارهێنانی لەدەست بدات ئەوا لەوە دەکەوێت کە کاڵا بێت. کاڵاکان تەنها لەبەرئەوە بەهای ئاڵوگۆڕیان هەیە کە خاوەنی بەهای بەکارهێنانن، و ماوەیەکی کاری کۆمەڵایەتی بۆ بەرهەمهێنانی ئەوان بەکارهێنراوە. بە پێچەوانەی کاڵاکان، پارە وەک نوێنەری مادیی سەروەت و سامان دەتوانێت ئەمر بێت (هەڵبەت لەچوارچێوەی ئابووریی بازاڕدا)، ئەمریی پارەش خاوەنەکەی دەکاتە ئەمر. پارە وەک نوێنەری مادیی سەروەت، کە ڕۆڵی سێیەمی پارەیە هەموو سنورەکانی ئەم جیهانە دەبڕێت. پارە بەبەراورد بە کاڵاکان، دەتوانێت تا دوورترین مەودا هەڵبگیرێت و پاشەکەوت بکرێت بێ ئەوەی بەهای بەکارهێنانی لەدەست بدات (هەموو ئەگەرەکان لەبەردەم نزمبوونەوە و بەرزبوونەوەی بەهاکەیدا کراوەن یاخود لەدەستدانی کۆی بەهاکەی بەهۆی ئەوەی کە ئەرکی ڕۆڵی پارەی لێ وەربگیرێتەوە)، هەروەها هەر سەرمایەدارێکی پارەیی، ئەو هەڵبژاردنەی لەبەردەمدایە تا پارەکەی لە بازاڕی پشکەکاندا بەکاربهێنێت و ببێتە بەهرەخۆر یان بیگۆڕێت بە سەرمایەی بازرگانی یان لە بانکێک دایبنێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پارە ئەوەیە کە بەسەر بەشەکانی خۆیدا دابەشدەکرێت، واتە ورد دەکرێتەوە تا بچوکترین گەردیلەکانی خۆی، ئەمەش یەک لەو سیفەتانەی پارەیە کە وای لێدەکات خوازراوتربێت. دابەشبوونی پارە لە ڕووی چەندێتییەوە؛ ئازادیی خاوەنەکەی زیاتر دەکات تا بەخواستی خۆی پارەکانی بکاتە چەندین بەش و هەر بەشێکی ڕۆڵێکی جیاوازیان پێ بدات و لە شتێکی جیاوازدا بەکاریان بهێنێت. بەڵام جیاواز لە ئازادی و هەڵبژاردنە زۆرەکانی سەرمایەداری پارەیی، کە چۆنی بوێت دەتوانێت پارەکانی بەکاربهێنێت، ئەوا سەرمایەداری پیشەسازی، نە ئازادە و نە هەڵبژاردنی زۆریشی لەبەردەستە. سەرمایەداری پیشەسازی، بەشی گەورەی سەرمایەکەی لەناو پرۆسەی بەرهەمهێناندایە و لە شێوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بەندکراوە و پێویستی بەکاتێکی زۆر درێژە تا بتوانێت ئازاد ببێت. سەرمایەداری پیشەسازی، ژیانی وەک سەرمایەدار، گرێدراوی ناوەندێکی تایبەتی بەرهەمهێنانە و لەوێدایە کە سەرمایەکەی دەتوانێت زیاتر و زیاتر بێت، هەروەها لە لایەن خاوەن قەرزەکان و پشکداران (ئەگەر کۆمپانیای پشکداربێت یان قەرزی بانکیی وەرگرتبێت، کە بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئێمە باسی دەکەین دەبێت لەو ڕێگانەوە دەستی بە بەشێک لە سەرمایەی پارەیی گەیشتبێت) چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت لە هەر ماوەیەکی دیاریکراودا نرخێکی دیاریکراوی سوود بەرهەم بهێنێت تا بتوانێت نرخی دیاریکراوی بەهرەی بانکی و نرخی سوودی پشکەکان بدات، و خۆشی بتوانێت لەو نرخە سودەی کە بەرهەمهاتووە بەشی ژیانی شەخسی خۆی و کەڵەکەکردن بەدەست بهێنێت. سەرمایەداری پیشەسازی، بۆ ئەوەی دەستی بە سەرمایەی پارەیی بگات پێویستە سەرمایەکەی بەناو پرۆسەی بەرهەمهێناندا تێپەڕێت، واتا ماوەی بەرهەمهێنانی سەرمایە سنورێکی دیاریکراوە کە سەرمایەدار ناچارە پێیەوە پەیوەست بێت، ئەو ماوەیە کاتێکی زەرووریە تا سەرمایە شێوازی کاڵایی پەیدا بکات و بتوانێت بفرۆشرێت، ئەوکات سەرمایەدار دەتوانێت دەستی بە سەرمایەی پارەیی بگات. دواتریش بە فرۆشتنی کارخانە یان کۆمپانیای پیشەسازی، سەرمایەداری پیشەسازی دەتوانێت فۆرمی خۆی بگۆڕێت بە سەرمایەداری پارەیی، بەڵام دیسان بیرمان نەچێت کەسێکی تر شوێنی ئەوی گرتۆتەوە

### سەرمایەی پارەیی ناچالاک و بەتاڵ

لە قۆناغی سەرەتایی سەرمایەداری پیشەسازیدا ئەو کاتەی سیستەمی بانکی گەشەینەکردبوو، و بازاڕی پارەی بچوک و متمانەلاواز و کۆمپانیای پشکدارێتی دروست نەببوو، ئەوا بەئەگەرێکی زۆرەوە هەر سەرمایەدارێک لە کاتێکی دیاریکراوی سوڕانی سەرمایەی بەرهەمهێنەریدا، سەرمایەکەی لە سێ شێوازی (سەرمایەی پارەیی، سەرمایەی بەرهێنەری، سەرمایەی کاڵایی) بە قەبارەی جیاواز بوونی هەیە. بەڵام گەشەی سیستەمی بانکی، بازاڕی دارایی و سیستەمی کۆمپانیای پشکدارێتی، چەندێتیی سەرمایەی پارەیی بەتاڵ یان ناچالاک لە دەستی سەرمایەداری پیشەسازی دەکاتە ناپێویست، پارەیەکی زیادە و بەتاڵ و دوور لە سوڕان لەبری ئەوەی لە دەستی سەرمایەداری پیشەسازیدا زیندانی بێت، ئەوا ئازاد دەبێت. هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازی، کاتێک بە واقیعی شێوازی سەرمایەکەی گۆڕابێت لە سەرمایەی پارەییەوە بۆ سەرمایەی پیشەسازی، ئەوا هێشتاش بەشێک لە سەرمایەکەی لە شێوازی پارەییدا ماوەتەوە. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە پرۆژەیەکی سەرمایەگوزاری پێویستی بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار بێت، و ئەگەر پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە لەو قۆناغەی ئێمە باسی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

سەرمایەی نەگۆڕ = ٨٠ ملیۆن

سەرمایەی بگۆڕ = ٢٠ ملیۆن

یان باشترە بەم شێوەیە بنوسرێت:

- سەرمایەی فیکس = ٤٠ ملیۆن.
- سەرمایەیەک کە لە دۆخی سوڕاندایە (سەرمایەی تەرخانکراو بۆ کەرەستەی خاو و کەرەستەی یارمەتیدەر) = ٤٠ ملیۆن
- سەرمایەی گۆڕاو (سەرمایەی تەرخانکراو بۆ هێزی کار) = ٢٠ ملیۆن

دەکرێت لە چەندخاڵێکدا باس لە سەرمایەی ناچالاک و بەتاڵ و دوور لە سووڕان بکەین، کە لە دەستی هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازیدا دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ گەشەی بازاڕە داراییەکاندا، ئازاد دەبن و دەکەونە سووڕانەوە

یەکەم: سەرمایەداری پیشەسازی، ڕاستەوخۆ ٤٠ ملیۆن دۆلاری لە بنیاتنانی کارخانە و بینا و ماشێن و ئامرازەکانی کاردا خەرجکردووە. بەڵام ئەم بەشەی سەرمایە بەبەردەوامی پێویستی بە تێچوی زیادە هەیە. ئەم تێچونە مەبەست کاتی شکانی ماشێن و نوژەنکردنەوەی پارچە جیاوازەکانی ئامێرەکانن. هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازی لەم قۆناغە مێژووییەدا، ناچارە کە قەبارەیەک لە سەرمایەی پارەیی لە شێوەی پاشەکەوتکراو و بەتاڵ و ناچالاک لەبەردەست بێت، لە لایەک بۆ کارمەندانی ئەو بوارە و لەلایەکی تر بۆ چاککرنەوەی ماشێنە شکاوەکان و نوژەنکردنەوەی بەردەوامی ماشین و ئامێرەکانی نێو پرۆسەی بەرهەمهێنان تا ڕێگە لە وەستانی پرۆسەی بەرهەمهێنان بگرێت. ئەم سەرمایە بەتاڵ و ناچالاکەی دەستی سەرمایەدارانی پیشەسازی لەگەڵ گەشەی سیستەمی بانکی، بازاڕی پارەیی، دروستبوونی کۆمپانیای پشکدارێتی، ئازاد دەبێت (چونکە هەرکات سەرمایەدار بیەوێت، ئەوا دەتوانێت لە ڕێگەی قەرزی بانکی، دەستی بە سەرمایەی پارەیی پێویست بگات) کە ئەمەش لە لایەکەوە قەبارەی سەرمایەی ناچالاک کەمدەکاتەوە و لە لایەکی ترەوە قەبارەی سەرمایەی پارەیی ئامادە بۆ سەرمایەگوزاری، دەخاتە بەردەست ئەوانەی دەیانەوێت سەرمایەگوزاری بکەن

دووەم: سەرمایەیەک کە تەرخانکراوە بۆ مادەی خاو و مادەی یارمەتیدەر و قەبارەکەی ٤٠ ملیۆن بوو، بە یەک گوژمە خەرج ناکرێن. واتە؛ سەرمایەدار یەکجار ناچێتە بازاڕ و کۆی کەرەستەی خاوی پێویست بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی سوڕانی سەرمایەکەی بکرێت. ئەگەر کۆی کەرەستەی خاو بکرێت، ئەوا پێویستی بە کۆگای گەورە دەبێت بۆ هەڵگرتنی مادە خاوەکان، کە ئەمەش تێچویەکی زیادەیە، هەروەها هەر سەرمایەدارێک بۆ کڕینی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی لە دەرفەتێک دەگەڕێت کە لە هەلومەرجی گونجاودا بیانکرێت. واتە؛ دەیەوێت کاتێک شت بکرێت کە نرخەکان لە بەرژەوەندیی ئەودا بن. بەم جۆرە، سەرمایەیەکی پارەیی کە لە دەستی سەرمایەداردایە و چاوەڕوانی کاتی گونجاو دەکات تا شێوازی خۆی بگۆڕێت بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، چونکە لە شێوەی سەرمایەی ناچالاک و بەتاڵدایە. ئەم قەبارە سەرمایە ناچالاکە، دیسان بە گەشەی سیستەمی بانکی و پێدانی قەرز، نامێنێت.

سێیەم: قەبارەیەک لە سەرمایە کە بۆ کڕینی هێزی کار تەرخانکراوە (٢٠ ملیۆن) دیسان بەشێکی وەک سەرمایەی ناچالاک لەدەستی سەرمایەداردایە. دەزانین کە کرێکاران بە قەرز کار بۆ سەرمایەداران دەکەن، کرێکاران لەکاتی ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ سەرمایەداران، ڕاستەوخۆ کاڵاکەی خۆیان (کە هێزی کاری ئەوانە) تەسلیمی سەرمایەداران دەکەن، بەڵام سەرمایەداران دوای ماوەیەکی دیاریکراو؛ واتە پاش هەفتە یان مانگێک لە یەکەمین ئاڵوگۆڕ، هاوتای ئەوەی کرییانە دەدەنە کرێکاران. سەرمایەداران هێزی کاری کرێکاران لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنن و پاش هەفتەیەک لە بەکارهێنانی ئەو هێزە، پارە دەدەنە کرێکاران. لە ڕاستیدا کرێکاران بەشێک یان زۆر کەمتر لەو بەهایە وەردەگرن کە خۆیان بەرهەمیان هێناوە. پێدانی هەفتانە و مانگانەی کرێی کرێکاران وا دەکات؛ بەشێک لەو سەرمایە پارەییەی کە بۆ کڕینی هێزی کار تەرخانکراوە لە حاڵەتی ناچالاکدا بێت. گەشەی سیستەمی بانکی، ئەم سەرمایە زیندانییە لەدەستی سەرمایەدار ئازاد دەکات تا بکەوێتەوە سوڕان.

چوارەم: تەمەنی ئەو بەشەی سەرمایە کە بۆ سەرمایەی فیکس تەرخانکراوە هەندێ کات نزیک دە ساڵ یان بیست ساڵ دەبێت. سەرمایەی فیکس هێواش دەسوڕێت، و زەرە زەرە بەهای خۆی دەخاتە سەر بەرهەم. گەڕانەوەی تەواوەتی ئەو بەشە لە سەرمایە نزیک بە دە یان بیست ساڵ دەخایەنێت. سەرمایەدار ناچارە کۆی ئەو ماوە درێژە، ئەو بەشانەی بەهای سەرمای فیکس کە دەگەڕێنەوە لای خۆی پاشەکەوت بکات، تا ئەو کاتەی کە تەمەنی ماشێن و ئامێرەکان بەتەواوی کۆتایی دێت و بە ماشێنی نوێ شوێنیان پڕدەکاتەوە. پاشەکەوتکردنی زەرە زەرەی سەرمایەیەکی پارەیی، کە بەهای گەڕاوەی سەرمایەی فیکسە بۆ ماوەی بیست ساڵ، ماوەیەکی زۆرە کە تیایدا سەرمایە زیندان و دوور لە سوڕانە. ئەگەر لە ئاستی سەرمایەی کۆی چینی بۆرژوازیدا خوێندنەوەی بۆ بکەین ئەوا گرفتێکی گەورە بۆ سیستەمەکە دەخوڵقێت، چونکە بە دڵنیاییەوە، لەو قۆناغەی سەرمایەداریدا هەر سەرمایەدارێک ناچارە ئەو قەبارە سەرمایە پارەییە لای خۆی زیندانی بکات تا کاتێک تەمەنی ماشێنەکانی کۆتایی دێت. چەندێتییەکی گەورەی سەرمایەی پارەیی زیندانیکراوی لەو چەشنە، تەنها بە گەشەی سیستەمی بانکی و بازاڕە داراییەکان ئازاد دەبن.

پێنجەم: هەر سەرمایەدارێک؛ لەدوای یەکەمین پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کاڵاکان، و لەپێش پرۆسەی دووبارەبەرهەمهێنانەوە، سەرمایەیەکی پارەیی لەدەستیدا کۆدەبێتەوە. ئەم سەرمایە پارەییە، بەهۆی کات یان مەودایەکی زەمەنییەوە دروست دەبێت، کە دەکەوێتە نێوان فرۆشتن و کڕینەوە. سەرمایەداری پیشەسازی، کاڵاکانی خۆی فرۆشتووە بەڵام چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوە بۆ کڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. ئەمەش وا دەکات کە سەرمایەیەکی ناچالاک لەدەستی سەرمایەدارانی پارەیی دروست ببێت. بە گریمانەی ئەوەی زۆرێک لە سەرمایەداران ئەو کارە بکەن، ئەوا ئەو بەشەی سەرمایەداران کە سەرمایەکەیان لە شێوازی کاڵاییدایە ناتوانن، شێوازی سەرمایەکەیان بگۆڕن بە پارە، و دووچاری گرفت و قەیران دەبنەوە. بەمەش پرۆسەی بەرهەمهێنان تووشی قەیران و وەستان دەبێتەوە. لە دۆخێکی وەهادا؛ چەندێتیی پارەی پێویست بۆ سوڕانی کاڵاکان و بەردەوامی پرۆسەی بەرهەمهێنان کەمدەبێتەوە. گەشەی سیستەمی بانکی و پیدانی قەرز وادەکات هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازی بتوانێت لە دەرفەتە گونجاوەکاندا لە ڕێگەی بانکەکانەوە دەستی بە پارەی پێویست بگات و کڕینەکانی پێ ئەنجام بدات. ئەمەش ئەو قەبارە پارە ناچالاکەی، کە دەکەوێتە نێوان مەودای فرۆشتن و کڕینەوە بەتەواوی کەم دەکاتەوە

شەشەم: ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین سەرمایەی بەرهەمهێنەر لە ساڵێکدا سێ جار دەسوڕێت. واتا ماوەی گەڕانەوەی هەرجارێکی سەرمایە چوار مانگی پێویستە، سەرمایە سێ مانگ لەناو پرۆسەی بەرهەمهێناندایە و یەک مانگیشی پێویستە بۆ سوڕانی کاڵاکان. بە کۆی گشتی و لە ماوەی ساڵێکدا هەر سەرمایەیەکی بەرهەمهێنەر بۆ ماوەی نۆ مانگ لەناو پانتای بەرهەمهێناندا دەمێنێتەوە و سێ مانگ لەناو پانتای سوڕاندا یان لە بازاڕدا. ئەگەر سەرمایەداری بەرهەمهێنەر چاوەڕوانی ماوەی سوڕانی سەرمایەی کاڵای بکات تا ئەوەی کاڵاکانی نرخی واقیعی خۆیان بەدەست بێنن یاخود بفرۆشرێن و شێوازی خۆیان لە کاڵاییەوە بگۆڕن بۆ شێوازی پارەی ئەوا ناچاردەبێت بۆ ماوەی یەک مانگ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕابگرێت. هەر وەستانێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە درێژمەوددا کاریگەری گەورەی لەسەر گەڕانەوەی تەواوی سەرمایەکەی دەبێت، جگە لەوەی بە ئەگەرێ زۆرەوە دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای سەرمایەی فیکسی کە بە مانای زیانی گەورەیە بۆ هەر سەرمایەیەک. ئەمە وا دەکات هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازی بەردەوامی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بدات لە مانگی چوارەمیشدا. واتا سەرمایەدار چاوەڕوانی ئەوە ناکات سەرمایەی کاڵایی شێوازی خۆی بگۆڕێت بە شێوازی پارەیی تا پرۆسەی دیسان بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە دەست پێ بکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگای قەبارەیەکی سەرمایەی پارەیی زیادەوە کە بۆ ئەو مەبەستە داینراوە پرۆسەی دیسان بەرهەمهێنانەوە دەست پێ دەکاتەوە. ئەم سەرمایە زیادە و ناچالاکە کە هەر سەرمایەدارێکی پیشەسازی بە زەرورەت دەبێت لەبەردەستیدا بێت تا لە ماوەی سوڕانی سەرمایەی کاڵایدا پرۆسەی دیسان بەرهەمهێنانەوە ڕانەوەستێت لەگەڵ گەشەی سیستەمی بانکی و وەرگرتنی قەرزی بانکی ئازاد دەبێت. چیتر سەرمایەداری پیشەسازی لە ماوەی سوڕانی سەرمایەی کاڵایدا دەتوانێت لەڕێگەی قەرزی بانکیەوە دەستی بەسەرمایەی پارەی بگات تا پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کۆی ساڵدا بەردەوام بێت

حەوتەم: زێدەبەهایەک کە کرێکاران بەرهەمی دەهێنن و سەرمایەداران دەستی بەسەردا دەگرن دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێکی جیاواز (ڕانتی زەوی، بەهرەی سەرمایەی پارەیی یان بەهرەی بانکی، باجی دەوڵەتی، سودی سەرمایەدارانی پیشەسازی). ئەوبەشەی زێدەبەها کە سەرمایەدارانی پیشەسازی دەستی بەسەردا دەگرن دابەشی دوو بەشی دەکەن: یەک، کەڵەکەی دەکەن تا قەبارەکەی هێندە گەورە دەبێت بتوانن لەناو هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنان سەرمایەگوزاری پێ بکەن یان ئەتوانین بە شێوازێکی تر بڵێین پرۆسەی دیسان بەرهەمهێنانەوەی فراوان دەست پێ بکەن، یاخود وەک سەرمایە دەیبەنە پانتایەکی تری ئابووری کە نرخی سود تیایدا بەرزبێت. دووەم، هەر سەرمایەدارێک خەرجی کەسی و خانەوادەی هەیە، بۆیە دەبێت بەشێکی زێدەبەها بە شێوازێکی نابەرهێنەرانە بەکاربێنێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی. ئەم بەشەی زێدەبەها کە بە شێوازێکی نابەرهێنەرانە بەکاردەهێنرێت بە پێی هەلومەرجی گەشەی مێژووی سەرمایەداری و پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانی سەرمایەدار و بە پێی قەبارەی سەرمایەکەی دەگۆڕێت. کێبرکێ وەک یاسایەکی ناوخۆی سەرمایەداری کە سیستەمەکە بەسەر هەر ئەندامێکی بۆرژوازیدا دەیسەپێنێت هەر سەرمایەدارێک ناچاردەکات کە بەشی زۆری زێدەبەها وەک سەرمایە بەکاربهێنێت و بەشی کەمی بۆ خەرجیە کەسیەکان، چونکە بەردەوام ترسی لەوە هەیە هاوچینە بۆرژوازەکانی زۆرترین بەشی زێدەبەها کەڵەکە بکەن و کەمترین بەشی وەک خەرجی نابەرهێنەرانە بەکاربهێنن، کە ئەمەش بەمانای دواکەوتنە لە پێشبرکێی کەڵەکەکردن و دابەزینی پێگەی سەرمایەدار بۆ ناو دۆزەخی ژیانی پرۆلیتار. زێدە خەرجی سەرمایەداران پەیوەستە بە قەبارەی سەرمایەکەیان و قۆرغکاری تەواوەتی پانتایەک یان چەند پانتای ئابووری. ڕەزیلی و دوریگرتن لە خەرجی نابەرهێنەرانە تایبەتمەندی سەرەکی یەکەمین هەنگاوەکانی فۆرمگیری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و سیفاتی بێزراوی بۆرژوازی بچوک و قۆناغی کێبرکێی توندە

زێدەبەهایەک کە سەرمایەدار دەستی بەسەردا دەگرێت لە هەر شێوازێکدا بێت بۆ ماوەیەک بە ناچالاکی دەمێنێتەوە. زێدەبەها لە ناو پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەرهەم دێت، بەڵام لە پانتای سوڕاندا و دوای فرۆشتن دەستی بەسەردا دەگیرێت. لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکی سەرمایەی سەرەتای (گەڕانەوەی سەرمایەیەک کە لە دۆخی سوڕاندایە + ئەو بەشەی سەرمایەی فیکس کە بەهای خۆی دەخاتە سەر بەرهەم) زێدەبەهایەکیش کە تازە بەرهەم هاتووە دەگەڕێتەوە. ئەگەر سەرمایەدار بیەوێت زێدەبەها وەک سەرمایە بەکاربهێنێت ئەوا ناچارە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکات تا قەبارەکەی هێندە گەورە ببێت بتوانێت لە یەکێک لە پانتاییە ئابووریەکان سەرمایەگوزاری پێ بکات، ئەو ماوە درێژە زێدەبەها لە شێوازی پارەیدا بە ناچالاکی و بەتاڵی دەمێنێتەوە. گەشەی سیستەمی قەرز و بانکەکان لەگەڵ بۆرسەی پشک و کاڵاکان ئەو دەرفەتە بۆ سەرمایەدارانی پیشەسازی دەخوڵقێنن تا زێدەبەهایەک کە لە چاوەڕوانی گەورەبووندایە بۆ سەمایەگوزاری واقیعی لە پانتاییەکی پیشەسازیدا بگۆڕن بۆ سەرمایەی بەهرەخۆر. بەمەش هەم دەتوانن سەرمایەی ناچالاک کە لەدەرەوەی سوڕاندایە ئازاد بکەن و بیخەنەوە سوڕان هەم ڕێگایەکیشە بۆ گەورەترکردنی قەبارەی سەرمایەکەیان. بەشەکەی تری زێدەبەها کە وەک خەرجی کەسی بەکاردەهێنرێت بە هەمان شێوە دەتوانن بەشێکی وەک سەرمایەی بەهرەخۆر لە بازارە داراییەکان بەکاری بهێنن، چونکە هیچ سەرمایەدارێک نیە کە لە تەنها یەک ڕۆژدا ئەو هەموو پارەیە خەرج بکات کە پێویستە لە یەک ساڵدا وەک سەرمایەدار خەرجی بکات، بۆیە بەشێک لەو پارەیە کە پێویستە لە ماوەی ساڵێکدا خەرج بکرێت لە سەرەتای ئەو ساڵەدا بە ناچالاکی دەمێنێتەوە. لەگەڵ گەشەی بازاڕە داراییەکان ئەو بەشەی پارە ئازاد دەبێت و دەکەوێتەوە سوڕان. لەم هەلومەرجەدا سەرمایەدار دەتوانێت هەرکات بیەوێت بۆ خەرجیەکانی پارە لە بانک ڕاکێشێت

لەم هەلومەرجە گۆڕاوەی سیستەمەکەدا، سەرمایەداری بەرهەمهێنەر و کۆمپانیاکان، هەرکات و لە هەر قۆناغێکی پرۆسەی سوڕانی سەرمایەکەیاندا پێویستیان بە سەرمایەی پارەیی هەبێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەڕێگەی قەرزی بانکی بەدەستیبهێنن، یاخود لە بازاڕی پشکەکان چەندین پشکی زیادە دەفرۆشن بەمەش پارەی پێویستیان چنگ دەکەوێت تا پرۆسەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێت. دروستبوونی سەرمایەی پارەیی زیادە و بەتاڵ، لەدەستی سەرمایەدارانی پیشەسازیدا، هەبوونی بانکە مۆدێرنەکان دەکاتە زەرووەرەتی سیستەمەکە. لێرەدا بانکەکان، یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن؛ کە بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەو پارە زیادانەی لە دەستی سەرمایەدارانی بەرهەمهێنەر یان سەرمایەدارانی پارەییدایە، و قەبارەی سەرمایەکەیان لەوە بچوکترە تا بتوانن لە یەکێک لە ناوەندەکانی ئابووریی واقیعی سەرمایەگوزاریی پێبکەن. لەگەڵ گەشەکردنی سیستەمی بانکی و سیستەمی پێدانی قەرزی گەورەی بانکی، هەلومەرجی پێویست بۆ هاتنەبوونی کۆمپانیا زەبەلاحە هەرێمی و جیهانییەکان دەخوڵقێت. بەم شێوەیە، کۆمپانیای بەرهەمهێنەری دەوڵەتی، تایبەت و پشکدارێتییەکان، لە هەر سوچێکی جیهاندا دەتوانن سەرمایەی پارەیی پێویست، بۆ تەواوکردنی سەرمایەگوزارییەکانیان یان بۆ گەورەترکردنی قەبارەی سەرمایەکانیان بەدەستبهێنن، ئیدی لە هەمان پانتایی ئابووریی بێت یان پەلهاویشتن بۆ پانتاییەکانی تر. دواتریش، کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان چەندین لق و کۆمپانیای دیکە لە ئاستی جیهاندا دروست دەکەن، و خۆیان دەبنە کۆمپانیای دایک و دەست بەسەر کۆی منالە وردەکانیاندا دەگرن. لەم هەلومەرجە مێژووییەدا، سیستەمی پێدانی قەرز و سیستەمی گەشەکردووی بانکی، و بازاڕی دارایی و کۆمپانیای پشکدارێتی و بازاڕی پشکەکان، وەک ئەوەی کە هۆکارن بۆ گەشەی زیاتری سەرمایەداری، لە هەمانکاتیشدا دەرئەنجامی پرۆسەی گەشەسەندنی سوڕانی سەرمایە و بەرەوپێشچوونی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین. بانکەکان تەنها بە خڕکردنەوەی سەرمایەی پارەیی بۆرژوازییەوە ناوەستن، بەڵکو پارەیەکی زیادە کە لای چین و توێژەکانی تریش وەک داهاتێک کۆکراوەتەوە و لە شێوەی پاشەکەوتدا هەڵگیراوە، ئەوانیش ڕادەکێشنە ناو بانکەکان. هەڵبەت ماشێنی ئایدۆلۆژی چینی بۆرژوازی و بانکەکان، بۆ دەرهێنانی پاشەکەوتی پارەی موڵکداران و وردەبۆرژوازی و توێژی سەرەوەی چینی کرێکار، دەیان میکانیزمی جۆراوجۆ بەکاردەهینن، لەنێویاندا ریفۆرمی کەلتووری و ئاینی بۆ ڕەواندنەوەی مەترسیی قەدەغەکاریی سوخۆری، و گۆڕینی ئایدیای کۆمەڵگە دەربارەی بەکرێدانی پارە و ڕەوایەتیپێدان بە بەهرەی بانکی. هەروەها فرۆشتنی پشکی ئاسایی کۆمپانیاکان، بە خاوەن پاشەکەوتە نەختینەییەکان و کردنەوەی بازاڕی پشکەکان و گرەنتی یاسایی خاوەن پشکەکان. هەروەها کەمکردنەوەی پارەی نەقدی لەدەستی چینی ناوەندی و خوارەوەی کۆمەڵگە، لەڕێگەی کردنەوەی هەژماری بانکی و دروستکردنی کارتی ئیعتیباری بۆ کڕین و فرۆشتنەکان. چیتر بانکەکان لەڕێگەی ئەم ڕۆڵەوە، دەتوانن سەرمایەی پارەیی ناچالاک و بەتاڵ، لەگەڵ پارەی نەقدی پاشەکەوتکراو و سەرگەردان کۆبکەنەوە. بەمەش ڕۆڵێکی دیکەی بانک دەستپێدەکات، کە بریتییە لە دابەشکردن و ئاراستەکردنی سەرمایەی پارەیی بەرەو پانتاییە جیاوازەکانی ئابووریی واقیعی، یاخود کاری بازرگانی و بۆرسەبازی. بانکەکان دەتوانن بەپێی هەلومەرجی گەشەی ئابووری و نرخی سودی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خواست و خستنەڕووی سەرمایەی پارەیی، بە بەهرەیەکی بانکیی دیاریکراو قەرز وەربگرن، و قەرز بدەنە ئەوانەی کە پێویستیان بە سەرمایەی پارەییە بە بەهرەیەکی پارەیی دیاریکراوی تر. ئەمەش بەپێی هەلومەرجی بازاڕ و لەژێر ڕێنمایی و یاسای بانکە تایبەت و حوکمییەکان، و چاودێریکردنی توندی بانکەکان بۆ سەرمایەی پارەییان، کە شێوازی خۆی دەگۆڕێت بۆ سەرمایەی بەرهەمهێنەری. هەرچەند ڕێژەی ڕێنمایی و چاودێریی بانکەکان لەگەڵ گۆڕانەکانی سەرمایەداریدا گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات. قۆناغی بە جیهانیبوونی سەرمایەداری و نیولیبراڵیزم، یەکێکە لەو قۆناغە مێژوویانەی، کە تێیدا دەوڵەتان بەناچاری و لەژێر فشار و هەژمونی بۆرژوازی گەورەی بانکیدا، چاودێری لەسەر بانکەکان هەڵدەگرن و بانکەکانیش زۆرترین ڕیسک بە سەرمایەی پارەیی خۆیان و ئەوانیتریشەوە دەکەن، بەمەش بینەری گەورەترین قەیران و مایەپوچبوونی بانکی بووین (قەیرانی دارایی ساڵانی 2009-2007). ... ماوەتی

# سەرەڕای هەموو نیگەرانییەکان لە دەسەڵاتدارێتی حیزبی و بنەماڵەیی هەرێم، هێزە تایەفی و میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی بەغداش فریادڕەس نین؟!

## عەلی محمەد ئەمین



ساڵانێکی زۆرە، زۆرێک لە ڕۆشنبیران و تەنانەت خەڵکی سادە و ساکاریش لەوە گەیشتوون کە ساڵانێک دێت دەسەڵاتدارێتی لە عێراقدا بەهێزبێتەوە و لە ناوچەکە و دوور و نزیکدا ئاوری لێدەدرێتەوە و وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ و لە گۆشەگیری و پەراوێزخراوی ڕزگاری دەبێ، ئەمە بەو واتایەی پارت و لایەنە شیعییەکان و کەرت و پەرتیان، با ناکۆکیش بن، کۆدەبنەوە و سوننە مەزهەبییەکانیش با لەنێو خۆیاندا بەسەر چەند لایەن و هێز و تایفەدا دابەشبووبن، بەڵام هەر لە چەند خاڵێک دا کۆدەبنەوە و هەڵوێستی نە خوازراویان دەبێ، بەتایبەت سەبارەت بەو خاڵانەی کە پەیوەستن بە دانانی بەمافی چارەنووسی نەتەوەکان و دەسهەڵگرتن لەستەمی نەتەوەیی و ئازادی سیاسی و ئاینی و ڕۆژنامەگەری و مافی مرۆڤ بەگشتی و ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئارامی و ئاسایش و دادوەری کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەتا هەرئێستا هێزە شیعییەکانی وەک (سەدر) و (چوارچێوەی هەماهەنگی) و هەموو ئەوانەی خۆ بە پەیڕەوکاری سیاسەت و ڕێبازی (کۆماری ئیسلامی ئێران) و ڕێبەرەکانیان دەزانن، لە پەرلەمان و لەحکومەت و دامودەزگا باڵا و هەستیارەکانی دەوڵەتدا، هەروەها لە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریدا کە دادگای فیدراڵییە، کۆک و تەبان، هەر چۆن بیانەوێ بڕیارەکانی خۆیان تێدەپەڕێنن و پلان بۆ ئێستا و ساڵانی داهاتوو بەڕێوە دەبەن

هەر ئێستا عێراق زیاتر لە جاران، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرودراوسێدا زۆر لە جاران باشترە، لەگەڵ (کۆماری ئیسلامی ئێران)، نەک هەر ساز و گونجاون بەڵکو وەک تیمێکی یەکپارچە کاردەکەن و سەرگەرمی چەندین ڕێکەوتنی بازرگانی و ئەمنی و سەربازین، بەهەمان شێوەش عێراق لەگەڵ تورکیادا، گرفتەکانی نێوانیان بەرەو کەمی و کاڵبوونەوە دەچێ و پێکەوە ئەمانیش سەرگەرمی خۆسازدانن بۆ چەندین ڕێکەوتنی ئەمنی و سەربازی و بازرگانی، لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیش لەوێنەی قەتەرو سعودیەو ئیماراتدا بەردەوام پەیوەندیان بەرەو باشترو باشتر دەچێ، لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیشدا، سەرەڕای داواکاری سەرزاریانەی هەمە ڕۆژە بۆ دەرچوونی هێزە سەربازەکانیان لە عێراق و جاروبار شەڕە ڕۆکێت و درۆن، بەڵام پەیوەندی هەمەلایەنە هەر پارێزراوە و هیچ لایەکیان دەسبەرداری ئەویتر نابن

هەر ئەم دەسەڵادارێتییە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی ناوخۆیی تێپەڕاندووە کە مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵاتدارێتی، بە هاریکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و دژە تیرۆر، مەترسی هەرەشە و فشارەکانی داعشیان تێپەڕاندووە، لە زۆرێک شار و شارۆچکەکانی باشور و ناوەڕاستدا بە زۆر و توندوتیژیش بێت یان بە فریوو چەواشەکاری خەبات و تێکۆشانی خەڵکێکی بەرینیان سەرکوت و بەلاڕێدا بردووە، لەڕووی سەربازی و هێزە داپڵۆسێنەرەکانیشەوە، هەزارەها چەکداری حەشدی شەعبی کرانە یاسایی و لە سەربازی سوپای فەرمی ماف و ئەرکی زیاتریان پێ سپێردرا، میلیشیاکانی (سەدر) و (حیزبولا) و (نوجەبا) و (عەسائیبی ئەهلی حەق)، ئەگەر لە سوپاشدا ڕێک نەخراین، بوونەتە هێزی پارێزەر و پاسەوانی لایەنە شیعییە سەرەکییەکان و لە دەوری دەسەڵاتدارێتی کۆبوونەتەوە. لەڕووی ناوەندێتی و خاوەندارێتی سەروەت و سامانە سروشتی و ناسروشتییەکانیشەوە، لە جاران زیاتر خۆی کۆکردووەتەوە و نەک هەر لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستدا، بەڵکو سەروەت و سامانی نەوتی کوردستانیشی خستەوە سەر خۆی و هەر ئێستا لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنەوەی تەواوی داهاتە ناسروشتی و نانەوتییەکانیشە

هەموو ئەمانە کە ئێستا بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق هاتووەتەدی، وەک ئاماژەمان پێدا چاوەڕوانکراو بوون و زۆرێک بە چەندین شێواز ئەم پەیامەیان بە دەسەڵاتدارێتی کوردستان ئەدا و لە مەترسی بەهێزبوونەوەی لایەنە تایەفی و مەزهەبی و توندڕەوو ڕەگەزپەرستەکان ئاگاداریان دەکردەوە و هۆشداریان ئەدا کە ڕۆژێک دێت، ئەم هەلومەرجە بەزیانی خەڵکی عێراق، بەتایبەت خەڵکی کوردستان دەشکێتەوە، هەلومەرجێک کە وەڵامێکی کرداری پێ نییە بۆ باشکردنی باری گوزەرانی خەڵکی عێراق و دابینکردنی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بۆ ئەو خەڵکە نارازییەی کە دەیان ساڵە خەبات دەکا و شەقام و گۆڕەپانەکان بەرنادات و فشار دەخاتە سەر دەسەڵاتداران و قوربانی بە دڵسۆزترین و تێکۆشەرترین ڕۆڵەکانی ئەدا. کار هەر بەمانەشەوە نەوەستاوە، واخەریکە سەروسیمای مەدەنی بەتەواوەتی لە پارلەمان و حکومەت و تەواوی دام و دەزگای ئیداری و دادوەری و ڕاگەیاندن و پەروەردەییەکاندا دەسڕێتەوە و لە جێگایان ڕەمز و هێمای مەزهەبی و تایەفی و کۆنەپەرستانە جێگیردەبن

سەبارەت بەکوردستان، وەک هەموو دەیزانین، کەم ڕۆژ و هەفتە و مانگ هەیە، دەسەڵاتدارانی عێراق لە ڕێگای دادگای فیدراڵی عێراقەوە گورزی کەمەر شکێن نەدەن و ئەوەی پێی دەڵێن قەوارەی هەرێم نەهێننە لەرزین و شەکوشۆک، تاوێ هەرێم ناچاردەکەن کە ڕادەستی هەرچی سامانی نەوتییە بکات و تاوێ ئەنجامی ڕیفراندۆم و پەرلەمان ئەنجومەنەکانی شار و یاسا و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن هەڵدەوەشێنێتەوە و بە بەهانەی جۆراوجۆرەوە موچە ڕەوانەی کوردستان ناکات، هاوکات نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی هەرێم بە نایاسایی لە قەڵەم ئەدا، کار وا بڕوات بڕیار بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەت و دام و دەزگا فەرمی و پەروەردەییەکان دەردەچێ، و هاکا بیستیشمان بە بەبڕیاری ناوەند دەبێ خوێندنی کوڕان و کچان لە قوتابخانە و ئاستە باڵاکانی خوێندن جیابکرێتەوە و کچان و ژنان دەبێ بە نقاب و ڕووپۆش داپۆشرێن و ئەوەی ناوی جێندەر و مافی ئافرەت و ئازادی سیاسی و ئاینی ڕۆژنامەگەری بەرێ بە تاوانبار و سیخۆری ئەمریکا و ئیسرائیل دابنرێ

لەڕاستیدا ئەوەی ئەم بارودۆخەی عێراقی خوڵقاندووە، هەر بە تەنها هێزە شیعی و تایەفی و هێزە ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرستەکان و دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و هەندێ هێزی تر نین، بەڵکو هێز و لایەنە سیاسی و بنەماڵە کوردییەکانی لای خۆشمان، بەتایبەت پارتی و یەکێتی، هەروەها هەموو ئەو هێز و لایەنانەش کە ساڵانێکە خۆ بە ئۆپۆزسیۆن ناوزەد دەکەن بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بووە لە سازبوونی ئەم بارودۆخەدا، هەموو ئەمانە دەور و نەخشیان لە دارشتنی دەستوور و پێکهاتنەوەی حکومەتی عێراقدا هەبووە و لە پلە و پۆستە باڵاکانی ئەم دەوڵەتەدا بەشداربوون و لە دادگای فیدراڵیشدا پارتی و یەکێتی ئەندامیان هەیە، لە هەموو ئەم پلە و پۆستە بەرزانەدا هێندەی سەرمەستی کورسی و دەسەڵاتبوون کەمێک بە خەمی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان و مافە مەدەنی و سیاسییەکان و سڕینەوەی شوێنەوارە ئازاربەخشەکانی ڕژێمە ستەمکارەکانی پێشووەوە نەبوون

هاوکات، ئەم ناکۆکی لەیەکترازانە مێژووییەی نێوان یەکێتی و پارتی بووە بە خێر و بەسەر دەسەڵاتدارانی عێراقدا ڕژاوە و هەلێکی لەباری بۆ ڕەخساندوون، بێزاری و وەڕسی خەڵکی کوردستانیش لە دەسەڵاتدارێتی هەرێم و بێ متمانەیی و بێ هیواییان پێی زەمینەی زیاتر ڕەخساندووە و بەم هۆیانەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا توانیویانە خۆ بە فریادڕەس بناسێنن و لەم ناساندنەشدا دیسان نەک هەر لایەن و کەسانی خۆ بەئۆپۆزسیۆن زان زۆرتریان پێوەناوە، جێگای نیگەرانییە توێژگەلێکی نارازی بەر فراوانیش بە شان و باڵی دەسەڵاتدارانی بەغدادا هەڵئەدەن و بە هۆکاری گەڕانەوەی ئومێد و دادوەری دەیناسێن

# ١٧ی شوباتی (٢٠١١)، ئاراستەکان و گێڕانەوەی جیاواز

## عەلی مەولود

ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی، بوون بە بەشێک لەمێژووی سیاسی کوردستان و خەڵکی کورد، بوو بە ڕووداوێکی سیاسی کە بەناوهێنان و بیستنی ناوەکەی قۆناغیک و ئامانجگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازو ناکۆک دەکەونە بەرچاو. بووە ویستگەیەکی سیاسی تازە کە ڕەسمیەتی بە جیاوازی و ناکۆکی نێوان دەسەڵات و خەڵک داو لەدەرەوەی ئاوات و بەرژەوەندیەکانی خەڵک دەسەڵاتی بەباری سەرکوتگەریدا ساغکردەوە

١٧ی شوبات، ئیتر بەشێکە لە ژیانی سیاسیمان، لەسەرێکەوە ئاماژەیە بۆ ئازادیخوازی و بۆ بنیاتنان و بەدیهێنانی ژیانێکی ئاسایی شکۆمەندانە و عادیلانە، کە خەڵکی کوردستان شایەنیەتی و بۆی تێکۆشاوە و قوربانی زۆری بۆ داوە، لەلایەکی تر گیانسەختی هێزگەلێکی دەسەڵاتخواز و کۆنەخواز و دووژمن سیفەت بوو بۆ پاراستن و درێژەپێدان بە ژیانێکی ناشایستەی پڕ لە ستەم و جیاوازی، کە بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، بەڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر داگیرکەرانی کوردستان و دووژمنانی خەڵکەکەی دایان سەپاندبوو

ئەم ڕووداوە وەک هەر ڕووداوێکی تری مێژوویی، لە گۆشەنیگا و بەرژەوەندی جیاوازەوە، خوێندنەوەی بۆ کراوە و دەکرێت، کە یەکێک لەو خوێندنەوانە ئەم دێرانەیە کە ئێستا دەخوێننەوە

بە دیتن و زانیاری من، چوار بەرژەوەندی و چوار ئاراستەی سیاسی جیاواز لە "سەرهەڵدان و ئاراستەکردن"ی ١٧ی شوبات ڕۆڵیان بینیوە یان باشترە بڵێین ئەکدار بوون تیایدا

ئاراستەی یەکەم و بنەڕەتی: نارەزایەتی و خولیای خەڵک بوو بۆ ژیانێکی نوێ، لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)ەوە دەسەڵاتی هەرێم ڕۆژبەڕۆژ وەک دەسەڵاتێکی گەندەڵ و خۆپەرست و میلیشیایی، لەخولیا و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دووردەکەوتەوە و بەو هۆیەشەوە نارەزایەتی ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو، لە دوای خۆپیشاندانەکانی (٢٠٠٦) ئاستێکی جەماوەری فراوانتری بەخۆوە گرتبوو، ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیش فووی زیاتری بەم نارەزایەتیانەدا کرد و ئومێدی خەڵکی بۆ گۆڕانکاری و سەرکەوتن پەرەپێدا، بەتایبەتی کە مەترسی بەعس لە سنوورەکان نەمابوو، وە جیابوونەوەی (گۆڕان) و کردنەوەی کەناڵی (NRT) جەسارەت و بوێری خەڵکی زیادکرد ... هەموو ئەوانە زەمینە و خواستی ئاڵوگۆڕێکی گەرەیان هێنابووە پێشەوە و تارمایی گۆڕانکاری بەئاسمانی هەرێمەوە دەبینرا، هەربۆیە هەم جەماوەر و هەم هەموو ئەو هێزانەی سەریان لەناو بۆتەی سیاسیدا بوو(گەورە و بچووک)، لەهەوڵی خۆسازکردندا بوون بۆ پێشکەوتن یان هەرنەبێت بۆ ئەوەی نەبن بەژێر داروپەردووی گۆڕانکاریەکانەوە

ئاراستەی دووەم: (یەکێتی) بوو، کە زەمینەی خۆشکردەکرد بۆ ئەو گردبوونەوەیە و بەفەرمی مۆڵەتی پێدابوو، لە ڕاگەیاندنەکانیەوە بانگەشەی بۆ کرد، بەرپرسانی یەکێتی ئاگاداری ئەو گردبوونەوەیە بوون و ڕێگریان نەکرد، ئامانجی (یەکێتی): یەکەم بۆ لێدانی نارەزایەتی خەڵک بوو بەرلەوەی پێبگات و بە باشی خۆی بۆ ئامادە بکرێت، بەمەبەستی گوڕزلێدانی پێشوەختە، بەتایبەتی کە زەمینەی بابەتی و خۆیی گۆڕانکارییەکی سیاسی هاتبووە ئاراوە، دووەم بۆ پێشگرتن بە پێشڕەوییەکانی (گۆڕان) و ڕێگرتن لە مەترسی پلانە سیاسیەکانی، کە پاکێجێکی (٧) خاڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و پەکخستنی دەسەڵاتی مەوجود و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نوێ بڵاوکردبۆوە، بەدڵنیاییی ئەگەر سەریبگرتایە (یەکێتی) وەک دۆڕاوی سەرەکی تیایدا دەهاتە دەر، سێهەم بۆ چڕکردنەوەی نارەزایەتی خەڵک لەدژی پارتی و تۆخکردنەوەی ئەو هەستەی لەنەستی خەڵکدا بوو کە (پارتی) لایەنی سەرەکی دەسەڵات و هۆکاری سەرەکی ئەو بەدبەختییەیە کە باڵی بەسەر هەرێمدا کێشاوە، بۆئەوەی پارتی لەژێر ئەوفشارەدا دەست بەباڵی یەکێتییەوە بگرێت و ئیمتیازی زیاتری پێبدات، لەجیاتی ئەوەی وەک پیاوە نەخۆشەکەی دەوڵەتی عوسمانی تەماع بکاتە سەرزەمینەکانی قەڵەمڕەوەکەی

ئاراستەی سێهەم: (پارتی) بوو، بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٣، بەرنامەکاری ئەو پارتە فەتحکردنی سلێمانی و گەرمیان بوو، بەتایبەت کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ ، لەم ناوچانە شکستی گەورەی بەخۆوەدیبوو، هاودەسەڵاتەکەشی لاواز ببوو کە دەیانساڵ بوو خەوی پێوەدەبینی. دەیویست هەم ئەو شکستە قەرەبوو بکاتەوە و هەم جێگای شەریکەکەی بەقازانجی خۆی پڕ بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە سەرکردایەتی ئەم ناوچانەی بەهێزکردبوو، وە بەدوای هەلێک و بیانوویەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی هێزی زۆر بخزێنێتە ئەم ناوچانەو هەژمونی سەربازی بکات، بۆ ئەوە لە بەردەم بارەگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەخۆی نیشاندا و بۆ شەوەکەی لەجیاتی داوای لێبووردن و لێپێچینەوە لە بکوژەکانی، کەوتە هەڕەشە و هێزجوڵاندن بەرەو سلێمانی بە چەکی قورسەوە

بەپێی قسەکانی (نێچیرڤان بارزانی) (پارتی) پێشوەخت زانیبووی کە (١٧)ی شوبات ڕووداوێک ڕوودەدات و بەردەم لقی چواریش دەبێت بەشوێنی گونگەلێک، هەر بۆ ئەومەبەستە پێشوەخت چەکدارانی لقی چوار هەم ژمارەیان زیادکرابوو هەم لەحاڵەتی ئامادەباشیدابوون، لەکاتێکدا کە بەشێک بەشدارانی گردبوونەوەکەی بەردەم سەرای ئازادی و هەندێ کەسی تریش لەملاولاوە بە ڕێپێوان و هوتافکێشان بەبەردەم لقی ٤ تێدەپەڕن لەسەر بانی (لقی چوار)ەوە بەبەرد سەری یەکێک لە خۆپیشاندەران دەشکێنرێت و بەوهۆیەوە خۆپیشاندەران پەلاماری (لقی ٤) دەدەن و بەردبارانی دەکەن و هەوڵدەدەن بچنەژوورەوە (کە لەڤیدیۆیەکدا بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت)، ڕاستە درووشمەکان و هوتافەکان وەک هێزی سەرەکی دەسەڵات بەرامبەر (پارتی) بوون و خەڵک تا سەرلووتیان لە (پارتی) توورەبوون، بەڵام لەم تێکهەڵچوونەدا (پارتی) دەستپێشخەر بووە

پارتی هیچکات ئەو لێکدانەوەی قبووڵ نەکردووە کە (١٧)ی شوبات نارەزایەتی خەڵک بوو، وەک هەمیشە بە تیۆری موئامەرە، ڕووداوەکەی وەرگرت و واخستنەڕووی بۆکرد کە ئەوە (گۆڕان) و هەندێ هێزی سیاسی دیکەیە بەناوی خەڵکەوە بۆ شکاندنی ئەو ئاژاوە دەنێنەوە، هەربۆیە لەجیاتی ڕێککەوتن لەگەڵ خەڵک و وەڵامدانەوە بە داواکاریەکانیان، هەوڵی بێوچانی دەدا لەگەڵ (گۆڕان) و هاوپەیمانەکانی ڕێکبکەوێت، کە ئەمەیان هەم ئاسانتر بوو هەم زیانیشی بۆ دەسەڵات کەمتر بوو، سەرەنجام سەرکەوت و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی لە خۆپیشاندانەکان دابڕی، بەمەش دوونیشانەی پێکا، یەکەم خۆپیشاندانەکانی کۆتایی پێهێنا و لاوازی کرد و دووەم حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی کردە شەریک لە گەندەڵییەکانی خۆی و کێرڤی گەشەکردنیانی گۆڕی بەرە و دۆڵ

ئاراستەی چوارەم ئۆپۆزسیۆن بوو، کە پێکهاتەیەکی لێک جیاواز و تەنانەت ناکۆک بوو، (گۆڕان) و ئیسلامیەکان و چەپ و کۆمۆنیستەکانیشی تێدابوو، هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە بۆ نارەزایەتی خەڵک و ئایندەی کۆمەڵگا دەیانڕوانی

*- (گۆڕان) نارەزایەتی خەڵکی وەک هێزی فشار دەبینی بۆئەوەی (پارتی) و (یەکێتی) ملبدەن بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هەرێمی کوردستان و بە شێوەی سیستەماتیک ڕێکبخرێتەوە و دامودەزگاکان بکرێن بە حکومەتی و لە دەستی حیزب ڕزگار بکرێن، ئەو هیچ بەرنامەیەکی نەبوو بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک و زیادکردنی بەشی خەڵک لە داهات و سامان و بەشداری سیاسی، زۆرتر ئەوەی بەشوێنییەوە بوو جۆرێک لە سیستەمی حوکمڕانی بوو کە تێکەڵاوبوو لەگەڵ خەونی لیبراڵەکانی کوردستان، ئامانجی هەرە دیار دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بوو لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە، تاکو ئەوەی (پارتی) و (یەکێتی) دەیکەن دەوڵەت بیکات، دەوڵەت جیاوازیەکان و ستەم و چەوسانەوە و سەرکوت و نایەکسانیەکان ڕێکبخات و پاسەوانی لە ئابووری کەرتی تایبەت بکات

*- ئیسلامییەکان سەرکەوتنی هاوفکرەکانیان لە "بەهاری عەرەبی" چەشەی کردبوون بۆ دەسەڵات بە کەڵک وەرگرتن لە سەرهەڵدانی خەڵک، ئیخوانییەکان وتەیەکی بەناوبانگیان هەیە کەدەڵێن ئێمە شۆڕش ناکەین، بەڵام لەبەرەکەی دەخۆین، ئیسلامییەکانی کوردستانیش کە هەموویان لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتوون، ئومێدی زۆریان هەڵچنیبوو لەسەر ئەوەی لە نارەزایەتی و سەرهەڵدانی جەماوەر کەڵک وەربگرن بۆ گەیشتن بەو خەونە، بۆ تەواوکردنی بازنەی ئەو دەسەڵاتە ئاینییەی لەناوچەکەدا بەدیهاتبوو بەعێراقیشەوە



*- چەپ و کۆمۆنیستەکانیش ڕەوتێک بووین لە ١٧ی شوبات کە لەڕووی سیایەوە بەشداری چالاکانەمان هەبوو، لە مەیدانەکانی ئازادی و لە ئامادەکردنی داواکاریەکان و دەرکردنی بڵاوکراوەی "ڕۆژانەی خۆپیشاندان" و کۆبوونەوەکانی ڕۆژانەی ئەنجوومەن و تەنانەت دامەزراندنی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی، چالاکیمان هەبوو، بەڵام لەڕووی ڕێکخراوەییەوە پەرت بووین و لەڕووی جەماوەرییەوە لاواز بووین، زۆرتر ببووین بەهێزی زەخیرەی ئۆپۆزسیۆن، هەرچیماندەکرد دەچووە گیرفانی ئەوانەوە، بەدیهاتنی داخوازیەکانی جەماوەر و ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی ئەوان ئامانجی سەرەکیمان بوو، بەڵام جەماوەری ناڕازی لەڕووی سیاسیەوە بە پلەی یەکەم لەسەر (گۆڕان) ئومێدیان هەڵچنیبوو، کە دواتر ئەو ئومێدەیان کردە توورەکەیەکەوە و بردیانە پەرلەمان و خستیانە گرەوی چەلەحانێی بێزەنتی پەرلەمانتارانەوە

هاوپەیمانێتیەک لە نێوان (گۆڕان) و ئیسلامیەکان پێکهات، ئەو هاوپەیمانێتییە بەرلەوەی بەرامبەر دەسەڵات بێت بەرامبەر سەربەخۆیی خەڵک و کۆمۆنیست و چەپەکان بوو، ئەوان هەردوولایان هاوڕابوون لەوەی خەڵک نەبێت بە جەمسەرێکی سیاسی ڕێکخراو و ئەمەیان بە بەدیل و جێگرەوەی خۆیان دەزانی و هەروەها هاوڕاش بوون لەسەر کەنارکردنی کۆمۆنیست و چەپەکان، کە لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە تاکو (١٧)ی شوبات (٢٠١١) پێشەنگ و ڕێکخەری داواکاری و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بوون و لە ڕاپەڕینیشدا دەستپێشکەر بوون و بزووتنەوەی شوراییان وەک دیاردەیەکی سیاسی-جەماوەری نوێ هێنابووە ناو ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەم دوو ڕەوتە (گۆڕان و ئیسلامیەکان) دوو ناکۆکی گەورە لەنێوانیان هەبوو، یەکەم گۆڕان زۆرتر ڕووی نێزەکەی لە (پارتی) بوو، ئەو نەیدەویست تەنها ببێتە جێگرەوەی (یەکێتی)، بەڵکو ئەو چارەنووسەی زۆرتر بۆ (پارتی) دەخواست، یان هەرنەبێت بیکاتە هێزێکی گونجاو لەگەڵ ئەو خەونەی خۆی هەیبوو، لەسەردانێکمان بۆ لای گۆڕان (وەک ئەنجومەنی کاتی) (نەوشیروان مستەفا) وتی ئێمە ویستمان لەهەولێرەوە دەست پێ بکەین بەڵام کۆمۆنیستی کرێکاری (مەبەستی کۆمۆنیستەکان بوو بەگشتی بۆیەش لە یەکەم ڕۆژ وەک گێرەشێوێن ناوی بردن) لێی تێکداین، من وتم ئەچووە بچێت با ئێستا بیکەین، هەمووومان ڕێکخستن و لایەنگرەکانی خۆمان بکەینە پێشەنگ، ئەو بەدروستی قسەکەی منی وەک ڕەخنە وەرگرت و وتی ئێستا وەختی لێپرسینەوە نییە، ئارام شێخ محمد نوێنەری ئێمەیە هەرشتێکتان بۆ (گۆڕان) هەیە لەگەڵ ئەو باسی بکەن، بەڵام ئیسلامییەکان هەرگیز نەیانویست پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پارتی تێکبدەن، ئێمە وەک وەفدێکی (ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی) بۆ لای (کۆمەڵ) و (یەکگرتوو) جەختمان لەوەکرد کە لە هەولێر کەڵک لە ڕێکخستنی لایەنەکان (گۆڕان و کۆمەڵ، یەکگرتوو، چەپەکان و خەڵکی ئازادیخواز و ناڕازی) وەرگرین بۆ خۆپیشاندان، ئەوان تەنانەت نەچوونە پشتی هەوڵەکانی (گۆڕان)یش کە هاوپەیمانیان بوو

# هەشتی (٨)ی مارس ڕۆژێکی جیهانی و تایبەتی ژنانە لە پێناو ماف و ئازدی و یەکسانیدا.

ئەم ڕۆژە ئاماژەیە بۆ مێژووی پڕ لە قوربانی و خەباتی ماندوو نەناسانەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئەو ڕەنجانەی داویانە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێ، بۆ هێنانەدی یەکسانی نێوان ئینسانەکان

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە کە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە کچان و ژنانی هەرێمی کوردستان شانبەشانی پیاوان لە هەموو بوارەکانی پەروەردە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکاندا کاردەکەن، وە شانبەشانی پیاوان لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپێشاندانەکاندا وەستاونەتەوە بۆ بەرگری لە مافە پیشەیی و ئینسانییەکانیان

ئەمە لە کاتێکدایە کە مامۆستایانی وانە بێژ و گرێ بەست لە مۆڵەتی دایکایەتی بێ بەش کراون کە نمونەیەکی ئاشکرای پێشێل کردنی مافەکانی ژنانە، وە توندووتیژی لە ژێر ناوی پاراستنی "ناموس و شەرەف" بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و ژنکوژان داڵدە دەدرێن و دەپارێزرێن، بە ناوی کێشەی خێزانی و سوڵحی کۆمەڵایەتی

هەروەها بەپێی نەریتی پیاوسالاری، جیاکاری و هەڵاواردن پەیڕەو دەکرێت لە قوتابخانەکاندا لەنێوان کچان و کوڕاندا، وە ئەم جیاکارییە لەناو خێزان و لە ناوەندەکانی کاریشدا پیادە دەکرێت لەنێوان ژنان و پیاواندا

لەسەر ئاستی جیهانیش لەمڕۆدا سێ لەسەر چواری نەخوێندەوارەکانی جیهان ژنانن، لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنەدا کە مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە لەبواری زانست و زانیاریدا، هەروەها ژنان و منداڵان گەورەترین قوربانی ئاوارەی شەڕەکانن، وە گەورەترین قوربانی قەیرانی ئابووری و بێکارین، و لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا یاسای مەزهەبی و پیاو سالاری هۆکاری ئازاردانی ژنان و چەوسانەوەیانن

ئێمە لەم ڕۆژەدا جەخت لەسەر هێنانەدی مافەکانمان دەکەینەوە، ئەو دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک کاری لەسەر کراوە بەهی خۆمانی دەزانین، و بۆ جێگیرکردنیان خەبات دەکەین

ژنان و کچان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی لە خۆیان و لە تەواوی ژنانی ئازادیخوازی جیهان دەکەن و هاوپشتی و هاوخەباتی خۆیان ڕادەگەیێنن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا




نوێنەری مامۆستایانی ناڕازی

٢٠٢٤-٣-٨

# سەرنجێک بە بیانووی هەشتی مارسەوە



سروە عومەر

١●

سیمۆن دی بۆڤوار لە ڕەگەزی دووەمدا، بەم ڕستەیە: "ژن وەک ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دواتر دەکرێت بە ژن"، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ژنبوون فاکتێکی سروشتی نییە، بەڵکوو بەرهەمی مێژووی شارستانییەتە

ئەگەر ئاورێکی خێرا بۆ مێژوو بدەینەوە، تێدەگەین کە بەهۆی خاوەندارێتی کردنی زەوییەوە ژێردەستەیی کەوتووەتە نێوان مرۆڤەکانەوە. واتە فاکتەری ئابووری بنەڕەت و سەرچاوەی کۆی کێشە و ململانێکانی نێوان مرۆڤەکان (ژن و پیاو)، وەک کێشە دەروونی و سێکسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بووە و پیاو بە هێز دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و بەسەر ژندا زاڵبووە

لێرەوەیە کە هەردوو ڕەگەزەکە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆیان ونکردووە و دەسەڵات دزەی کردۆتە نێوان پەیوەندییەکانیانەوە. بەشێوەیەک بنەمای سێکس لە پەیوەندییە سەرەتاکانی مرۆییدا، چێژ و خۆشی بووە، بەڵام دواتر ڕەهەندی پاتریارکی وەرگرتووە و بووەتە گرێبەستێکی ئابوورییانە، جا چ لە فۆرمی ڕەوایەتی پێدراوی وەک زەواج یان لە فۆرمە قێزەون و بێزراوەکانی وەک لەشفرۆشی و پۆرنۆ و هتدەوە بێت لەلایەن کۆمەڵگەوە

پیاو ئەو کارانەی کە دەستکەوتی ماددییان هەیە بۆخۆی بڕیاردا و کاری ناو ماڵ و پەروەردە و چاودێریکردنی منداڵ کە فێمینیستەکان بە کارە لاوەکی و پەراوێز و بێبەهاکان ناوزەدی دەکەن، بە ژن سپارد. بەم پێیە ژن لە پیاو دابڕا و دواکەوت، کە تا ئێستاش ژن هەوڵ و تواناکانی لە هاوتەریب کردنەوەی خۆی و هاوسەنگکردنەوەی ئەو پەیوەندییەدا خەرج دەکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە داخۆ ئەوە ژن نییە درێژە بە سیستەمە ئایینی و خێڵەکی و پیاوسالاری و کۆنەپارێزەکان دەدات و ئایدیاڵەکە بەرهەمدێنێتەوە؟ چونکە کۆی ئەو سیستەمانە لەسەر پاشکۆیەتی ژن بونیادنراون. ئایا ژن بۆ هێنانەوەی شوناسە سڕاوەکەی، خۆی دەکاتە پنتی دەرچوون یان ئەویتر؟

٢●

گەر نەبوونی ئابووری سەربەخۆ ژن بکاتە مشەخۆر، ئایا کارکردن لەو پێناوەدا سەربەخۆیی و ئازادی بۆ ژن دەهێنێت؟ بەلای سیمۆن دیبۆڤوارەوە، ژن بە کارکردن بەشێکی زۆری ئەو مەودایە دەبڕێت کە لە پیاو دووری خستووەتەوە و کارکردن دەتوانێت ئازادیی بەرهەستی بۆ بهێنێت

ئاشکرایە ئەمڕۆ لە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی دنیادا، کچان هاوشێوەی کوڕان دەخرێنە خوێندنگە و قوتابخانەکان و خوێندن تەواو دەکەن و دەتوانن ببنە فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حکومەت کار بکەن، یان لە مۆڵ و مارکێتەکان کاردەکەن. بەشێکیشیان لە ماڵەوە ئابووری خۆیان بەدەست دێنن لە ڕێی کاری وەک بەرگدووری و کاری دەستی؛ چنین و نەخش و نیگار و هەروەها لە ئارایشتگاکان و شوێنی تریش، کەچی هێشتا درێژە پێدەری ئەو نەریتەن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە مێینەیی لەناویاندا ڕەگی داکوتاوە و لە منداڵییەوە فۆرمیولە بووە. کەواتە ژنان خۆیان درێژەپێدەری ئەو دۆخ و شوناسە سەپێنراوەن. ئەوەتا بەر لە لەدایکبوونی منداڵ، هەر کە پزیشک لە ڕێی پشکنین و سۆنارەوە هەواڵی ڕەگەزی کۆرپە بە دایک ڕادەگەیەنێت، دەستدەکات بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی پەمەیی گەر کچ بێت و شینیش گەر کوڕبێت. دەبێت سەرەتا یەکتری وشیار بکەنەوە و لەمە بە بەئاگا بێنەوە. مادام کاری پەروەردە و چاودێریکردنی منداڵ لە ئەستۆی ژنە، ژنێتی و هەرچی و چۆن بتەوێت لە ناخی منداڵدا دەنەخشێنرێت، کەواتە گرنگترین کارە کە ئیمکانی گۆڕانکاری کۆمەڵگە هەڵدەگرێت. هاوکات دەبێتە ئەکتێکی ڕادیکاڵ و بەرەنگاری دژی بەها پاتریارکییەکان. بەم جۆرە ژن دەبێتە جەوهەری پەروەردە و کۆمەڵگە، چونکە دەتوانێت نەوەیەکی جیاواز پێشکەشی کۆمەڵگە بکات، ئەو وێنەیە لە خۆی و ئەوی تریش داماڵێ کە پێیدراوە و وێنە ڕاستەقینەکە بدۆزێتەوە. ناکرێت ژنان چاوەڕێی شۆڕش بکەن بە هیوای ڕزگارییان، بەڵکوو لە بەرەنگاری ژیانی ڕۆژانەوە دەستپێبکەن.

٣●

پیاو لەو ساتەوەی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، پاڵی لێنەداوەتەوە، بەڵکوو بەردەوام بە فۆرمی جیاواز خەریکی بەرهەمهێنانەوەی دەسەلاتەکەیەتی، چونکە ترسی لەدەستدانی هەیە. بەردەوام مۆدێلی نوێ دادەهێنێت بۆ ملکەچکردن و کۆنترۆڵکردنی ژن. نوێترین تەکنیکی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی و هاککردنی تاک جەستەسازییە. دەسەڵات بە مانا فۆکۆییەکەی تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسیدا کورت نابێتەوە، دەسەڵات بەنێو پەیوەندییە مرۆییەکاندا پەرشوبڵاو بۆتەوە، ئیشیشی تەنیا چەپاندن و سەرکوتکردن نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنەریشە. یۆتۆپیا بەرهەندەهێنێت. بۆ ئەوەی جەستەی پێ کۆنترۆڵ بکات.

سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی، سیستەمی سیاسی هاوشان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری و ئیسلامیزم و شێعری باو خەریکی قۆرخکردنی جەستەی تاکن (ژن) لەڕێگەی یۆتۆپیاکانیانەوە. پۆشاکی شەرعی و گوناح، دواتریش لەسەرنانی تاجی زێڕین و جوانکاری؛ بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی جەستە، گەورەکردن و بچووککردنەوە، شاجوان و بوونە مۆدێل و هیتریش، لەو ئایدیاڵانەن کە جەستەی ژنی پێ وندەکرێت. هەروەها ئەم یەکپۆشی و یەکڕەنگی، یەکشکڵی و یەک وەزنی و یەک هەستیە هاوڕێکە لەگەڵ گوتاری یەکڕیزی سیاسییەکان، کە لەڕێگەیەوە جیاوازیتەکان دەسڕنەوە. بۆیە خۆ لادان و دوورگرتن لێیان، ئەکتێکی بەرەنگارانەیە. لەلایەکی ترەوە، سەرمایەداری دەبێتە مووچەخۆری ژن و ئابوورییەکەی هەڵدەتەکێنێت

ڕەوت البديل OCA

# ڕۆژی ژنانی جیهان، لە کوێوە هاتووە؟

نووسینی: ئەلێکساندرا کۆلونتای
و. لە ئینگلیزی یەوە: ئازاد ئارمان

## مەراسیمی شۆڕشگێرانە

ڕۆژی ژنان یان ڕۆژی ژنانی کرێکار، ڕۆژێکە بۆ هاوپشتی نێونەتەوەیی، ڕۆژی پێداچوونەوەیە بە ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکاردا. بەڵام ئەم ڕۆژە تایبەت نیە تەنها بە ژنان. 8ی ئازار ڕۆژێکی مێژووی و لە بیرنەچووەیە بۆ کرێکاران و جوتیاران، بۆ تەواوی کرێکاران لە ڕووسیا و هەروەها گشت کرێکاران لە جیهان دا.

لەم ڕۆژەدا لە ساڵی (١٩١٧) شۆڕشی شوباتی مەزن هەڵگیرسا.(١) ژنانی کرێکار لە شاری پترۆگراد دەستیان دایە شۆڕش، ئەوان یەکەمین کەسانێک بوون ئاڵای دژایەتی دەسەڵاتی تزارو لایەنگرانیان ڕاگەیاند. ڕۆژی ژنانی کرێکار دوو جار جەژنە بۆ ئێمە.

بەڵام ئەگەر ئەم ڕۆژە پشووی گشتی یە بۆ تەواوی پرۆلیتاریا، بۆچی پێی دەڵێن "ڕۆژی ژنان"؟ بۆچی ئێمە مەراسیم و کۆبونەوەی تایبەتی بۆ دەگێرین، لە هەمووی گرنگتر ئامانجمان چی یە لە کرێکارانی ژن و ژنانی جووتیار؟ ئایا ئەمە یەکێتی و هاوپشتی چینی کرێکاران دەخاتە ڕەوشێکی مەترسی دارەوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئێمە پێویستە سەیری ڕابردووی خۆمان بکەین و بزانین ڕۆژی ژنان چۆن هاتۆتە کایەوە، بۆ چ ئامانجێک خۆ ڕێکخەین.

## چۆن یاخود بۆچی ڕۆژی ژنان ڕێکخرا؟

ساڵانێکی دوور نا، تەنها (١٠) ساڵ لەمەوبەر، کێشەی یەکسانی ژنان، یاخود کێشەی بەشداربوونی ژنان لە گەل پیاوان لە پەرلەماندا بووە جێگای مشتومر. چینی کرێکاران لە تەواوی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی دونیادا دەستیان دایە خەبات بۆ مافەکانی ژنانی کرێکار، بۆرژوازی نەیدەویست ڕەزامەندی مافەکانی ژنانی کرێکار بسە لمێنێت.

لە پەرلەماندا بە قازانجی بۆرژوازی نەبوو چینی کرێکاران مافی دەنگدانی هەبێت. هەروەها لە هەموو وڵاتاندا ڕێگریی یاسایی دروست کرد بۆ ڕێگە گرتن لە مافی ژنانی کرێکار.

سۆسیالیستەکان لە ئەمریکای باکوور بێوچان تێدەکۆشان لە پێناوی داخوازی مافی دەنگدان بە شێوەیەکی تایبەتی بەبێ ڕاوەستان. لە (٢٨)ی شوباتی (١٩٠٩)دا، ژنانی سۆسیالیست لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبونەوە و خۆپیشاندانی گەورەیان بەرێخست لە سەرتاسەری وولاتدا لە پێناوی داخوازی یە سیاسی یەکانی ژنانی کرێکار. ئەو ڕۆژە یەکەمین "ڕۆژی ژنان" بوو. ئەم دەست پێشخەرییە بۆ ڕێکخستنی "ڕۆژی ژنان" (٢) بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا.

لە ساڵی (١٩١٠)دا، لە دووهەمین کۆنفرانسی جیهانی ژنانی کرێکار، کلارا زیکتین (٣) دەبێتە هۆی پاڵنەری بەرەوپێش چوونی مەسەلەی ڕێکخستنی ڕۆژی ژنانی کرێکارانی جیهان. لەم کۆنفرانسە بڕیاریاندا هەموو ساڵێک لە تەواوی وڵاتاندا لە هەمان ڕۆژ دا، پێویستە مەراسیمی "ڕۆژی ژنان" ڕێزی لێبگرن لە ژێر دروشمی "مافی دەنگدانی ژنان هێز و یەکێتیمان پێدەبەخشێت لە خەبات بۆ سۆسیالیزم".

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، مەسەلەی بنیاتنانی پەرلەمانێکی دیموکراتی زیاتر□هتد، فراوان کردنی مافی بەشداری کردنی ژنان لە دەنگداندا، یەکێک بوو لە خاڵە بنچینەییەکان لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دا، کرێکاران لە تەواوی وڵاتە بۆرژوازی یەکان مافی دەنگ دانیان هەبوو بێجگە لە ڕووسیا. (٤) تەنها ژنان و ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەبوو نەبێت لە سەر هەمان بێ مافی پێشوو مابوونەوە.

هەموو ساڵێک ژمارەی ژنان لە زیاد بوون دایە لە کارگە و کارخانەکان چ وەکو خزمەتکار یان وەکو پاکژکەرەوە. ژنان کار دەکەن شان بە شانی پیاوان، سامان و گەنجینەی تەواوی وڵاتەکان بەرهەم هێنراوە لە سەر دەست و بازووی ئەوان. بەڵام ژنان بێ بەش کراون لە مافی دەنگدان.

بەڵام لە ساڵی ڕابردوو دا پێش ئەوەی جەنگ دەست پێ بکات نرخی خواردن چووە سەرێ، چوونە سەرەوەی نرخ وای کرد باشترین و ئاشتیخوازترین ژنانی ماڵەوە ئارەزووی کاری سیاسی بکەن و خۆپیشاندان بکەن لە دژی بۆرژوازی و تالانی ئابووری. "ڕاپەرینی خانمانی ماڵەوە" پەرەی سەند و لە زیاد بوون و دووپات بوونەوەدا بوو، هەروەها خەباتی ژنان گڕی گرت لە چەندین شوێنی جیاواز لەوانە: نەمسا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا.

ژنانی کرێکار لەوە تێگەیشتبوون تەنها ئەمە بەس نی یە پەیوەندی بپچڕێنن لە گەڵ بازاری کوشک یان تاکی بازرگان، لەوەش تێگەیشتبوون بەم کارەیان ناتوانن نرخی بازار بێنە خوارەوە. پێویستە سیاسەتی دەوڵەت بگۆڕین. بۆ بەدەست هێنانی ئەمە چینی کرێکار دەبێت داخوازی مافی بەشداری کردن لە دەنگدان فراوان بکاتەوە.

پێویستە بڕیاری ڕۆژی ژنان لە تەواوی وڵاتان ئەم شێوەیە بەڕێوە بچێت خەبات بێت لە پێناوی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتانی کرێکار. ئەم ڕۆژە دەبێت ڕۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بێت لە خەباتدا بۆ ئامانجی هاوبەشمان و ڕۆژی پێداچوونەوەیە بێت بە هێزی ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکار لە ژێر ئاڵای سۆسیالیزمدا.

## ئەنتەرناسیونالی یەکەم

ڕۆژی ژنان، بڕیاری کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی دووهەمی ژنانی سۆسیالیست تەنها بڕیارێک نەبوو لە سەر کاغەز، بەڵکو سووربوون بوو لە سەر دەست نیشانکردنی ڕۆژی ژنان لە (١٩)ی ئازاری ساڵی (١٩١١)دا، دانانی ئەم ڕۆژە بڕیارێکی کوێرانە نەبوو. هاوڕێ ئەلمانیەکانمان بۆیە ئەم ڕۆژەیان هەڵبژارد لە بەر ئەوەی ڕۆژێکی مێژووی و گرنگ بوو بۆ پرۆلیتاریای ئەلمانی.

(١٩)ی ئازار، ڕۆژی شۆڕشی (١٨٤٨) بوو، پاشای پروسیا بۆ یەکەمین جار ناچارە ڕێز دادەنێ بۆ هێزی چەکداری جەماوەری بۆ دوورخستنەوەیان لە ترسی سەرهەڵدانی ڕاپەرینی پرۆلیتاری. لە ناوەڕاستی ئەو پەیمانانەی کە داپووی بە خەڵک دواتر لێی پاشگەز بوویەوە، کە سەرەتایەک بوو بۆ بە ڕەسمی ناسینی دەنگدانی ژنان.

دوای (١١)ی جەنیوەری، تێکۆشان و بەرخۆدان بۆ خۆئامادەکردن و دروستکردنی ڕۆژی ژنان لە ئەلمانیا و نەمسا. ئەوان هەردوو وڵات پێکەوە پیلانیان دارشت بۆ خۆپیشاندان، بەڵێن یان دا بە نووسین و بە دەم، هەروەها بە ڕۆژنامەگەری. لە دەوری هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی ژنان دوو ڕۆژنامەنووس ڕایانگەیاند: مافی دەنگدانی ژنان لە ئەلمانیا و ڕۆژی ژنان لە نەمسا. وتاری هەمەڕەنگ بوون تەرخان کرابوون بۆ ڕۆژی ژنان□"پەرلەمان و ژنان،" "ژنانی کرێکار و ڕەوشی ئەنجومەنی شارەوانی، خانمانی ماڵەوە چی پەیوەندێکی یان هەیە لە گەڵ سیاسەت؟ "، هتد□ لێکدانەوەی بەوردی مەسەلەی یەکسانی ژنان لە پەرلەمان و لە کۆمەڵگە دا. تەواوی وتارەکان دەست نیشانی هەمان خاڵ دەکەن: بە تەواوی پێویستە پەرلەمان زیاتر دیموکراتی بکەینەوە بۆ سەپاندنی مافی دەنگدانی ژنان.

لە ساڵی (١٩١١)دا بۆ یەکەمین جار ڕۆژی ژنانی جیهان بەرپاکرا. کە سەرکەوتن و بە دەست هێنانی هەموو ئاواتەکان بوو. لە ئەلمانیا و نەمسا ڕۆژی ژنانی کرێکار وەکو دەریا شەپۆلی دەدا و دەهەژا.

لە هەموو شوێنێک کۆبونەوە بەرێدەخرا□ لە شارۆچکە بچووکەکان هەتا لە گوندەکان، هۆڵەکان پڕ بوون لە خەڵک، لەوێ داوا لە کرێکارانی پیاو دەکرا جێگاکانیان بدەن بە ژنان.

بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکەم جار بوو ژنانی کرێکار نیشانیاندا کە شۆڕشگێرن. پیاوەکان لە ماڵەوە بوون لە گەل مناڵەکان بۆ جارێک، هەروەها هاوسەرە لە قەفەزنراوەکان دەچوونە کۆبونەوەکان و گەورەترین خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام یان بەرێخست، کە (٣٠) هەزار کەس بەشدار بوون. پۆلیس هەوڵی دەدا دروشمەکان لە خۆپیشاندەران بستێنێ، بەڵام ژنانی کرێکار ڕووبەڕوویان وەستانەوە. لەم ڕووداوەی هاتە پێش، ئەوەی ئەم خوێن ڕشتنەی ڕاگرت تەنها یارمەتی و هاوکاری پەرلەمانتارە سۆسیالیستەکان بوون.

لە ساڵی (١٩١٣)دا ڕۆژی ژنانی جیهان گۆرا بۆ ڕۆژی (٨)ی مارس. ئەم ڕۆژە دەگەڕێتە بۆ خەبات و تێکۆشانی ژنانی کرێکار.

## ئایا ڕۆژی ژنان پێویست بوو؟

ڕۆژی ژنان لە ئەمریکا و لە ئەوروپا ئاکامێکی سەرسام کەری هەبوو. لە ڕاستی دا یەک دانە کەس نەبوو لە پەرلەمانی بۆرژوازی بیر لە ئاسانکاری یەک بکاتەوە بۆ کرێکاران یاخود لێبڕسراوەتی نیشان بدات لە بەرامبەری داخوازی یەکانی ژنان. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بۆرژوازی ترسی نەبوو لە ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی.

بەڵام ڕۆژی ژنان چەند شتێکی بە دەست هێنا، لە هەمووی گرنگتر شێوازی وروژاندنی ئەو هاوڕێ ژنانە بوون کە کەمترین کاری سیاسییان دەکرد. ئەمانە کۆمەک نەبوون، بەڵکو هۆشداری و هۆشیاریەک بوو بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکان، خۆپیشاندان، پۆستەر، نامیلکە، ڕۆژنامەکان بۆ ڕۆژی ژنان. هەتاکو دواکەوتووترین ژنانی کرێکار وای بیر دەکردەوە کە "ئەمە ڕۆژی ئێمەیە، ئەمە فیستیڤالی ژنانی کرێکارە " بە پەلە دەچوو بۆ کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان. دوای هەر یەک لە "ڕۆژی ژنانی کرێکار"، ژنان زیاتر پەیوەست دەبوون بە پارتە سۆسیالیستەکان و یەکێتی یە کرێکاری یەکان بەرەو پێش دەچوون. ڕێکخراوەکان وەزعیان بەرەو باشتر بوون دەچوو، هۆشیاری سیاسی گەشەی دەکرد.

ڕۆژی ژنان ئەرکێکی تری خستە ڕوو: ئەویش بەهێزکردنی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران بوو. لە ڕێورەسمی تایبەتی دا پارتەکانی وڵاتە جیاوازەکان بە گشتی قسەوباسیان ئاڵوگۆڕ دەکرد: هاوڕێ ئەلمانیەکان دەچوون بۆ بەریتانیا. هاوڕێ ئینگلیزەکان دەچوون بۆ هۆڵەند□ هتد. یەکێتی چینی کرێکارانی جیهان زیاتر بە هێز دەبوو ئەمەش مانای ئەوەیە خەباتێکی بەهێزی پرۆلیتاری بە گشتی لە بەرەوپێش چوون دایە.

ئەمانە سەرچاوەی تێکۆشانی ڕۆژی ژنانی کرێکار بوو. تێکۆشانی ژنانی کرێکار لەم ڕۆژەدا کۆمەکی زیاتر دەکات بە هۆشیاری و ڕێکخراوبوونی کرێکارانی ژن. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشداری ڕاستەوخۆ بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە لە پێناوی ژیانێکی باشتر بۆ چینی کرێکاران.

## ڕۆژی کرێکارانی ژن لە ڕووسیا.

لە ساڵی (١٩١٣) بۆ یەکەمین جار ژنانی کرێکار لە ڕووسیا بەشدار بوون لە "ڕۆژی ژنانی کرێکار"، ئەو کاتە، کاتی بەرەنگاربوونەوە بوو، کە تیزاریزم دەیویست کرێکاران و جوتیاران ڕاگرێت لە چاوەڕوانی دا. یاخود دەیویست بە هیچ جۆرێک بیر لە مەراسیمی " ڕۆژی ژنانی کرێکار" بە شێوەی خۆپیشاندان نەکەنەوە. بەڵام ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکار توانییان ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی بگێرن. هەردوو ڕۆژنامەی یاسایی چینی کرێکار□. پراڤدای بەلشەفیکەکان و لۆچی مەنشەفیکەکان□وتاریان دابەزاد سەبارەت بە ڕۆژی ژنانی جیهان:(٥) وتاری تایبەتی یان نووسی لە سەر ئەوانەی جێگایان دیارە لە ناو بزووتنەوەی ژنانی کرێکار، هەروەها پەیام ناردن بۆ هاوڕێیان لەوانە: ببیل و کلارا زکتین(٦).

لەو ساڵە شومانەی کە ڕێگە بە کۆبوونەوەکان دەگیرا. بەڵام لە پترۆگراد ئەو کرێکارە ژنانەی کە ئەندامی پارتی بوون کۆڕی جەماوەریان ڕێکدەخست لە سەر "مەسەلەی ژنان" چوونە ژوورەوە نرخی 5 کۆپیکس بوو. ئەم کۆبونەوانە ئەگەر چی نایاسایی بوون، بەڵام هۆڵەکان بە تەواوی جمەیان دەهات لە خەڵک. ئەندامەکانی پارتی باس و کۆر یان پێشکەش دەکرد. بەڵام ئەم چالاکی یانە "داخران" کۆبوونەوەکان بە خۆراگری کۆتایی یان پێهات، کاتێ پۆلیس سەرکوتکەرانە ڕێگەی گرت لە وتاربێژان. هەروەها کەوتە ترساندن و هەرەشە و گرتنی قسەکەرانی کۆبوونەوەکان. مانایەکی مەزن و تایبەتی هەبوو بۆ کرێکاران و ژنانی ڕووسیا و جیهان، ئەوانەی ژیانیان بەسەر دەبەن لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی تیزاریزم پێویستە پەیوەست بن بە هەر ڕێگەیەک کە بۆیان دەکرێ بۆ گەیشتن و بەڕێوەبردنی ڕۆژی ژنانی جیهان. ئەمە پەیامێک بوو بۆ لە خەو هەڵسانی ڕووسیا لە ژێر دەسەڵاتی تزاری زیندان و لە سێدارە دان.

لە ساڵی (١٩١٤)دا "ڕۆژی ژنانی کرێکار" لە ڕووسیا باشتر ڕێکخرا. هەردوو ڕۆژنامەی کرێکاران پەیوەست بوونی خۆیان ڕاگەیاند بە مەراسیمەکە. هاوڕێیانی ئێمە گەلێک سەختی و دژواریان چەشت بۆ ڕۆژی کرێکارانی ژن . لەبەر دەست تێوەردانی پۆلیس ئەوان نەیان توانی خۆپیشاندان بەرێبخەن.ئەوانەی بەشدار بوون لە خۆپیشاندانی "ڕۆژی ژنانی کرێکار" خۆیان بینییەوە لە زیندانەکانی تزاری. هەروەها دواتر زۆربەیان ڕەوانەی باکووری سارد. دروشمی "لە پێناوی دەنگدانی ژنانی کرێکار" ئەمە بە سروشتی بووە هۆی ئەوەی بانگەوازێک بێت بۆ ڕامالینی ئوتوکراسی.

## ڕۆژی ژنانی جیهان، لە دەورانی جەنگی ئیمپریالیستی دا.

جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات، چینی کرێکار لە تەواوی وڵاتان بوونە کەرەسەی ئەم جەنگە(٧). ساڵانی (١٩١٥-١٩١٦) "ڕۆژی ژنانی کرێکار" لە تاراوگە نارازی بوون بوو بەم ڕەوشە□.باڵی چەپی ژنانی سۆسیالیست هەمان تێڕوانینی پارتی بەلشەفیکی ڕووسیا یان هەبوو بۆ گۆڕینی 8ی مارس بۆ خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار لە دژی جەنگ. بەڵام پارتە سۆسیالیستە هەڵپەرستەکان لە ئەلمانیا و لە وڵاتانی تر، ڕێگر بوون لە بەر دەم چالاکییەکانی ژنانی سۆسیالیست لە ڕێکخستنی ئاپۆرە جەماوەری یەکان. هەروەها ڕەتکردنەوەی دانی پاسەپۆرت بە ژنانی سۆسیالیست بۆ وڵاتانی بێلایەن لە کاتێکدا ژنانی کرێکار داوای کۆبوونەوەی جیهانییان دەکرد بۆ ئەوەی بە بۆرژوازی نیشان بدەن ئازایەتی و جەسووری هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بەردەوامە.

لە ساڵی (١٩١٥)دا تەنها لە نەرویج توانیان خۆپیشاندانێکی جیهانی بەرپابکەن لە ڕۆژی ژنان کە نوێنەری ڕووسیا و وڵاتانی بێلایەن ئامادە بوون. ئەوان پێیان وانەبوو ڕۆژی ژنان ڕێکبخرێ لە ڕووسیا لە بەر دەسەڵاتی تزاریزم و میلیتاریزمدا.

ئەو ساڵە، ساڵی (١٩١٧)ی مەزن، برسیەتی، ساردی، ناعەدالەتی، جەنگ، بەستەڵەکی ئارامی کرێکارانی ژن و ژنانی جۆتیاری ڕووسیای تێک شکاند. لە (٨) ی مارسی (١٩١٧)دا لە ڕۆژی ژنانی کرێکار، ئەوانەی ڕژانە سەرشەقامەکانی پترۆگراد. ژنان□. بەشێک لە کرێکاران، هەروەها بەشێک لە خێزانی سەربازان بوون□. داخوازی یەکانیان ئەمانە بوون "نان بۆ مناڵەکانمان"، "گەڕانەوەی هاوسەرەکانمان لە بەرەکانی جەنگ". لەو کاتە یەکلاکەرەوەیەدا خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار ترس و هەڕەشەی خستە نێو دەسەڵاتداران و بە تایبەتیش هێزی ئاسایشی تزاری، کە نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن لە دژی یاخیبووەکان، بەڵام سەیریان دەکرد و نەیان دەزانی چ بڕیارێک دەربکەن. چونکە لە بەرامبەری یاندا خەباتی جەماوەری شەپۆلی دەدا وەکو گەردەلولاوی دەریا.

ڕۆژی ژنانی کرێکار لە ساڵی (١٩١٧)دا بوو بە ڕۆژێکی لە بیرنەچوو وە لە مێژوودا. لەو ڕۆژگارەدا ژنانی ڕووسیا بوون بە مەشخەڵی بەرزکردنەوەی شۆڕشی کرێکاری و هەڵکردنی ئاڵای شۆڕش لە جیهاندا. شۆڕشی شوبات لەم ڕۆژەدا دەستی پێکرد.

## بانگەوازی ئێمە بۆ تێکۆشان

"ڕۆژی ژنانی جیهان"، (١٠) ساڵ لەمەوبەر پێک هات وەکو کەمپینێک بۆ یەکسانی سیاسی بۆ ژنان و خەبات کردن بۆ سۆسیالیزم. ئەم ئامانجانە بە دەست هاتن لە ڕێگای چینی کرێکاری ژنانی ڕووسیا.

لە کۆماری سۆڤیەتی ژنانی کرێکار و جووتیاران پێویستی یان بەوە نەبوو خەبات بکەن بۆ مافی دەنگدان یاخود مافە مەدەنی یەکان. ئەوان هەر ئەو کات ئەم مافەیان بە دەست هێنابوو.

کرێکارانی ڕووسیا و ژنانی جووتیار هاونیشتیمانی یەکسانن□□.دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە ئەوەش کارەکانی ئاسان کردوون بۆ تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشتر. مافی دەنگدان بەشێکە لە دەسەڵاتی سۆڤیەت و تەواوی ڕێکخراوەکان(٨).

ئەم مافانە بە تەنها بەس نیە. ئێمە پێویستە فێر بین چۆن ئەم مافانە بەکاربێنین، مافی دەنگدان چەکێکە پێویستە فێری بین چۆن بە قازانجی خۆمان بەکاری دەهێنین، بۆ شتی بەکەڵک و کۆماری کرێکاری.

لە ماوەی (٢) ساڵ دەسەڵاتی سۆڤیەتی دا ژیان بە تەواوەتی هەمووی نەگۆڕاوە، ئێمە لە پرۆسەی خەبات داین بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم هەروەها ئێمە لە دونیایەک دەژین هێشتا تاریکی و سەرکوتکردنی ڕابردوو لە ناو نەچووە. کۆتی خێزان، کاری نێوماڵی ژنان، لەشی فرۆشی قورسای زۆری هەیە لە سەر ژنانی کرێکار. ژنانی کرێکار و ژنانی جووتیار کاتێ دەتوانن ڕزگاریان بێت لەم هەلومەرجە و یەکسانی هەمەلایەنە بە دەست بێنن لە ژیانی خۆیاندا، نەک تەنها لە یاسا، ئەگەر هەرچی هێز و توانایان هەیە بیخەنە کار بۆ گواستنەوەی ڕووسیا بۆ کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی.

بۆ هاتنی بە خێرایی ئەم ڕۆژە، ئێمە پێویستە یەکەمین شت تێکشکانی ئابووری ڕووسیا ڕاست کەینەوە. ئێمە پێویستە بیر لە ڕێگا چارەیەک بکەینەوە بۆ ئەم دوو ئەرکە ڕاستەوخۆیە□ بنیاتنانی بە چاکی ڕێکخستنی هێزی هۆشیاری سیاسی کرێکاران و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. ئەگەر هێزی کرێکاران بجولێ بە شێوەیەکی باش ئێمە سەرکەوتن بە دەست دێنین جارێکی تر دەبینەوە خاوەن شەمەندەفەری هەڵمی: شەمەندەفەری هاتوچۆ دەست بەکاردەکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کرێکارانی ژن و کرێکارانی پیاو نان و داری سوتان بە دەست دێنن.

گەڕانەوەی هێلی هاتوچۆ بۆ قۆناغی ئاسایی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم خێرا دەکات. هەروەها سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەندە بە تەواو بوونی بنچینەیی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان. بۆیە پێویستە پەیامی "ڕۆژی ژنانی کرێکار" ئەم ساڵ ئەوە بێت: کرێکارانی ژن، ژنانی جووتیار، دایکان، هاوسەرەکان، خوشکەکان، ئەو هەموو تێکۆشانەی یارمەتی کرێکاران و هاوڕیان نیگەرانیەکان هەرەس پێ دێنی سەبارەت بە شەمەندەفەری هاتوچۆ و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. هەموومان لە تێکۆشان داین لە پێناوی بە دەست هێنانی نان و داری سوتاندن و کەرەستەی خاو".

ساڵی ڕابردوودا دروشمی ڕۆژی کرێکارانی ژن ئەمە بوو."هەموو شتێ لە پێناوی سەرکەوتنی بەرەی سوور"(٩).

ئێمە ئێستا بانگەوازی کرێکارانی ژن دەکەین بێنە مەیدان بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان لە بەرامبەر بەرەی زەردی تازە□..بەرەی کرێکاری! سوپای سوور دوژمنی دەرەکی تێک شکاند لە بەرئەوەی ڕێکخراوبوو، بە دیسپلین بوو هەروەها ئامادە بوو بۆ قوربانی دان بەخۆ. لە گەڵ ڕێکخستن. کاری زۆر، دیسپلین، هەروەها قوربانی دان بەخۆ، کۆماری کرێکاران هەرەس پێهێنانی دوژمنی ناوخۆ بوو□.لە جێ چوونی هێلی هاتوچۆ و ئابووری، برسیەتی، ساردی، نەخۆشی. "هەموو یەکێک بۆ سەرکەوتنی بەرەی بێ خوێن ڕشتنی کرێکاران! هەموو یەکێک بۆ ئەم سەرکەوتنە!".



## ئەرکە تازەکان لە ڕۆژی ژنانی کرێکار

شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکسانی دا بە ژنان لە گەل پیاوان تارادەی پێویستی مافە شارستانی یەکان. ژنانی پرۆلیتاری لە ڕووسیا چەند ساڵ لەمەوبەر دەیان نالاند بە دەست بەدبەختی و چەوسانەوە، بەڵام ئێستا لە کۆماری سۆڤیەتی دا دەتوانن بە شانازی یەوە نیشانی هاوڕێیانی یان بدەن لە وڵاتانی تر ڕێبازی یەکسانی سیاسی لە گرەوی بنیاتنانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتی شوراکانە.

ئەم حالەتە لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی تر جیاواز بوو، لەوێ هێشتا ژنان زیاد لە پێویست کار دەکەن و بێبەشن. لەم وڵاتانەدا دەنگی ژنان گڕەو مردووە. لە ڕاستیدا لە وڵاتانی بێلایەن □. لە نەرویج، فەرەنسا، فینلەند، لە هەندێ وڵاتانی ئەمریکای باکوور□□ژنان مافە شارستانییەکانیان بە دەست هێناوە هەتا پێش دەست پێکردنی جەنگیش(١٠).

لە ئەلمانیا، دوای ڕووخانی قەیسەر و بنیاتنانی کۆماری بۆرژوازی، سەرکردایەتی کردنی ناوەندی(١١) لە (٣٦) ژن کە چوونە ناو پەرلەمان□.. بەڵام یەک دانەشیان کۆمۆنیست نەبوون.

لە ساڵی (١٩١٩)، لە بەریتانیا ژنانێک بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام ئەو کەسە کێ بوو؟ ئەو (خانمە) ئەمەش مانای ئەوەیە موڵکدار یان ئەرستوکرات بوو(١٢).

لە فەرەنسا، هەروەها مەسەلەیەک هاتە پێشەوە دواتر درێژکرایەوە بۆ مافی دەنگدانی ژنان، بەڵام چۆن ئەم مافانە بە کاردێنین بۆقازانجی ژنانی کرێکار لە چوارچێوەی پەرلەمانی بۆرژوازی؟ لە کاتێک دا دەسەڵات لە دەستی سەرمایەدارەکان و موڵکدارەکان دا بێت، بە هیچ جۆرێک مافە سیاسیەکان ناتوانی ژنانی کرێکار بپارێزێ لە جێگاو شوێنی کۆیلەتی یان لە ماڵ و لە کۆمەڵگە. بۆرژوازی فەرەنسی ئامادەیە بەرتیلێکی تر فڕەدەن بۆ چینی کرێکار، لە ترسی گەشەسەندنی بیروباوەری بۆلشەفیکەکان لە نێو کرێکاران: ئامادە بوون مافی دەنگدان بدەن بە ژنان(١٣).

## مستەر بۆرژوازی□.کاتت بەسەر چوو!

دوای ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، بە تەواوی ڕۆشنە بۆ ژنانی کرێکار لە فەرەنسا، بەریتانیا هەروەها لە وڵاتانی تر تەنها دەسەڵاتی چینی کرێکاران، دەسەڵاتی شوراکان زامنی پاراستنی یەکسانی هەمەلایەنەیە. گەورەترین سەرکەوتنی کۆمۆنیزم پچڕان و هێنانە خوارەوەی دەسەڵاتی دونیای کۆنە□□□.ئەگەر ئەرکی "ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار" لە دەورانی پێش ئێستا لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی باڵای پەرلەمانی بۆرژوازی خەبات بوو لە پێناوی مافی دەنگدانی ژنان، ئەوە ئەرکی ئێستای چینی کرێکار بریتی یە: لە ڕێکخستنی ژنانی کرێکارە لە دەوری دروشمی ئەنتەرناسیونالی سێیەم. گوێ لەم بانگەوازەی ڕووسیا بگرن.

"ژنانی کرێکار لە سەرتاسەری دونیا! خۆتان ڕێکخەن و بەرەیەکی یەکگرتووی پرۆلیتاری بنیاتبنێن بۆ تێکۆشان لە دژی ئەوانەی ئەم جیهانە تاڵان دەکەن!

بروخێ پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی!

پیرۆز بێت دەسەڵاتداری شوراکان!

لەناوچێت نایەکسانی و چەوساندنەوە لە نێوان ژن و پیاودا!

ئێمە لە خەبات داین لە گەڵ کرێکاران بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیونالی!

ئەم بانگێشە بۆ یەکەم جار لە ناوەندی هەوالەکانی نەزمی نوێ، لە بەرەکانی شەری ناوخۆ دەبیسترا، وە دەنگە ژێکانی دڵی ژنانی کرێکاری وڵاتانی تری دەدا. ژنانی کرێکار گوێ دەگرێ و بڕوا دەکا بەوەی ئەم بانگێشەیە ڕاستە. تاوەکو ئەم دواییانەش بڕوایان وا بوو کە ئەگەر توانیان چەند نوێنەرێک بنێرن بۆ پەرلەمان، ژیانیان ئاسانتر دەبێت وە زیاتر بەرگەی ستەمکاری سەرمایەداری دەگرن. ئێستا پێچەوانەکەی دەزانین. تەنها بە لە ناوچوونی سەرمایەداری و بنیاتنانی دەسەڵاتی شورایی دەتوانین خۆمان بپارێزین لە دونیای پڕ لە زوڵم و، شەرمەزاری و نایەکسانی ئەم ژیانە بۆ ژنانی کرێکار لە وڵاتە "سەرمایەدارەکان زۆر قورس کردووە." "ڕۆژی ژنانی کرێکار" وەرچەرخانە لە خەبات کردن لە مافی دەنگدانی ژنان بەرەو ڕۆژێکی جیهانی بۆ تێکۆشانی هەمەلایەنە و ڕەهای ڕزگاری ژنان، ئەمەش مانای تێکۆشانە بۆ سەرکەوتنی شوراکان و کۆمۆنیزم!

## بروخێ دونیای هەژاری و دەسەڵاتی سەرمایە!

لە ناوچێت نایەکسانی، بێ مافی و چەوساندنەوەی ژنان□..میراتی بۆرژوازی جیهانی!

بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی ی جیهانی نێوان کرێکارانی ژن و کرێکارانی پیاو لە خەباتدا

لە پێناوی دەسەڵاتی کرێکاران□□کرێکارانی هەردوو ڕەگەز!

### کورتەیەک لە ژیاننامەی سیاسی ئەلێکسەندرا کۆلنتای:

### ئەلێکساندرا کۆلنتای (١٨٧٢-١٩٥٢)

لە ساڵی (١٨٩٠) پەیوەندی کردووە بە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی دیموکراتی ڕووسیا، چالاکوان بووە لە بزووتنەوەی ژنانی سۆسیالیستی جیهانی، بەر لە ساڵی (١٩١٤) ئەندامی مەنشەفیکەکان بووە. لە ساڵی (١٩١٧) دا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (بەلشەفیەکان) و کۆمیسیاری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی سۆڤیەتی. لەگەل بۆخارین بووە لە فراکسیونی "کۆمۆنیزمی چەپ"، دژی ڕێکەوتننامەی ئاشتی بریست لیتۆفیسک، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی" پۆستی کاری دیبلۆماتیکی پێسپێردراوە لە مەکسیکۆ و لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤی. هاوسۆزی هەبوو لە گەل "ئۆپۆسیۆنیی چەپ" دواتریش گونجا و هاوڕا بوو لەگەلیاندا.

## Notes

1•Tsarist Russia still used the old “Julian” calendar of the Middle Ages, which was 13 days behind the “Gregorian” calendar used in most of the rest of the world. Thus, March 8 was “February 23” in the old calendar. This is why the revolution of March 1917 is called “the February revolution” and that of November 1917 “the October revolution.”. Return To Text.

2• Return To Text.

3•Clara Zetkin was a leader of the German socialist movement and the main leader of the international working women’s movement. Kollontai was a delegate to the international conference representing the St. Petersburg textile workers. Return To Text.

4•This is not accurate. The vast majority of unskilled workers in England, France and Germany could not vote. A smaller percentage of working-class men in the United States could not vote — in particular immigrant men. In the South of the US black men were often prevented from voting. The middle-class suffrage movements in all the European countries did not fight to give votes to either working class women or men. Return To Text.

5•At its 1903 Congress, the Russian Social Democratic Labor Party divided into two wings, the Bolsheviks (which means “majority” in Russian) and the Mensheviks (which means “minority”). In the period between 1903 and 1912 (when the division became permanent) the two wings worked together, unified for a while, split again. Many socialists, including entire local organizations, worked with both wings or tried to stay neutral in the disputes. Kollontai, an active socialist and fighter for women’s rights since 1899, was at first independent of the factions, then became a Menshevik for several years. She joined the Bolsheviks in 1915 and became the only woman member of their central committee. She also served as Commissar of Welfare of the Soviet Republic and head of the Women’s Section of the Bolshevik Party. Return To Text.

6•August Bebel (1840-1913) was a leader of the German Social-Democratic Party. He was a well-known supporter of the women’s movement and author of a classic book on Marxism and women (Die Frauenfrage, translated into English as Woman Under Socialism, which has been translated into many languages. Return To Text.

7•When war broke out in 1914, there was a massive split in the international socialist movement. The majority of the Social Democrats in Germany, Austria, France and England supported the war. Other socialists, such Kollontai, Lenin, the Bolshevik Party and Trotsky in Russia, Clara Zetkin and Rosa Luxemburg in Germany and Eugene Debs in the United States, to name some of the leaders, denounced the pro-war socialists for being traitors to the working class and to the fight for a workers’ revolution. Return To Text.

8•The word “soviet” means “council.” Soviets, or workers’ councils, are democratic bodies in which delegates are elected in factory and neighborhood meetings and are controlled by their sister and brother workers. The representatives of the soviets must report back to their constituency and are subject to immediate recall. Return To Text.

9•After the working class seizure of power in October/November 1917, the Russian workers’ state was faced with two major problems. One was an invasion by thirteen countries, including the United States; the second was resistance by the pro- monarchist and pro-capitalist elements in Russia. Primarily under the direction of Leon Trotsky, the soviets created a workers and peasants army, the Red Army, which defeated the forces of counterrevolution. Return To Text.

10•Women had won the right to vote in several of the United States prior to World War I. A federal amendment guaranteeing all women over 21 the right to vote was passed on August 26, 1920. It was not until the 1960s that the last legal barriers to working class people voting in the United States were abolished. Return To Text.

11•The “compromisers” Kollontai is referring to are the Social Democratic leaders who formed a new capitalist government in Germany after the fall of the Kaiser in 1918. They actively supported counterrevolution after coming to office. Return To Text.

12•While the aristocratic Lady Astor was indeed the first woman to serve in the British parliament, the first woman elected to parliament was the Irish revolutionary Constance Markievicz. Together with other members of the Sinn Fein party, she refused to take her seat in the imperial parliament. Return To Text.

13•French women did not finally get the vote until after World War II. Return To Text.

